# پیرۆزبایی سەرۆکی کوردستان لە ١٥هەمینساڵیادی گوڵاندا:




هێژا مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان، بەبۆنەی ١٥هەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە، بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر وستافی گۆڤاری گوڵان کردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان
بەرێزان سەرنووسەر و ستافی گۆڤاری گوڵان

سڵاو و رێز

بەبۆنەی پانزەهەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، پیرۆزبایەکی گەرم ئاراستەی یەکە یەکەی ئێوەی خۆشەویست دەکەم، هیوادارم گوڵان وەك گۆڤارێکی سیاسیی تەمەن درێژ، هەر چۆن رۆڵی لەرێڕەوی رۆژنامەنووسی ئازادی کوردیدا دیارو بەرچاو بووە،لە دەستپێکی ساڵی نوێی تەمەنیدا زیاتر خەمخۆری تەواوکردنی پەیامە پیرۆزەکەی بێت، کە لە پێناویدا دامەزرا، ئێستا گوڵان گەشەکردنێکی دیاری بەخۆیەوە بینیوەو لە ناو گۆڤار و رۆژنامە سیاسیەکاندا سەنگێکی تایبەتی بۆخۆی پەیداکردووە و، چۆتە قۆناخێکی نوێوە و بۆتە سەرچاوەیەکی باش بۆ زانیاری و بڵاوکردنەوەی رای جیاواز، سەبارەت بە پرسە ناوخۆیی و دەرەکیەکان و لە هەمووشیان گرنگتر بەرز راگرتنی پرانسیپ و ئەخلاقیەتی رۆژنامەنووسیە، کە ئەمەش جێگەی ئەوپە دەستخۆشی لە سەرنووسەر و ستافەکەی بکرێت.

لەگەڵ رێز و خۆشەویستیم
مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٠٩/٤/٢٠

# گوڵان ڕێچکەیەکی نوێ بوو لە بواری ڕاگەیاندن بە جورئەتەوە دامەزرا و ئێستاش هەنگاوەکانی بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەری کوردە

**بروسکەی پیرۆزبایی**
**مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بۆ سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانی تێکۆشەر**

بەبۆنەی بیرەوەری ١٥ ساڵەی دامەزراندنی گۆڤارە تێکۆشەرەکەتان گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیوادارین لە پێشکەوتنی بەردەوامدابن، گۆڤارەکەتان لە کاتێکدا دامەزراو دەستی کرد بە بڵاوبوونەوە کە کە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان پڕبوو لە ئاڵۆزی و بە هەوراز و نشێوی زۆردا تێ پەڕی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبێت لە خزمەت گەیاندن بە بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیدا، گوڵان ڕێچکەیەکی نوێ بوو لە بواری ڕاگەیاندن بە جورئەتەوە دامەزرا و جەریئانە ڕەوتێکی نوێی خستە بەرچاوی خوێنەری کورد و بەوەش لاپەڕەیەکی نوێی و شێوازێکی نوێی ڕۆژنامەنووسی چەکەرەی کرد و بەرەو پێشەوەچوو.

ئێستاش هەنگاوەکانی بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەری کوردە و ڕای جیاجیای بیرمەندان و شارەزایانی کورد و خەڵکی بیانی لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان دەکاتەوە ناوەڕۆکی خۆی.

دووبارە داوای سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ گۆڤارەکە دەکەین و ماندوونەبوون و پیرۆزبایی لەسەرنووسەر و دەستەی نووسەران و ستافی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەتان دەکەین هەر لە ڕێگای ئێوەشەوە ماندوونەبوون و دەست خۆشی لە ستافەکانی پێشوو دەکەین و بە ئومێدی ئەوەی گۆڤارەکەتان بە هەستی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە نەتەوە و نیشتمانەکەی بەرگری لە دەسکەوتەکانی گەلەکەمان بکات کە بە خوێن و خەبات بەدیهاتوون، هەروەها لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا سەرقافڵە بێت بۆ خزمەت بە کولتوور و ڕەسەنایەتی بپارێزێ و فەلسەفەی بەردەوام بوونی لە خستنەڕووی ڕاستییەکان و ڕۆشنگەری بێت.

**پیرۆزبێت یادی ١٥ ساڵەی دامەزراندنی گۆڤاری گوڵان**
**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠٠٩/٤/٢٠**



سەرۆ قادر:

# گوڵان ئەزموونێكی ڕەسەنە

خۆشحاڵم دوای ١٥ساڵی بەردەوام لە دەرچوونی گۆڤاری گوڵان بۆچوونی خۆم دەنووسم. بەڕای من لەم بۆنەیەدا جێگای خۆیەتی جارێكی دیكە ئاماژە بە ئامانجەكانی دەركردنی بدەمەوە. گۆڤاری گوڵان وەك ئەزموونێكی تازە لە ساڵی ١٩٩٤ دەستیپێكرد و تازەییەكەشی لە ڕێباز و شێوازی دەرچوون و جۆری ستافەكەشیدا بوو. لە ڕێبازەكەیدا هەندێك تازەگەری هێنا و هەوڵیدا هەنگاوی یەكەم وەكو گۆڤارێكی نارەسمی بەڵام بە پشتیوانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، بەپێی توانا پابەندی مەبدەئی پیشەییبوونی ڕۆژنامەنووسیی بێ و بەخێرایی ڕووداوەكان بگوازێتەوە و ببووە مەكۆیەكیش بۆ بیروڕای جیاواز. لە هەمانكاتدا بە مەسئولییەتیشەوە مامەڵەی لەگەڵ بابەتەكانی خۆی دەكرد. بەردەوام بوونی ئەو گۆڤارە لە ١٩٩٤ تا ئێستا كە دەكاتە ١٥ ساڵ شاهیدی ئەزموونێكی ڕەسەن و سەركەوتووە. ئەگەر گۆڤاری گوڵان پرۆژەیەكی كاتی بۆ ئامانجێكی سیاسی دیاریكراو بایە، لەگەڵ هاتنەدی ئامانجە سیاسییەكە ئەو گۆڤارەش كۆتایی دەهات. وەكو زۆرلەو بڵاوكراوانەی كە دیومانە و ئێستاش لە مەیدانەكەدا دەیانبینین.

گوڵان لە هەموو قۆناغێكدا ڕاستە مۆركی قۆناغەكەی پێوە دیاردەبوو، بەڵام خۆی دەگونجاند و ڕێبازی خۆی بزر نەدەكرد و هەمیشە چاوی لەوە بوو كە ببێتە گۆڤارێكی قورس و زیاتر نوخبەیی بێ، جیا لەوەی كە بایەخی بە كێشە كۆمەڵایەتی و هونەری و هەمە چەشنیەكانیش دەدا و لە پاشكۆی خۆیدا هەڵیگرتوون. ڕەسەنایەتی ڕێبازی گۆڤاری گوڵان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بایەخدانی یەكەمی ئەو گۆڤارە كوردستان و كۆمەڵگای كوردستان و بزووتنەوەی سیاسی كوردستان بووە. هیچ كاتێك لە گۆڤاری گوڵاندا پەلاماردانی ڕەگەزە جیاجیاكانی كولتوری كوردستان جێگای نەبووتەوە بەڕێزەوە هەمیشە هەوڵی داوە گفتوگۆی هەموو شتەكان بكات. گوڵان لە گفتوگۆكردنداهیچ پیرۆزییەكی لەلای خۆی دانەناوە بەڵام هەرگیز شیعاری شكاندنی شتە پیرۆزەكانیشی هەڵنەگرتووە چونكە ئەوە لەگەڵ سروشتی كولتووری كوردستان زۆر گونجاوە. هەربۆیە دەبینی گوڵان جگە لە كاروباری سیاسی ئەمڕۆ، گرنگی زۆری بە ڕێبازە جیاجیاكانی بیری ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان و لاباڵە سیاسیەكانی ناو بزوتنەوەی سیاسی دوای ڕزگاری و ناو حكومەتی هەرێمی كوردستان و پەرلەمانی كوردستان داوە، جگە لەوە گوڵان هەمیشە ئاوڕی لە بەسەركردنەوەی كاروباری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان بە گشتی لەهەر چوار پارچەكەشدا و ڕەخنە یان ڕەزامەندی بابەتەكانی گوڵان بۆ بابەتێكی دیاریكراو هەمیشە لە گیانی هەستكردن بە مەسئولییەت بەرامبەر بە وڵاتە. گوڵان هەمیشە بەرچاوی ڕوون بووە پێویستە سەروەری ئەم وڵاتە هەبێت ئینجا دەتوانین باسی دیموكراسی و ئازادی بكەین، دەبێ سەربەخۆییمان هەبێت تاكو ڕەخنە لە دیاردە جیاجیاكانی ناو كۆمەڵگا و كولتوری وڵاتەكەمان بگرین.

ئەمڕۆ دوای ١٥ ساڵ دەبینین گوڵان هەنگاوێكی زۆری بەرەو ئەو ئامانجانە هاویشتووە كە ئێمە كۆمەڵێك گەنج لە ساڵی ١٩٩٤ لەبەرچاومان بوو ئەویش ئەوەبوو ببێتە گۆڤارێكی سیاسی ڕێكوپێك و بەناز و دەوڵەمەند لە ناوەڕۆكدا. دەبینین ئەمڕۆ گوڵان وایلێهاتووە، یەكێكە لە گۆڤارە جوانەكانی ئەم وڵاتە، لە ڕووی تەكنیكی و ستافەوە لە نوێ و، گەنج كاری تێدا دەكەن هەر لە سەرنووسەرەوە تا دەگاتە ڕۆژنامەنووسەكانی دیكەی، لە هەمان كاتدا لەڕووی تەكنیكی چاپیشەوە لە ریزی گۆڤارەكانی ئەم سەردەمەیە و بووەتە گۆڤارێكی سیاسی و فكری هاوكات لەگەڵ ڕووداوەكانی هەفتە. گۆڤارێكی لە پێشەوەیە، بۆیە لەم بۆنەدا سوپاسی ئەو كەسانە دەكەم كە لە ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ من دەستیان بە دامەزراندنی ئەم گۆڤارە كرد و هەموومان بە شێوەی جیاجیا دەورمان هەبووە لەدامەزراندنی، لەوانە بەڕێز بەدران ئەحمەد و بەڕێز فیصل دەباغ و بەڕێز بێوار عەبدولڕەحمان. ناشتوانم لە ڕووی كاروباری هونەری و دیزاینەوە باسی دەوری هونەرمەند محەمەد ساڵەیی و بەڕێز محەمەد قادر نەكەم. لە كۆتاییدا دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە سەرنووسەری ئێستا و و نووسەر و ڕۆژنامەنووسەكانی هاوكاری دەكەم و هیوادارم ئەوان گۆڤاری گوڵان بكەنە سەرەتا بۆ پرۆژەیەكی گەورەتر و لە مێژووی وڵاتەكەماندا تا ئەو كاتەی كە دەكرێ بمێنێت و بەردەوام بێت.

●●●
ئەمڕۆ گوڵان وایلێهاتووە، یەكێكە لە گۆڤارە جوانەكانی ئەم وڵاتە
●●●

●●●
گوڵان لە گفتوگۆكردنداهیچ پیرۆزییەكی لەلای خۆی دانەناوە بەڵام هەرگیز شیعاری شكاندنی شتە پیرۆزەكانیشی هەڵنەگرتووە
●●●

●●●
گوڵان هەمیشە بەرچاوی ڕوون بووە پێویستە سەروەری ئەم وڵاتە هەبێت ئینجا دەتوانین باسی دیموكراسی و ئازادی بكەین، دەبێ سەربەخۆییمان هەبێت تاكو ڕەخنە لە دیاردە جیاجیاكانی ناو كۆمەڵگا و كولتوری وڵاتەكەمان بگرین
●●●

# گوڵان و میتۆدی مەعریفە



فوئاد سدیق

دووسەبەی یادی ١٥ ساڵەی هەفتەنامەی گوڵان ە

ئەو کاتەی گوڵان دەرچوو لەم کوردستانە یەك رۆژنامەو گۆڤاری بەناو ئەهلی و ئازادیش نەبوو، گوڵان ئەم چەخماخەی لێدا،لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی رابردووشیدا چەخماخەیەکی تری لێدا، ئەو چەخماخەیە بووە مۆرك و میتۆدێك بۆ گوڵان و دواتریش زۆر رۆژنامەو گۆڤاری تر بە باشیان زانی پەیرەوی لەو میتۆدە بکەن. میتۆدێك بۆ شێوازی راپۆرت نووسین، میتۆدێك نە رەفزکردنەوەی پێشوەختەیە، نە پیا هەڵگوتنە، میتۆدێك تەنها پشت بە داتاو زانیاری دەبەستێ، بێ ئەوەی یەك وتاری وەرگێردراومان هەبێ کە سەرچاوەکەی لە گۆڤارێك یا رۆژنامەیەکی بڵاوکراوەوە هاتبێ، میتۆدێك بڕوامان بە گفتوگۆی زانستیانەو هێمنانە هەیە،بۆ گەیشتن بە حەقیقەت بێ ئەوەی بوختان بۆ کەس یا بۆ هیچ لایەنێك دروست بکەین. ئاخر ئیتر نابێ راستییەکان با تاڵیش بن لە خەڵکی بشارینەوە.

گوڵان بە ئەرکی نیشتمانی خۆی دەزانی ئەو کاتەی سووپای تورك سنووری هەرێمی کوردستانی دەبەزاند، ئێمە لە ئەستەنبوڵ گەورە رۆشنبیرانی تورکمان دەدواند و پشتگیری ئەوانمان مسۆگەردەکردو راستەوخۆ خافیر سۆلانامان دەدواند و هەواڵی سنووربەزاندنی سووپای تورکمان پێدەگەیاند و ئەویش نیگەرانی و نارەزایی خۆی دەردەبڕی بەرامبەر هەر ئاڵۆزییەك کە بۆ هەرێمی کوردستان دروست ببێ و لە گوڵان بڵاوماندەکردەوە..

ئەمرۆ کاری رۆژنامەنووسیی تەنها گواستنەوەی هەواڵ نییە، چ جای ئەوەی ئەو هەواڵە زۆر جاریش بێسەروبەر بێ، چ جای ئەوەی ئەو هەواڵە دژی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیشمان بێت. بۆیە گوڵان لەجیاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی رووت، هەمیشە بەدوای رەهەندەکانی هەواڵەکان چووین، هەمیشە پێشینەو ئایندەی رووداوەکانمان گفتوگۆکردووە، هەر ئەوەش کاری پرۆفیشناڵانەیە.

گوڵان سەربڵندە بەوەی کە یەکەم بڵاوکراوەی کوردی بووە گەورە رۆشنفکرو نووسەرانی تورکی دواندووەو نەخشەی نوێی بۆ میدیای کوردی کێشاوەو دواتر لێرەو لەوێ بڵاوکراوەی تر بە باشیان زانیوە لاسایی بکەنەوە، ئەرشیفی گوڵان و تەواوی بڵاوکراوە کوردییەکانیش لەبەردەستمانن بۆ سەلماندنی ئەو راستییانە.

ئێمە لەگەڵ خودی ستافی نووسەران و داڕێژەرانی راپۆرتی بەیەکەر —هاملتۆن دیمانەی تایبەتیمان دەکرد، پەنامان بۆ هیچ سەرچاوەیەکی بڵاوکراوەی رۆژئاواییش نەدەبرد. قونسوڵی ئەمریکا لە عەنکاوە زۆر مەبەستی بوو سەردانی گوڵان بکات، ئیتر دوای پەیوەندیکردنیان و دیاریکردنی کات هاتن بۆ لامان، ئەوانیش وتیان بەلامانەوە سەیرە کە ئێوە چۆن دەتوانن ئەو گەورە سیاسەتمەدار و پسپۆرانەی ئەمریکاو بەریتانیا بدوێنن، لەکاتێکدا وەك ئەوان دەیانوت ئەم کەسانە مانشێتی سەرەکی رۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەمریکان.

بەڵام ئایا ئەمە قۆناخی کۆتاییە و دەبێت ئیتر دەستەوەستان بین؟ ئەی مەگەر ژیان و شارستانێتی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر لە خزمەتی مرۆڤایەتی نەبن .داهێنان کۆتایی نایە،وەك فیکتۆر هوگۆ و لینین دەڵێن ژیان سەوزەو تیۆر خۆڵەمێشییە، واتا هەموو تیۆرەکان تەنها بۆ سەردەمێك زیندوون و دواتر دەمرن، بەڵام ژیان هەمیشە سەوزو بەردەوامە،بۆیە داهێنانیش هەمیشە بەردەوامە، گوڵان تا رادەیەك لە ماوەی ئەو دووساڵ و نیوەی رابردوویدا هەوڵیداوە مەعریفە ببەخشێ، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە خواستی ئێمە ئەوەندە نەبووە، لە دەستپێکی ساڵی نوێدا کە پێ دەنێینە ساڵی ١٦ مین، گرنگی زیاتر بە بەخشینی مەعریفە دەدەین، با هەر (٥٠٦)گۆڤارو (٢٨١) رۆژنامەو(٤٩) بڵاوکراوەی جۆراو جۆر لە کوردستان دەربچن، گرنگ ئەوەیە ژمارەی گۆڤارو رۆژنامە باشەکان ناگەنە پەنجەی دەستێك، ئاخر داهێنان و مەعریفە بەخشین کاری ئاسایی نین .

گوڵان هەوڵدەدات لە (٦) مانگی داهاتوویدا،گرنگی زیاتر بە مەعریفە بدات، دەبێت ئەو رچەیەش بشکێنین وەك چۆن لەگەڵ دروستبوونیدا توانی زەمینەی رۆژنامەگەریی ئازاد بهێنێتەدی، توانی خوێنەری کورد لەسەر راو رای جیاواز ئاشنا بکات، ئاوەها کاتی ئەوە هاتووە دیالۆگ بە مەعریفەوە بۆ پرسە گەرمەکان و سیاسەتی نیشتمانیمان بکەینە کاڵای پڕ بە باڵای گوڵان.

لێرەوە دەبێ لە ناخەوە رێزی زۆر و سوپاسی گەرمی برای خۆشەویستم کاك سەرۆ قادر بکەم کە دامەزرێنەرو داڕێژەری رەوت و ئاراستەی گوڵان بوو، توانی رچەی کۆن لە بواری رۆژنامەگەری کوردیی بشکێنێت و بناغەیەکی پتەوی دامەزراند، کە ئەگەر ئەو بناغەیە نەبوایەو ئەگەر ئێستاش پشتگیری کاك سەرۆ قادر کە هەمیشە وەك هاوکار نەك بەرپرس مامەڵەمان لەگەڵ دەکات و هاوکاریمان دەکات، هەروەها ئەگەر چەند برایەکی خۆشەویست و حەق خواز و پەرۆشی رۆژنامەگەری کوردیی وەك برایانی خۆشەویستم کاك کاروان ئاکرەیی وکاك فەیسەڵ دەباغ و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان نەبوونایە، رەنگە گوڵان نەیتوانیبایە ئەو میتۆدە نوێیە دابنێت و بە ئاراستەیەکی دیکە برۆیشتایە.

ئەمە مێژووە نابێ ماندوو بوونی ئەوان ون بکرێت .

# گوڵان و چەند پەیڤێكی گوڵانی



فەیسەڵ دەبباغ

بەدرێژایی تەمەنی نووسین و رۆژنامەنووسیم ، كە دەگاتە ٣٧ ساڵی رەبەق، بەقەدەر ئەمڕۆ لەو پیشەیەی خۆم پەشیمان نەبوومە، ئەمەیش هۆكاری خۆی هەیە.

یەكەم وتارم ساڵی ١٩٧٢ لەرۆژنامەی (التآخي) بڵاوكرایەوە، ئیتر لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ (بێجگە لە ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩٠ كە فیراری عەسكەری بووم و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ژوورێكی ٣×٤ مەتریدا خۆم حەشار دابوو، بێجگە لە خوشك و براكانم كەسی دیكەم نەدەدی، بێ وچان خزمەتی نەتەوەكەم كردووە، هەتا لەماوەی فیراریم و لەو ژوورەی كە خۆم حەشاردابوو، خەریكی دانانی شاكارەكەم بووم و توانیم (ئینسكلۆپیدیای ئابووری) یەكەم تەواو بكەم، كە بەیەكەم ئینسكلۆپیدیای ئابووری دادەنرێ لەمێژووی كورددا و خۆشبەختانە هەر پاش چاپكردنی لەلایەن دەزگای موكریانەوە دانەكانی لەبازاڕ نەمان و ئێستاش ماوە نا ماوە دەزگاكانی چاپ و بڵاوكردنەوە داوای لەچاپدانەوەی دەكەن.

لەماوەی ژیانی سیاسی و رۆژنامەنووسی و نووسینمدا وەكو هەر مرۆیەك بێ هەڵە نەبوومە، هەندێ جار بارەكە وای لێ دەكردم كە تووشی هەڵەبم، چۆن تووشی هەڵە نەبم كە باوكم عائیدون بوو، مامە گەورەم هەروا، چاودێرییەكی وردمان لەسەر بوو، دامەزراندن پێویستی بە تەزكییە هەبوو، ١٢ سەر خێزان چاویان لەدەستی من بوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەر زوو لەو هەڵەیە خۆم رزگار كردو خۆم نەدۆڕاند، رەنگە ئەو نووسینە لەگەڵ یادی دامەزراندنی دەزگایەكی پڕ ئەزموونی وەك گوڵان زۆر نەگونجێ، بەڵام ئەوەی راستی بێ لەمێژ بوو حەزم دەكرد یادەوەری خۆم سەبارەت بە ژیانی رۆژنامەنووسیم بەتایبەت لەگوڵان بنووسم كە بەباوەڕی من گوڵان نەك هەر دەزگا بوو، بەڵكو قوتابخانەیەك بوو بۆ خۆی و توانی لەماوەیەكی كورتدا سەدان كادیر ئامادە بكات كە ئێستا بەسەر كەناڵەكانی راگەیاندندا دابەش بووینەو هەریەكەو بەپێی پێگەی خۆی خزمەت دەكات.

یەكێك لەشانازییەكانی من لەبواری نووسین و رۆژنامەوانیدا گۆڤاری گوڵان و دەزگای گوڵانە، یەكەم بەشداریم لە ژمارە (٥)ی ئەو گۆڤارە بوو كە ئەوكات رۆژنامەبوو، ئەو بەشداریەشم تاساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو، كاتێ بە ئارەزووی خۆم دەستم لەكاركێشایەوە، كە ئەو كات زۆر ئەستەم بو بۆ كەسێكی وەكو من كە كەسی دووەمی دەزگایەكە بێ و بەرێوبەری ئیدارە و نووسینی گوڵانی عەرەبی و ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەكە بێ و دەستیش لەكاربكێشێتەوە.

ئەوكات باوەڕم وابوو كە ئەو دەست لەكاركێشانەوەیەم راست و دروستە، بەڵام رۆژگار فێری كردم كە مرۆ لەهەڵوێستی وادا پێویستە پەلە نەكات و تا دوا هەناسە بەرگری لە پرەنسیپی خۆی بكات، بۆیە ئەو دەست لەكاركێشانەوەیەم بەیەكێك لەو هەڵانەی خۆم دادەنێم.

دەزگای گوڵان ئەو كات وەكو ئێستا نەبوو، دەزگایەكی گەورەو فراوان بوو، خاوەن تەلەفزیۆن و رادیۆو هەفتەنامەی گوڵان و گۆڤاری گوڵانی عەرەبی و گۆڤاری رامان و ئێوارەگوڵان بوو، راستە هەر پاش دامەزراندنی ئەو دەزگایە شەڕی ناوخۆ بەرپابوو، دەزگایەكەش بەوەش تۆمەتبار كرا كە گوایە هەڵگیرسێنەری ئەو شەڕەیە، بەڵام لەراستیدا وانەبوو، خۆ ئێستا نەك دەزگا بەڵكو چەند گۆڤارێك هەمان رێچكەی پێشووی گوڵان دەبینن، كەچی كەس بەوە تۆمەتباریان ناكات، كە گوڵانیان پێ تۆمەتبار دەكرد,

هەموو لایەنە سیاسییەكان بە پارتیشەوە حیسابێكی وردیان بۆ ئەو دەزگایە دەكرد، بەڕاستی لێی دەترسان، ئەمیش بۆ لێهاتوویی و كارامەیی و توانای كادیرە سەرەكییەكانی دەگەڕایەوە، كە قورساییەكیان دابووە دەزگایەكە، بەڵام دواتر بەداخەوە ئەو قورساییەی خۆی لەدەست دا، كە ئەمەیشیان هۆكاری خۆی هەبوو، دەزگایەكە پەرت كرا، رامان بوو بەدەزگایەك و هەروا سەبارەت بە هەفتەنامەی گوڵان و رادیۆ و تەلەفزیۆنەكەشی بوون بە دەزگایەكی تر، پاش دابڕانم لەگوڵان و دانیشتنم بۆ ماوەی یەك ساڵ و دواتر كاركردنم لەدەزگایەكی تر، ئەو پەرەسەندنە رێگر نەبوو لەوەی كە دڵم هەر لەلای گوڵان بێ، بەڵام خۆ بەزلزانینەكەم وایلێكردم كە نووسینەكانم نەنێرمە ئەو دەزگایە تا ئەوكاتەی كە براو دۆستی خۆشەویستم كاك فوئاد سدیق سەرنووسەرایەتی گۆڤارەكەی وەرگرت و ئیتر توانی قەناعەتم پێ بێنێ سەر لەنوێ نووسینەكانم لەو گۆڤارە بڵاوبكەمەوە كە شكور بۆ خوا ئێستا جێی رەزامەندی نووسەرو سیاسەتكارانەو رۆژانە ستایشی ئەو نووسینانەم دەكەن كە دواترینیان و بەر لەچەند رۆژێك ستایشی مامۆستا د. كوردستان

موکریانی بوو کە گوتی بەردەوام نووسینەکانت دەخوێنمەوە، بەڕاستی قەڵەمێکی سەردەمیانەت هەیە، کە ئەمیش بۆمن شانازییەکی گەورەیە لەمامۆستایەکی گەورە، هەروا لەو ڕۆژانەشدا سیاسەتکارێکی گەورەی خۆمان کە نامەوێ ناوی بهێنم و سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و لەبەردەم چەند سیاسەتکارێکی گەورە گوتی: باشترین وتارم لەسەر ئەو هەڵبژاردنە خوێندبێتەوە نووسینەکەی کاک فەیسەڵ بوو، بەڕاستی کاک فوئاد سدیق توانی لەماوەیەکی کورتدا ڕێچکە لاوازەکەی گوڵان بگۆڕێ و بیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە ئەمڕۆ دەیبینین، بۆ مێژووش دەڵێم: من و کاک فوئاد لەسەنتەری برایەتی یەکترمان ناسی و بەهۆی کارکردنمانەوە لەو گۆڤارە هەستم دەکرد ئەو پیاوە خاوەن توانایەو ئەو توانایەشی زیاتر لە گۆڤاری هەولێر بۆم دەرکەوت کە پێکەوە دەرمان دەکرد و شەهید فرنسۆ هەریریش خاوەن ئیمتیازی بوو، گۆڤاری هەولێر نەک هەر گۆڤار بوو، بەڵکو وەکو ئینسکلۆپیدیایەک بوو بۆ هەولێر، بەشەونخوونی هەردوولامان و بێ بەرامبەر دەرمان دەکرد، خۆشەویستی هەولێر هەردوولامانی کۆکردبۆوە، پاش شەهیدبوونی فرنسۆ هەریری، ماوەیەک ئەو گۆڤارە لە دەرچوونی وەستا، بەڵام بەهیمەتی شەهید شەوکەت شێخ یەزدین جارێکی دیکە دەرچوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی شەهیدبوونیەوە هەمدیسان ئەو گۆڤارە لەدەرچوون وەستاو ئێستاشی لەگەڵدا بێ کەس خۆی نەکردە ساحێب و گۆڤارەکەش تا ئەو ساتە وەستاوە و دەربارەی وەستانەکەشی چیرۆکێکی تاڵم پێیە، بەڵام نەک ئێستا بەڵکو ئەگەر خوا تەمەن درێژی کردم ئەو چیرۆکەش بۆخوێنەران دەگێڕمەوە.

گۆڤاری هەولێر شانازییەکی دیکەی منی لەکاری نووسین و ڕۆژنامەنووسیمدا، ئێستاش دڵم بۆی لێدەدا، بەڵام ئاخ کە چارە پارەیە.

کاتێک کاک فوئاد وەک سەرنووسەری گۆڤاری هەرێم دامەزرا، توانی ئەو گۆڤارە مردووە زیندووبکاتەوە، بۆیە کە لەگۆڤاری هەرێم تەنها لەبەر هۆیەکی شەخسی لابرا، من و کاک کاروان ئاکرەیی و سەرۆ قادر پێشنیاری ئەوەمان کرد کە ببێتە سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان، چونکە هەرسێکمان لەلێهاتوویی ئەو پیاوە دڵنیابووین و ئیتر فیعلەن توانی گۆڤارەکە بەرەو پێش بەرێت و بیگەیەنێتە ئەو ئاستە بەرزەی کە ئێستا هەیەتی و لێرەدا هەر ئەوەندەی پێدەڵێم: ئافەرین کاکە فوئاد بۆ خۆت و ستافەکەت کە توانیتان بەشەونخونی توانای خۆتانەوە ئەو سەنگە بۆ گۆڤارەکە پەیدابکەن، پیرۆزبێ ساڵیادی گوڵان لەئێوەو خوێنەرانی کوردو هەموو ئەوانەی کەرۆژێک لە ڕۆژان لەو گۆڤارە کاریان کردووە، کە من هەمیشە بە گوڵانییەکان ناویان دەبەم و کاتێ دەشیانبینم دڵم پێیان دەکرێتەوە، لەسەرووی هەموویانەوە کاک سەرۆ قادر وەک گوڵانییەک کە ئەو کات بەرپرسی یەکەمی دەزگا کە بوو، لەوانەیە هەندێ برادەر بڵێن، باشە تۆ شانازی بەدوو شت دەکەی، گوڵان و هەولێر، ئەی بۆ ئەو پەشیمانییە لەتەمەنی ٣٧ ساڵەی نووسین و ڕۆژنامەنووسیت؟

وەڵامەکەی من بۆ ئەو برادەرانە زۆر ئاسانە، کاتێ خۆی کە دوو نووسەر ڕەخنەیان لەیەکتر دەگرت، ئێوارە پێکەوە لەگەڵ یەکتر لەچایخانەی مەچکۆ دادەنیشتن، ڕەخنەی ئەو کات وەکو ئێستا نەبوو، ڕەخنەکە لەچوارچێوەی دەقەکە دەرنەدەچوو، کەسیش عیلاقەی بەباری کەسێتی بەرامبەر نەبوو، بەڵام ئەو ڕۆژگارە وا گۆڕاوە کە مرۆ خەریکە نەک هەر لەو پیشەیەی خۆی پەشیمان ببێتەوە، بەڵکو تفیشی لێ بکات.

من نموونەیەکتان بۆ دێنم و ئیتر بەخۆتان حوکمی لەسەر بدەن: بەر لەماوەیەک کابرایەک لەسایتێکی کوردیدا نووسینێکی دژ بەمن بڵاوکردبۆوە، لەو نووسینەدا نووسیبووی کەگوایە من لەمانگی ئاداری ١٩٨٨ دا و لەبەردەم سەد هەزار کەس و لەگۆڕەپانی پارێزگای هەولێر شیعرێکم بۆ سەددام خوێندۆتەوە..!

یەکەم من قەت شاعیر نەبوویمەو بەدرێژایی ژیانی خۆشم شیعرم نەخوێندۆتەوە، دووەم من هەر وەکو گوتم لە ئاداری ١٩٨٦ تا ٣ی ئەیلوولی ١٩٨٨ فیراری عەسکەری بووم، لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٨٨ خۆم تەسلیم کردەوە و دواتر هەمدیسان تا ساڵی ١٩٩٠ فیرار بووم، ئیتر چۆن یەکێک فیرار بێ و دەوێرێ لەماڵ دەربچێ و شیعریش بۆ سەددام بخوێنێتەوە؟

کابرایەکی تر نووسیبووی : باوکی فەیسەڵ دەباغ کە ئەو کاتەی موختاری دۆلارەوە بوو ٣٧ بارزانی بەکوشت داوە..!

یەکەم باوکی من پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، هەر لەساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٧٥و، قەتیش موختاری دۆلارەوە نەبووە، دۆلاراوەش ئەو کات تەنها دوو ماڵە بارزانی تێدابووە، کە یەکەمیان ماڵی مولازم حەسەن و ئەویتریان نەبی ئاغا، ئیتر چۆن ئەو هەموو بارزانییەی بەکوشتداوە، ئایا بارزانییەکان ئەوانەی کە لێرە مابوون و خەریکی کرێکاری و کاری کشتوکاڵی بوون، دەیانتوانی خانوو لە دۆلاراوە بەکرێ بگرن؟ بۆ ئاگاداری باوکم هەتا ئەو کاتەی کە موختاری شۆڕش بووە هەمیشە خەڵکی پاراستووەو دوو خانەوادە بارزانیشی بەخێو کردووەو لەسەر ئەرکی خۆشی منداڵەکانیانی ناردۆتە مەکتەب کە ئێستا هەندێکیان پلەو پایەیان هەیە و وەکو وەفایەک تا ئێستا سەردانی دەکەن و بەناوی ( بابە)ش ناوی دەبەن، هەروا کابرایەکی تر جارێکیان شەهیدکردنی مامۆستا کۆچەری خستبووە پاڵ باوکم کە

ئەمەشـیان وەکو یەکەم هەر بوختانە، چونکە مامۆسـتا کۆچەر لەرووناکی شەهیدکرا و باوکم تا ئێستا نازانێ ئەو شوێنەی لە گەڕەکەکە کۆچەری پێشمەرگەی لێ شەهید بـوو کەوتۆتە چ لایەکی هەولێـر، کاکە رزگاری کوڕی شـەهید کۆچەریش هەر پاش ئەو نووسـینە، وەڵامێکی ئەو نووسـینەی دایەوە کە تیایدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئـەو خانەوادەکەی دەزانن کێ باوکیانی شـەهیدکردووەو داواشـی کردبوو کە بەخۆڕایی ناوی کەسی تر نەهێنن و هەر بەپێی نووسینەکەشـی گوایە حزبی شیوعی عێراقی باش دەزانێ کە کێ باوکی شـەهید کـردووە، من لێرەدا سوپاسـی کاکە رزگار دەکەم بۆ ئەو روونکردنەوەیەی، من هەموو ئەو کەسـانە دەناسـم کە ئەو جۆرە وتارانە و لەژێر ناوی وەهمیدا بڵاو دەکەنەوە و دەشـزانم کێ لەپشـتیانە، بەدەیان بەڵگەم لەبەردەستە کە ئەو کەسانە رابردوویان چی بووە هەر لەمەفرەزەی خاسـە، هەتا دەگاتە جاشـایەتی و هەروا ناوبانگی خانەوادەیان و لە کوێش پارەیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئەو هەمــوو تۆمەتانە بدەنە پاڵ من و باوکم و مەبەستیشیان لەو کارە تەنها ناو زڕاندنە، بەڵام ئەخلاقیەتی من رێم ناداتێ ئەو شـتانە بڵاوبکەمەوە، چونکە ئەگەر بڵاوم کردەوە ئیتر هیـچ جیاوازییەك لە نێوان من و ئەوان نامێنێ.

با شتێکی سەیرتان بۆ بگێڕمەوە: دوو نووسەر کە ناویان لێرە ناهێنم لەنووسـینیدا دژی یەك بـوون، یەکێکیان زۆر برادەری مـن بوو، بەر لەماوەیەك چووە بەر دلۆڤانی خوا، رۆژێکیان برادەرێك لەرۆژنامـەی (میدیا) تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: ئێسـتا فلانە کەسم لەلا بوو، نووسینێکی لەسـەر برادەرەکەی تۆ هێنابوو بۆ ئەوەی بڵاوی بکەمەوە، لەو نووسـینەدا لەجیاتی ئەوەی رەخنــە لەو برادەرەی تۆ بگرێ و موناقەشـەی بیربۆچوونەکەی بکات، نامەیەکی کچی ئەو برادەرەی تۆی هێناوە کە نامەی خۆشەویستییەو بۆ کەسـێکی نووسـیوەو، دەڵێ دەبێ بۆم بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی حەیای فلانە کەسی پێ ببەم..!!

توخوا پێـم ناڵێن ئەمە چ رۆژگارێکـە کە ئێمە تێیدا دەژین، ئایا حەقی من نییە لەو ٣٧ سـاڵەی خۆم پەشیمان ببمەوە بڵێن تف لەو پیشەیە؟ کەسانێك حکومەت بەگەندەڵ دادەنێـن، کەچی هەر خۆیان پارەی لێ وەردەگرن، باشـە ئەگەر حکومەت گەندەڵە بۆ پارەی لێ وەردەگرن.

بەر لە چەند رۆژێك کەناڵی KNN کابرایەکی هێنابووە سەر شاشەو بەپێخواسـی کەوتبووە سەر گیانی حکومەت و گوایە وایەو وایە، کەچـی هەر ئەو کابرایە بە فیڵێکی شـەرعی بەر لەماوەیەك پارەی لەو حکومەتە وەرگرتبوو، کەسیش نەبوو پێی بڵێ ئەی ئەو هەموو یارمەتییە چی بوو

●●●
**لەیادی گوڵان و ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی تکایەکی برایانە لە هەموو میدیاکان دەکەم، کە لە نووسینەکانیاندا شتی شەخسی و وروژێنەر وەلا بنێن و خۆیان لەو بابەتانە بپارێزن لەمە زیاتر لە رێزوحورمەتی ئەو پیشە پیرۆزە کەم نەکەنەوە**
●●●

کە تۆ لەو حکومەتە وەرتگرتووە بۆ ئاگاداری فۆتۆکۆپی ئەو پارە وەرگرتنەم لەلایە.

ئێستا پیشەی نووسین لەلای هەندێك کەس بووەتە کاری کرێگرتەیـی، واتە دوو بەرپرس حـەز لە یەك ناکەن، ئیتر پەنـا دەبەنە بەر ئەو جۆرە نووسـەرانە و پارەیان دەدەنێ تا لەسـەر بەرامبەر شتی ناڕەوا بڵاو بکەنەوە، واتە لەخەیاڵی خۆیان شـت دروست دەکەن و بڵاودەکەنەوە، بەپێی زانیاریم بەرپرسێك بۆ شکاندنی وەزیرێکی خۆی دەمانچەیەك و ٦ ملیۆن دیناری دابووە نووسەرێکی خزمی خۆی بۆ ئەوەی لەسـایتێکدا ئەو وەزیرە بەگەندەڵی و داوێنپیسی تۆمەتبار بکات و لەچاو خەڵکیدا سووك و ریسوای بکات.

مەبەستم لە هێنانەوەی ئەو هەموو نموونەیە بۆ ئەوەیە کە خوێنەر تێبگات کە نووسین لەو رۆژگارەی ئێمە گەیشتۆتە چ ئاستێکی نزم.

من رێـزم بۆ هەموو ئـەو گۆڤـارو رۆژنامانە هەیە، کـە لەژێر چەتری ئەهلی ئازادیـدا دەردەچێ، هەرچەند هەندێکیـان تێبینیان لەسـەرە کە ئـازاد و ئەهلی بێ، چونکە کەسـەیری گۆڤارەکەیان دەکەیت دەبینی وەرەقەی دەرەجەیەك و مومتازیان بەکارهێناوە دەشـڵێن ئێمە پارە لە کەس وەرناگرین و نرخی فرۆشـتنی گۆڤارەکەش نیوەی تێچوونیەتـی ئیتر چۆن بۆی دەلـوێ، گۆڤاری گوڵان کـە حەوت هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێ و هەمووشـی دەفرۆشـرێ و سـەر بە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنە و گوایە سـەر بەحزبێکی گەورەو گرانە تا ئێسـتا ناتوانێ لەرووی داراییەوە ئەو جۆرە کاغەزەی بۆ دابین بکات.

کاری رۆژنامەنووسـی ئەوە نییە تۆ بێی و بڵێی کوڕی فلانە سەرکردە بەدزی باوکییەوە جگەرە دەکێشێ..! توخوا ئەمە بابەتە بکرێتە بابەتێکی گۆڤارێك کە نووسـەرەکەی تائێسـتا نازانێ نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلوول لە ئاداری ١٩٧٥بـووە نەك ١٩٧٤ و بەڕێز مەسـعود بارزانیش پاش بەیانـی ١١ی ئـادار واتە لە کۆنگرەی هەشـتەم بووەتە ئەندامـی کۆمیتەی ناوەنـدی نەك پـاش گەڕانەوەی مەلامستەفا لە یەکێتی سۆڤیەتەوە..!! من تەمەنم ٥٦ساڵە و هەر لە سـاڵی ١٩٦٧ەوە جگەرە دەکێشم، بەڵام تائێستا جگەرەیەك چییە لە بەردەم باوکمدا نەمکێشاوە، ئەوە مانای ئەوە نییە کە من بە دزی باوکمەوە جگەرە دەکێشـم، باوکم دەزانێ کە من جگەرە دەکێشم و چەند جار بەخۆی پاکەتی بۆ کریوم، ساڵی ١٩٧١- ١٩٧٢ کە شەشی ئامادەیم تەواو کرد من و باوکم پێکەوە سەفەری بەغدامان کرد بۆ ئەوەی ئەوراقی خۆم پێشـکەش بە قبوڵ مەرکـەزی بکەم، بەر لەوەی سواری ئۆتۆمۆبێل ببین لە گەراجەکە چوار پاکەتی بۆ کریم و دایە دەستم، گوتم بابە ئەوە چییە؟ گوتی کوڕم

ڕێیەکە دوورە و ناتوانی بێ جگەرە ئیدارە بکەی، من پێت دەڵێم بکێشە، بەڵام من نەمکێشا ئەویش تەنیا لەبەر ڕێز و حورمەتەکە بوو.

بەڕاستی کە مرۆڤ ئەمڕۆ سەیری ئەو جۆرە گۆڤارانە دەکات هەست بە فەوزایەك دەکات کە تووشی ڕۆژنامەنووسی کوردی بووە، پەتایەکە و لەناو ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بڵاو بۆتەوە، کەسیش ناتوانێ ڕێگری لێ بکات، سەیرەکە لەوەدایە ڕۆژنامەیەك لە سەر زمانی بەرپرسێکی گەورەی ئەم هەرێمە بڵاوی کردبۆوە کە ئەو پشتگیری لە میدیای ئازاد دەکات، پرسیار ئەوەیە: کێ هەیە پشتگیری لەو جۆرە میدیایە نەکات، هەمووماں پێمان خۆشە میدیا ئازاد بێت، بەڵام ئازادییەکی چۆن؟ خۆ ئازادیش پرەنسیپی خۆی هەیە کە نابێ ڕۆژنامە یان گۆڤار لێی دەربچێ، ئەگەر سەیری میدیای بیانی یان هەتا عەرەبیش بکەین ئەوەی لە میدیای کوردیدا دەیبینین لەو میدیا بیانی و عەرەبیانە نایانبینین، کەس عیلاقەی بە باری کەسێتی کەسی دیکە نییە، ئەگەر ڕەخنەش گیرا ئەوا لە چوارچێوەی ئەو کەموکورییە دەگیرێ کە میدیاکە پێی وایە کەموکورییە پێویستە چاك بکرێتەوە، ئەوەی لە کوردستاندا بەدی دەکرێ زۆربەی بابەتەکان دەچنە چوراچێوەی ناوزڕاندنەوە.

جارێکیان برادەرێك لیستێکی بەناوی ئەو نووسەرانە بڵاو کردبۆوە کە گوایە ئەمانە قەڵەمی شەڕی ناوخۆن و پێویستە بێنە موحاسەبەکردن، کەچی هەر ئەو برادەرە لە نووسینەکانیدا هەر جارێ مەسەلەیەك دەوروژێنێ کە بۆنی شەڕێکی دیکەی ناوخۆیان لێ دەکرێ، مەسەلە و ناکۆکییە کۆنەکان دەوروژێننەوە بەبێ ئەوی حیساب بۆ ئەو بارە هەستیارە بکەن کە گەلی کوردستان تێیدا تێپەڕ دەبێ، شوکور بۆخوا خەریکە ئاسەواری شەڕی ناوخۆ نەمێنێ، کەچی ئەو برادەرانە تازە بەتازە دێن و هانی لایەنێك دژ بەلایەنێکی دیکە دەدەن و، لەو ڕووەوەش ئەجێندای وڵاتێکی بیانی جێبەجێ دەکەن، باشە ئەگەر ئەوانەی پێشوو قەڵەمی شەڕی ناوخۆ بن ئەدی بەخۆیان چ دەبن، کرێگرتەی وڵاتێکی بیانی..!! نەك هەر ئەمە و بەس بەڵکو ئەو کەسانە خەریکن کۆنە ناکۆکییەکانی نێوان عەشایەری کورد بوروژێنن، وەك ئەوەی کە پێشتر لە نێوان بارزانییەکان و زێبارییەکاندا هەبوو کە شوکور بۆخوا ئێستا نەماون و هەڵوێستی زۆربەی زێبارییەکانیش لەگەڵ بارزانییەکاندا یەکە و یەك حزبیش کۆیان دەکاتەوە.

ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد نووسیبووی ئێمە ڕێگە بە وڵاتی (....) نادەین دەست لە کاروباری گۆڤارەکەماندا وەربدات وەك ئەوەی لەگەڵ چەند گۆڤارێکی بەناو ئازاد کردویەتی، کەواتە ئەو مەسەلەیە بوونی هەیە و پێویستە خەڵك بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە گۆڤارانەدا بکات.

برادەرێکی دیکە لیستێکی بەناوی ئەو قەڵەمانە بڵاوکردبۆوە کە گوایە ڕۆژێك لە ڕۆژان ستایشی سەددامیان کردووە، بەبێ ئەوەی بزانێ کە زۆر جار لە خودی ڕۆژنامەکە قسەکانیان دەستکاری دەکران یان چەند ڕستەیەکیان بۆ ئیزافە دەکرا و نەشیان دەوێرا بڵێن قسەکانمان دەستکاریان تێداکراوە، من شایەدی بۆ چەند کەسێك دەدەم کە قسەکانیان دەستکارییان تێداکرابوو.

نووسەر هەبووە بە حوکمی وەزیفەی خۆی لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بە سوودە سەددام سەردانی دەزگاکەیان کردووە بۆ تاووتوێکردنی کارنامەی دەزگا، کە لە تەنیشت سەددام دانیشتووە، پاش ڕاپەڕین لەبەر وێنەی ئەو دانیشتنە هەڵایەکیان لەسەر دروست کرد کە گوایە پیاوی سەددام بووە و ئیتر کوردستان بەدەریان کرد و ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە.

ئەگەر ئەو برادەرە بە بڵاوکردنەوەی ئەو لیستە دەیەوێ ئەوانە موحاسەبە بکرێن خۆ دەبێ ٢/٣ی خەڵکی کوردستان بێنە موحاسەبەکردن، بەڵام ئایا ئەمە دروستە؟ خۆ خەڵکانێکی دیکەش بە ئەندازیاری حوکمی زاتی و بەرەڤان ستایشی سەددامیان کردووە، بەڵام ئایا دەکرێ بڵێین ئەوانە هەڵە بووینە؟ نەخێر، هەر سەردەمێك قسەی خۆی هەیە، بەڕای من هەر توێژەرێك ئەگەر بیەوێ سەبارەت بە هەر قۆناخێك بدوێ پێویستە بەدیدی باری ئەو قۆناخە سەیری مەسەلەکان بکات، ئەگەر نا ئەوا زۆرشت تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن.

قەت لە بەرژەوەندی کورد نییە ئەو جۆرە بابەتانە بوروژێنرێن، ئێمە لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بە یەکریزی میللەتەکەمانەوە هەیە، بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەش پێویستە ئاوڕ لە ڕابردوو نەدەینەوە و ڕوو لە ئایندە بکەین.

من لەو ڕۆژە پیرۆزەدا کە یادی گوڵانەو هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی، تکایەکی برایانە لە هەموو میدیاکان دەکەم، کە لە نووسینەکانیاندا شتی شەخسی و وروژێنەر وەلا بنێن و خۆیان لەو بابەتانە بپارێزن کە دەبنە هۆی تێکچوونی یەکریزی گەلی کوردستان و چیتریش سەری خەڵکی بە نووسینی وا نەیەشێنن و لەمە زیاتر لە ڕێزوحورمەتی ئەو پیشە پیرۆزە کەم نەکەنەوە، چونکە کەمکردنەوەی ئەو ڕێز و حورمەتییە کەمکردنەوەیە لە ڕێزو حورمەتی خۆیان و میللەتەکەیان.

داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم نەوەکو سەریانم ئێشاندبێ و هیوای تەمەن درێژیش بۆ گۆڤاری گوڵان و هەموو گوڵانییەکان دەخوازم.

●●●

**گوڵان نەک هەر دەزگا بوو، بەڵکو قوتابخانەیەک بوو بۆ خۆی و توانی لەماوەیەکی کورتدا سەدان کادیر ئامادە بکات کە ئێستا بەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا دابەش بووینەو هەریەکەو بەپێی پێگەی خۆی خزمەت دەکات.**

**یەکێک لەشانازییەکانی من لەبواری نووسین و ڕۆژنامەوانیدا گۆڤاری گوڵان و دەزگای گوڵانە**

●●●














# له ١٥مین ساڵ

# دید و بۆچوونی سیاسەت



# ـرۆژی گوڵان دا

# ــوان و رۆشنفکرانی کوردستان

**فەرید ئەسەسەرد**

گوڵان توانیویەتی ڕێچکەیەکی تەواو جیاواز لەڕۆژنامەگەریی کوردیدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە و دەتوانی کاریگەرییەکی زۆرتر لەسەر رای گشتی بەجێ بێڵێ

**ئاسۆ کەریم**

لەم دوو-سێ ساڵەی دواییدا. ئەو ڕێبازە تازەیە وای لە گوڵان کردووە بە گۆڤارێکی سیاسیی عەقڵانیی بەرپرس بزاندرێ

**ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل**

لەو چەند ساڵەی دواییدا گۆڤاری گوڵان توانی بەشێوەیەکی پیشەییانەو بەرەنگ و دەنگێکی جیاواز خۆی نمایش بکات

**ڕەفیق سابیر**

گوڵان هەوڵدەدات چاودێری بابەتە سیاسییە گرنگەکانی ڕۆژ بکات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان لەبارەوە بکات

**د. محەمەد گەزنەیی**

گوڵان هەر چەند جارێک وتوێژم لەگەڵ گوڵان ئەنجامدابێت ئەوا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە

**عەبدولڕەحمان سدیق**

حەز دەکەم هەفتەنامەیەکی سیاسیی تایبەتمەند بێت هەفتەنامەیەکی سیاسی کوردستانی بێت. ئەوکاتە دەکرێ بەشە کۆمەڵایەتییەکەی و بەشەکانی تری لێ جیا بکرێتەوە

**پەخشان زەنگەنە**

گوڵان ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان

**د. محەمەد سەلمان بەرواری**

گوڵان لەدوولایەن بەرەوپێشەوە چووە، بەتایبەتی وروژاندنی بواری ئابووری و شیکارکردن و پشت بەستن بەزانستی ئابووری

**عزەددین مستەفا ڕەسوڵ**

پیرۆزبایی لە ستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ڕەنج و ماندوبوونیان

**هادی مەحمود**

گوڵان لەم چەند ساڵەی دواییدا جۆرە تایبەتمەندییەکی وەرگرتووە کە لە بڵاوکراوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە

**نەوزاد هادی**

گوڵان روخسارێکی گەشی رۆژنامەگەری کوردییە و یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە بەگەلێک تایبەتمەندی رۆشنبیری و مەعریفی دەناسرێتەوە

**پشتیوان سادق**

بەپێی زانیاری من ڕۆژانە خەڵکێکی زۆریش سەردانی ماڵپەڕی گوڵان دەکەن، کە ئەمەش هەنگاوێکی گەورەیە بەو ئاراستەیە

**ئازاد مەلا فەندی**

گوڵان هەمیشە بە ڕۆحێکی ڕەخنەگرانە و بونیادنەرانە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی خستۆتەڕوو

**کەریم ئەحمەد**

هیوادارم گوڵان بەردەوام بێ لە خزمەتی ڕەوشی بیرو مێژووی کورد و کوردستان

**مەهاباد قەرەداخی**

بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوونی گۆڤاری گوڵان دەکەم و بەگۆڤارێکی سەرکەوتووی دادەنێم

**مەسعود عەبدولخالق**

گوڵان توانیویەتی ئاقارێکی ئەکتیڤ هەڵبژێرێ و مقەوەماتی مانەوەی بەهێزتر بکات

**عەبدولڕەحمان مستەفا**

گوڵان لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە تەکاندان بە پرۆسەی سیاسی لە کەرکووک و پەرەپێدانی کولتووری دیموکراسی و لێبووردەیی لە نێوان نەتەوەکانی ئەو شارە

**د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوێس**

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە جێی بایەخە گوڵان توانیویەتی ببێتە پردێک لەنێوان بۆچوونی ڕۆشنبیرانی بیانی و کوردستان

**د. کوردستان موکریانی**

گرنگترین خاڵی بەهێزی گوڵان ئەوەیە، کە زۆر بایەخ بە دید و گۆشەنیگای کوردناس و توێژەرە بیانییەکان دەدات

**هەرمان محەمەد سەلیم**

گوڵان یەکێکە لەو گۆڤارانە کە بەسێ ڕوانگە (بعد)ی پێویست بۆ هەر بابەتێک تەوەر بڵاو دەکاتەوە و، نەک تەنیا عیبارەی "ویل للمصلین" بەکاردێنێت

**د. محەمەد سدیق**

گوڵان لە ماوەی تەمەنیدا توانی خەبات لە پێناو بزاڤخستنەوە و گۆڕانی بیری تاکەکان بکات و هەوڵی زیاتری گۆڕانکاری لە ڕەهەندە کولتوورییەکان بێت

**مەحمود زامدار**

من ئەو یادە بە هێمایەکی گەورە تێدەگەم لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا چونکە کارێکی زۆر سەختم تێدا کردووە

**زیرەک کەمال**

گوڵان بەم دواییە توانیی ڕەوتێکی نوێ لەژیانی گۆڤارەکە بهێنێتە ئاراوە

**بەرڤان حەمدی حسین**

من یەکێکم کە خوێنەری ئەم گۆڤارە پڕ زانیارییەم دەتوانم بڵێم یەکەم گۆڤاری ڕامیاری کوردیە لەسەر ئاستی کوردستان بەشێوەیەکی بوێرانە و ئازادانە بەبێ تەشهیر و شێواندن توانیویەتی گوزارشت لە ڕاویری ئازاد بکات

**سۆزان خالە شەهاب**

هیوادارم بەردەوام بن لەکاروانی ڕۆژنامەوانیتان بەچاوێکی واقیعینانە سەیری کێشەکانی کوردستان بکەن

فەرید ئەسەسەرد:

# توانیویەتی پێوانە پیشەییەکان بەسەر پێوانەکانی تر زاڵ بکات و کاریگەریەکی زۆرتر لەسەر رای گشتی بەجێبهێڵێ

گوڵان دوو قۆناخی بەخۆوە دیوە. قۆناخی شێوە رۆژنامە و قۆناخی شێوە گۆڤار. بەڵام من قۆناخی شێوە گۆڤار بە درێژەپێدانی قۆناخی شێوە رۆژنامە دانانێم و پێموایە گوڵان لەقۆناخی دووەمیدا گەشەکردوتر و کراوەتر و بەئەزموونتر بووە. پێموایە ئەم گۆڤارە، بەتایبەتی لەسێ ساڵی دواییدا، توانیویەتی رێچکەیەکی تەواو جیاواز لەرۆژنامەگەریی کوردیدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بەتایبەتی لەم رووەوە کە تا ئەندازەیەکی باش توانیویەتی پێوانە پیشەییەکان بەسەر پێوانەکانی تردا زاڵ بکا. بەفراوان کردنی پانتایی ئازادیی رادەربڕین و بەکرانەوەیی زۆرتر بەڕووی رەوتە جیاوازەکاندا، وای بۆ دەچم کە گوڵان دەتوانێ کاریگەرییەکی زۆرتر لەسەر ڕای گشتی بەجێ بێڵێ.

پرۆفیسۆر عزەددین مستەفا ڕەسوڵ:

# گوڵان پێشتریش و ئێستاش یەکێکە لەگۆڤارە باشەکانی کوردستان

گوڵان پێشتریش و ئێستاش یەکێکە لەگۆڤارە باشەکانی کوردستان. یەکێك لەخاڵە گرنگەکان بۆ هەڵسانگاندنی گۆڤاری گوڵان ئەوەیە، کە تائێستا توانیویەتی بەردەوام بێت چونکە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا کەم ڕۆژنامە و گۆڤار توانیویانە بەردەوام بن. بۆیە ئەمە بە حیکمەتی هەر کەس و لایەنێك بێت، جێی دەستخۆشییە. گەرچی ئێستا ژمارەیەکی زۆر گۆڤاری دیکەش دەردەچن بەڵام من زۆرجار گوتومە ئەو زۆری و بۆرییە زۆر باشترە لە قەدەخەکردن و ڕێگەنەدان. لەبەرئەوە من بە ڕەشبینییەوە سەیری ئەو زۆری و بۆرییە ناکەم بە پێچەوانەوە بە دیاردەیەکی باشی دادەنێم و پێوەی گەشبینم. پیرۆزبایش لەستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ڕەنج و ماندووبوونیان.

ئاسۆ کەریم بەرپرسی دەزگای توێژینەوەی موکریانی:

# گوڵان، گۆڤارە سیاسییە عەقڵانییەکەیە

گوڵان لە ماوەی ١٥ ساڵی خۆیدا، چەند دەورو قۆناخ، چەند هەڵکشان و داکشانێکی بەخۆوە دیوە. لێ جێگەو رێگەیەکی دیاری بۆ خۆی لەناو میدیای کوردیدا گرتووەو خوێنەری خۆی هەیەو حسێبی تایبەتی بۆ دەکرێ.

گرنگترین لایەنی جیاکەرەوەی گوڵان ئەوەیە کە لەگەڵ بیرو هۆشی مرۆدا دەدوێ و ئەو دەرفەتەی بۆ دەکاتەوە کە سەبارەت بە پرسە گەرم و چارەنووسسازەکان، ئاشنای راو بۆچوونی جیا-جیای ئەهلی کار، چ خۆمانە چ بیانی بێت، فێرە وتووێژ و بەڵگەهێنانەوە و میتۆدی بیرکردنەوەی زانستانە بێت و لەسەر ئەو جۆرە "موحاکەمات"انە رابێت. هیچ گۆڤارێکی تری کوردی نییە، لەم رووەوە بەقەد گوڵان رای جیاواز، لێ ئاقڵانەی خستبێتەڕوو، راو بۆچوونی بیرمەندو سیاسەتکارو شرۆڤەکاری بیانی بە خوێنەری کورد ناساندبێت، بەبێ ئەوەی هەوڵی دابێت زەینی خوێنەر لەچوارچێوەو قاڵبێکی دیاریکراوی ئایدیۆلۆجی بدات، بەتایبەتی لەم دوو-سێ ساڵەی دواییدا. هەر ئەو رێبازەش وای لێ کردووە بە گۆڤارێکی سیاسیی عەقڵانیی بەرپرس بزاندرێ.

ئەگەر گوڵان، ئەو بەشە "سیاسی-فیکرییە"ی خۆی پەرەپێدات و لە بەشە کۆمەڵایەتی و هەمەڕەنگەکەی بکاتەوە، پێموایە دەچێتە قۆناخێکی ترەوە. لە هەمانکاتدا، هەقە گوڵان بەلانسێك لەنێوان راو بۆچوونی پسپۆڕ و کارزانی بیانی و خۆمانەدا رابگرێ. هەروا پێویستە ئەو پێشەکییەی بۆ فایلەکان دەنووسرێ پوخت بێت و ستافی گۆڤارەکە زوو بێنە سەر ئەسڵی مەبەست و راوبۆچوونی خۆیان بەکورتی بخەنەڕوو.

چەند جارێکی تریش گوتومەو لەگەڵ سەرنووسەری گوڵان-یش باسمکردووە، هەقە گوڵان بایەخ بە زمان، رێنووس بدات و رێگەی ئەوە نەدات، هەڵەو پەڵەی تێ بکەوێ. ئەگەر گوڵان ئەوە بکات، سەرکەوتنێکی تریش بۆ خۆی تۆمار دەکات.

لەکۆتاییدا، پیرۆزبایی بۆ برای سەرنووسەرو سەرجەم ستافی گوڵان و بەهیوای سەرکەوتنی زێتر.

**هادی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان:**

## گوڵان لەخستنەڕووی بۆچوونەکان هەمەچەشنی تێدایە

گوڵان لەکاتێکی زۆر ناسکدا دەرچوو، کە ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەپەنجەی دەست دەژمێردران. لەبەرئەوە گوڵان هەندێك سیمای تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەبڵاوکراوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە و بۆتە نەریتێك تێیدا. گرنگترین کاری ئەو گۆڤارە ئەوە کە تائێستا بەبەردەوامی دەرچووە و هیچ دابڕانێکی تێدا نەبووە. بەدرێژایی ئەو ماوەیەش توانیویەتی تایبەتمەندی خۆی وەربگرێت. بەتایبەتیش لەم چەند ساڵەی دواییدا جۆرە تایبەتمەندییەکی وەرگرتووە کە لە بڵاوکراوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، بایەخ بەچەند پرسێکی گرنگ دەدات لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و ناوچەکە. تاڕادەیەکی زۆر گوڵان ئەو بۆشاییەی پڕکردۆتەوە کە پتر بایەخ بە دید و ڕوانگەی توێژەر و کەسایەتییە بیانییەکان دەدات و لەدیدی ئەوانەوە پرسە سیاسییەکان شرۆڤە دەکات. هەروەها دۆسێی گرنگیش ئامادە دەکات کە دەکرێ وەکو سەرچاوەیەك سوودی لێوەربگیرێت. گرنگترین شت ئەوەیە کە لەخستنەڕووی بیروبۆچوونەکان هەمەچەشنی تێدایە و گرنگی بە ڕا و دژە بۆچوونی بەرامبەر دراوە. بۆیە من پیرۆزبایی لەستافی ئەو گۆڤارە ئازیزە دەکەم لە ١٥ مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی.

**ڕەفیق سابیر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس:**

## گوڵان بەردەاوم بە دوای ڕووداوەکان دەکەوێ

ئاشکرایە گوڵان لەچوارچێوەی سیاسەتی حزبێکدا کاردەکات. لەگەڵ ئەوەی گۆڤارێکی حزبیشە، بەڵام هەوڵدەدات بەردەوام بەدوای ڕووداوەکان بکەوێت و چاودێری بابەتە سیاسییە گرنگ و هەستیارەکانی ڕۆژ بکات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان لەبارەوە بکات. ڕەنگە بەهێزترین لایەنی گۆڤاری گوڵان ئەوە بێت کە دید و بۆچوونی کەسانی پسپۆڕی کورد و بیانی لەبارەی ئەو مەسەلانەوە دەخاتەڕوو کە پێوەندییان بە مەسەلەی کورد و ئەزموونی حوکمڕانی کوردستانەوە هەیە.

**ڕێبین ڕسوڵ ئیسماعیل، نووسەر و ڕۆژنامەنووس:**

## گوڵان کار لەسەر کۆمەڵێک بابەتی ناسک دەکات

دیارە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا گۆڤاری گوڵان توانی بەشێوەیەکی پیشەییانەو بەڕەنگ و دەنگێکی جیاواز خۆی نمایش بکات، هەروەها لەڕووی ناوەڕۆکەوە کار لەسەر کۆمەڵێك بابەتی ناسك و هەستیار دەکات و تا ڕادەیەك توانیویەتی ببێتە پردێك بۆ بەیەکگەیاندنی دەنگی بێگانەکان بەناوەوەی کوردستان لەبارەی پرسە تایبەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی نێودەوڵەتی لەو ناوچەیەداو لەڕێگای گوڵانەوە کۆمەڵێك ڕاو بۆچوون و وێناکردنی تازە بەدی دەکەین و دەبینین. هەرچەندە پێویستە لەپاڵ ئەوەشدا گوڵان بایەخ بەو ڕاپۆرت و نووسینانە بدات کە ڕەخنە لەسەرکردەکانی هەرێمی کوردستان دەگرن و پەنجە دەخەنە سەر کوموکوڕییەکانی ئەزموونی حوکمڕانی و ئەو کێشانەی بوونەتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە دەرنەکەوێت کە خۆمان خەونی پێوە دەبینین، پێشموایە بەو هەنگاوە دەتوانێت خزمەتی زیاتر بکات و سەرکردەکانیش لەو مەترسییانە ئاگادار بکاتەوە کە لەداهاتوودا ڕووبەڕووی ئەو هەرێمە دەبنەوە.

نەوزاد هادی- پارێزگاری هەولێر:

# گوڵان
# هێڵێکی نەتەوەیی هەیە

گۆڤاری گوڵان روخسارێکی گەشی رۆژنامەگەری کوردییە و یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە بەگەڵێك تایبەتمەندی رۆشنبیری و مەعریفی دەناسرێتەوە، یەکێك لە گرنگترین خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیشی ئەوەیە کە هەفتانە بە کۆمەڵێك دیدوتێڕوانینی پسپۆڕ و لێکۆڵەر و چاودێرانی سیاسی وڵاتانی رۆژئاوا و جیهانی عەرەبی ئاشنامان دەکات، کە بە بۆچوونی من و ئەو مۆرکەی گوڵان لە کەم بڵاوکراوەی دیکە بەدی دەکرێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوەیە کە هێڵێکی نەتەوەیی هەیە و پتر بە نەهجێکی کوردستانیانە کاردەکات و بەوپەڕی هەستکردن بە گیانی لێپرسینەوە رەچاوی بنەما ئەخلاقییەکانی کاری رۆژنامەوانی دەکات و بەشێوەیەکی زۆر پیشەیی مامەڵە لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکان دەکات.

ساڵرۆژی گۆڤارەکەتان پیرۆز دەکەم و دەستی یەکەیەکەی کارمەندانی دەگوشم بۆ خزمەتی پترو داهێنان و پێشوەچوونی زیدەتر، بەو هیوایەی بزاڤی نووسین و رۆشنبیریمان بەگشتی روخساری پێشکەوتن و شارستانیمان بێت بۆ قۆناخی ئێستامان هەروەکو چۆن خودان رەسەنایەتی و مۆرکی بوێری و زمانحاڵی خەبات و تێکۆشانیشمان بوو.

پشتیوان سادق بەرپرسی لقی ٢ی پ. د. ك:

# گوڵان گوڵە و
# هەر بە پشکوتوویی دەمێنێتەوە

لەپانزەهەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵاندا پیرۆزبایەکی گەرم ئاراستەی گشت کارمەندان دەکەم. لەڕاستیدا گوڵان گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە بوو لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا و توانی دەنگ و رەنگ و خواستەکانی جەماوەری کوردستان لەلاپەڕەکانیدا جێ بکاتەوە. لەماوەی رابردوودا لەبوارەکانی سیاسی و ئابووری و کولتووریدا خزمەتێکی باشی کردووە، بەتایبەتیش شرۆڤە سیاسییەکان کە بۆ ئێستا و ئایندەی کوردستان زۆر پێویستن. بەدیدی من هەر گۆڤار و رۆژنامەیەك ئەگەر نەتوانێت بە بۆچوونەکانی خۆی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی بکات و لەڕووی رواڵەت و ناوەرۆکەوە ئێش و ئازارەکانی خەڵك دەستنیشان بکات ئەوا لەو بڕوایەدانیم متمانە لەنێو خەڵکیدا دروست بکات. بۆیە پێموایە گوڵان تارادەیەکی زۆرباش توانیویەتی جێ خۆی لەنێو دڵی خوێنەران بکاتەوە. بەپێی زانیاری من رۆژانە خەڵکێکی زۆریش سەردانی ماڵپەڕی گوڵان دەکەن، کە ئەمەش هەنگاوێکی گەورەیە بەو ئاراستەیە. بۆیە لەو یادە شکۆدارەدا دەڵێم گوڵان گوڵە و هەر بە پشکوتوویی دەمێنێتەوە.

عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوك:

# گوڵان خزمەتی زۆری کەرکووکی کردووە

بەبۆنەی پانزەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی گۆڤاری گوڵان پیرۆزبایی و دەستخۆشی لەهەموو کارمەندانی گۆڤارەکە دەکەم بۆ ئەو هەموو کار و چالاکییەی لەو ماوەیەدا ئەنجامیانداوە، بەتایبەتیش بۆ ئەو راپۆرت و بەدواداچوونە سیاسیی و کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەر پارێزگای کەرکووك بڵاویانکردۆتەوە بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانی پارێزگای کەرکووك بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە و زمان. چونکە کەرکووك ئەمڕۆ پێویستی بەهەوڵ و هیممەتی هەموو خەمخۆر و نیشتمانپەروەرێك هەیە، بۆئەوەی بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنین کە کەرکووك شاری برایەتی و خۆشەویستییە. بەتایبەتیش گوڵان لەو ماوەیەدا رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە تەکاندان بە پرۆسەی سیاسی لە کەرکووك و پەرەپێدانی کولتووری دیموکراسی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانی برایانەی نێوان نەتەوەکانی ئەو شارە. هیوادارم گوڵان هەمیشە جەخت لەسەر گەیاندنی پەیامی راستی و شەفافییەت و رەخنە بکاتەوە. ئومێد دەکەم بەردەوام بن بۆ خزمەتکردنی کەرکووك و کولتووری دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

د. کوردستان موکریانی، سکرتێری (ی. ئا. ك):

## گوڵان کەمتەرخەم نەبووە بایەخ بە پرسی ئافرەت دەدات

گۆڤارێکی پشـــوو درێژ و پڕ لەئەزموونە. گرنگترین خاڵی بەهێزی گوڵان ئەوەیە، کە زۆر بایەخ بە دید و گۆشەنیگای کوردنـــاس و توێـــژەرە بیانییەکان دەدات و باری ســـەرنجی ئـــەو بیانیانە لەبارەی رووداوە سیاســـی و کۆمەڵایەتییەکان دەگوازێتەوە. هەروەك گوڵان لـــەوەش کەمتەرخەم نەبووە کە بایەخ بە پرســـی ئافرەت لەکۆمەڵگای کوردستان بدات و ئێش و ئازارەکانـــی ئافرەتی کورد زەق بکاتەوە، بەشـــێوەیەك ڕای گشتی لەسەر بڕیاری سیاسی کارا بکات بۆئەوەی ئافرەتانیش بەشـــداربن لەپرۆســـەی سیاســـی و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

د. محەمەد سدیق محەمەد سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین:

## هیوادارم هەفتەنامەی گوڵان لەسەر ئەم ڕەوتەی کارکردنی بەردەوام بێت

ڕۆژی دەرچوونی یەکەمیـــن ڕۆژنامەی کوردی لە (٢٢)ی نیســـانی ١٨٩٨ لە قاهیرەی پایتەختی میسر، بەناوی ڕۆژنامـــەی کوردســـتان لەلایـــەن رابـــەری ڕۆژنامەڤانی کوردی (میقداد مەدحەت بەدرخان)، نەك ڕۆژێکی پرشنگدارە لە مێژووی ڕۆژنامەنوسی کوردی و خزمەتێکی گەورەی بە بڵاوبوونەوەی هەســـتی نەتەوەیی و پێشخستنی زمانی کوردی و ناساندنی کولتووری بزاڤی ڕۆژنامەوانی کوردی کردووە، بەڵکـــو دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە لە شـــوێنێکی دووری وەکو قاهیرە خـــۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی گەورەیە بۆ سەرکوتکردنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان و پێشێلکردنی ئازادییەکانی تاکی کورد، کە وڵاتانی داگیرکار ڕێگەی بە کورد نەداوە تەنانەت لە ناو خاکی خۆی ڕۆژنامە بە زمانی خۆی دەربکات.
ئەگەر سەیری هەنگاوەکانی مێژووی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لەلایەن بەدرخانییەکانەوە بکەین، ئەوا ئەو ڕاستییە بەرجەســـتە دەکەین کە ئەویش بریتییە لـــە ئیرادە و توانی بەرگری مانەوە لە پێناو ناســـاندنی شـــوناس و کولتووری کوردی بە دونیا، دیـــارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەنگاوی بەردەوامـــی پـــڕ ئیرادەییانەی بەدرخانییەکان، ســـەرەڕای ســـەرکوتکردن و پێشـــێلکردنی ئازادی ڕادەربڕین، چونکە بەدرخانییەکان توانیان بـــە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بەرگری لـــەو بزاڤە گەورەیـــەی ڕۆژنامەوانی کـــوردی بکەن و لە چەندین وڵاتـــی جیاجیا درێژە بە کاروانـــی ڕۆژنامەوانی کوردی بدەن.
بێگومـــان بـــزاڤ و بەرخودانی بەدرخانییـــەکان لە رووی ئەزموونـــی ڕۆژنامەگەریدا، توانی گەشـــە بـــە بزاڤی ڕۆشنگەری بدات و پانتایی ڕۆژنامەگەری کوردی فراوان بـــکات، بەوەی کە دەروازەیەك بـــوو بۆ خوڵقاندنی چەندین ڕۆژنامـــەو گۆڤار و بڵاوکراوەی جۆراجـــۆر، دیارە یەکێك لەم گۆڤارانەش گۆڤاری گوڵانی ئازیزبوو، کە هاوشێوەی ڕۆژنامەی کوردســـتان لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٩٤ لە بارودۆخێکـــی ناڵەبار چاوی بە دونیای ڕۆژنامەنووســـی کـــوردی هەڵێنـــا، هـــاوکات توانی لە مـــاوەی ئەم(١٥) ســـاڵەی تەمەنیدا دونیایەکی ڕۆشن و پڕ بزاڤ بخوڵقێنێ و بەدیدگایەکـــی کراوە و لۆژیکییانە گەشـــە بەســـەرجەم بوارەکانی مەعریفی و ڕامیاری و کولتووری و ڕۆشنبیریی بدات، ئەمەش هەنگاوێکی ترە لە پێناو گەشەپێدان بە بواری ڕۆژنامەگەری کوردی و کۆکردنەوەی دید و بیری تاکەکان بە دەوری خۆی و بارگاویکردنیان بە پرســـە گەرمەکانی نێو پانتایی کۆمەڵگەی کوردی و پێدانی زانیاری زیاتر و ڕۆشنکردنی زیاتری هزری تاکەکان.
دەتوانـــم بڵێم: گۆڤاری گوڵان لە مـــاوەی تەمەنیدا توانی خەبات لە پێناو بزاڤخستنەوە و گۆڕانی بیری تاکەکان بکات و لە هەوڵی زیاتری گۆڕانکاری لە ڕەهەندە کولتوورییەکان بێت هەنـــگاوی پۆزەتیڤ بنێت، لە پاڵ ئەمەشـــدا توانی بایەخێکی زۆر بە کۆکردنەوەی دیدی کەســـانی شارەزایی بیانی بـــدات، ئەمەش هەوڵێکی تری دایەلۆگســـازییە لە پێناو گەشـــەپێدانی زیاتر بە دروستکردنی پردی پەیوەندی کۆمەڵگـــەی کوردی بە کۆمەڵگاکانـــی دەرەوەی خۆی و ناوچەکانی دەوروبەر و جیهان، لە پێناو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا سەبارەت بە پرسە سیاسی و هەنووکەییەکانی سەرگۆڕەپانی کوردستان و ئێراق و ناوچەکە و جیهان بە گشتی.
(هیوادارم هەفتەنامەی گوڵان لەسەر ئەم ڕەوتەی کارکردنی بەردەوام بێت).

**مەحمود زامدار نووسەر و ڕۆژنامەنووس:**

## ورووژاندن لە گوڵانەوە دەستی پێکرد

من ئەو یادە بە هێمایەکی گەورە تێدەگەم لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا چونکە کاریکی زۆر سەختم تێدا کردووە. وەك برادەران دەزانن من یەك لەو ڕۆژنامەنووسانە بووم کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکانی خۆم ڕادەپەراند لە دەسپێکی دامەزراندنی گوڵان. لەبەرئەوە گوڵان بۆ من لە تەمەنێکی تایبەتیدا ئەزموونێکی تایبەیت بوو. ورووژاندن لە گوڵانەوە دەستی پێکرد. ورووژاندن لەبارەی سێکوچکەی دەسەڵات، ئایین و کولتوور. هەروەها ورووژاندن لەبارەی گەندەڵی و خراپەکاریی. گوڵان نەك تەنها بۆ من، بەڵکو بۆ دەستەیەك لەو ڕۆژنامە دیارانەی ئەمڕۆش قوتابخانەیەك بوو. بۆیە هەر لەو یادە جوانەدا پیرۆزبایی لە یەکە یەکەی کارمەندانی گوڵان دەکەم. هیوادارم جوانتر و ئاهەنگدارتر بێت. ئەگەرچی گوڵان لەو چەند ساڵەی دوایدا ئاستی باشتریش بوویێت، بەڵام وەکو گوڵانی جاران نەماوە، چونکە لەوانەیە کۆمەڵێك هەبێت موتابەعەی گوڵان بکات. من ژمارەیەکت دەدەمێ بزانە گوڵان چی لێهاتووە، لەخانەقینەوە تا زاخۆ ئێستا ٧٥٦ گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ، کە گوڵان بزر بووە لەناویان. بۆیە ئەو زۆری و بۆرییە زۆر کاریگەری لەسەر گوڵان کردووە چونکە گوڵان یەکێك لەو گۆڤارە جوانانە بوو کە دەهاتە بازاڕ نەدەما، بەڵام ئێستا لەبنکەکانی دابەشکردن و فرۆشتن دەبینم بە هەفتە دەمێنێتەوە. ئەمەش پەیوەندی بەئاستی گۆڤارەکە نییە، بەڵکو بەو زۆری و بۆرییەوەیە. گوڵان ئەگەر جارێکی دیکەش بێتەوە سەر ڕاستەڕێی خۆی و نەختێ ئیستفزازی بێت و بوروژێنێت ڕەنگە باشتر ببێت، بەڵام ئیستفزازی و ورووژاندنێکی جوان و واتادار.

**کەریم ئەحمەد، سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی کوردستان:**

## گوڵان هاندەری پێکبوونی هێزە نیشتمانییەکانە

بەبۆنەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری گوڵان و تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ بەسەر دەرچوونی، پیرۆزبایییەکی گەرمتان ئاراستە دەکەم و هیوادارم بەردەوام بێ لە ڕۆشنکردنەوە هزری لە کوردستان و هاندەرێك بێ بۆ پێکبوونی هێزە نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان لەبەرەیەکی کوردستانی پتەو و لەسەر بناخەی یەك بەرنامەی نیشمانی پێشکەوتوو، هەروەها خزمەتی ڕەوشی بیرو مێژووی کورد و کوردستان بکات بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلەکەمان لەهەموو بوارێکەوە. ئیتر بۆ پێشەوە لەپێناو کورد و کوردستانەوە.

**د. محەمەد گەزنەیی، مامۆستای زانکۆ:**

## گوڵان گۆڤارێکی سەنگین و ڕاستگۆیە

سەرەتا پیرۆزبایی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گوڵان لەستافی گۆڤارەکەتان دەکەم. هیوادارم کە تەمەنی گۆڤارەکەت هەمیشە درێژ و پڕ بەخشش بێت و گرنگی بە پەیامی ڕاستی و شەفافییەت بدەن و زانیاری پێویست بە خوێنەرەکانتان بدەن. من پێموایە گوڵان گۆڤارێکی سەنگینە لەنێو خوێنەرانی کورددا، بۆیە زۆر گرنگە ئەو متمانەیەی خۆی نەدۆڕێنێت و هەمیشە بەدوای ڕووداوە سیاسییە گەرماوگەرمەکانی کوردستان بکەوێت. من بەش بەحاڵی خۆم هەر چەند جارێك وتوێژم لەگەڵ گوڵان ئەنجامدابێت ئەوا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە. بۆیە هیوام سەرکەوتنتانە.

**ئازاد مەلا فەندی، دادوەر:**

## گوڵان بوێرو ڕچەشکێنە

لەڕاستیدا من لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەوە تائێستا موتابەعەی گۆڤاری گوڵان دەکەم. دەتوانم بڵێم یەکەمین ڕەوتی ڕۆژنامەگەری ئازاد لەکوردستان لە گوڵان دەستی پێکرد. بەشێوەیەك هەمیشە بە ڕۆحێکی ڕەخنەگرانە و بونیادنەرانە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی خستۆتەڕوو. بۆ بە گۆڤارێکی بوێر و ڕچەشکێن دەناسرێت هیوادارم واقیعی سیاسیی و کۆمەلایەتی و کولتووری لەکوردستان باش هەڵبسەنگێنین. گەرمترین پیرۆزبایشتان لێدەکەم.

مەهاباد قەرەداخی نووسەر و چالاکڤانی بواری ئافرەتان:

## هەمەڕەنگی گۆڤارەکە کارێکی باشە

بەشـــێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوونی گۆڤاری گوڵان دەکەم و بەگۆڤارێکی ســـەرکەوتووی دادەنێم. بەتایبەتـــی لەکۆکردنەوە و بەدواداچوونی ڕای پســـپۆڕانی دەرەوە و بیانی لەســـەر پرسە سیاســـییەکان، چونکـــە وروژاندنی بۆچوون و پێشـــنیارەکانی شارەزایانی دەرەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە لەگۆڕینی کولتوورمان تاوەکو زیاتر بەرەو پێشەوە بڕۆین. هەمەڕەنگی گۆڤارەکە کارێکی باشـــە بەتایبەتی بایەخدان بەئافرەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە کەموکوڕی هەبێت و نەتوانرێت بەشـــێوەیەکی سەرکەوتوو هەموو لایەنەکان بوروژێنێت. بۆیە پێشنیار دەکەم زیاتر گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی بدرێت.

بەخشان زەنگەنە، پەرلەمانتار:

### گوڵان ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک

پێشەکی بەبۆنەی پازدەهەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤارەکەتان بەگەرمی پیرۆزبایی لەســـتافی گوڵان دەکەم. گوڵان یەکێکە لەو گۆڤارە گرنگانەی کە لەکوردستان ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان، بەتایبەتیش مەسەلە سیاسی و نیشـــتیمانی و نەتەوەییەکان. ئەوەی بە لای منەوە گرنگە، لەگۆڤاری گوڵان ڕاوبۆچوونی دەرەوەی خۆمان واتە دەرەوەی کوردستان دەگەیەنێتە خەڵکی کوردستان لەڕێگای پەیوەندیکردن بەکەســـایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکان. ئەمەش خاڵێکی گرنگە، دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەم، هەر ســـەرکەوتوو بێت گوڵان بۆ خزمەتی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی.

عەبدولرەحمان سدیق، بەرپرسی دەزگای پرد بۆ دیالۆگ:

## گوڵان پێش گۆڤار و ڕۆژنامە ئەهلییەکان زۆر شتی تازەی گوت

ســـەرەتا پیرۆزبایتان لێدەکەم، من بەش بەحاڵی خۆم شاهیدی دەرچوونـــی یەکەم ژمارەکانی گوڵان بـــووم، کە دەتوانم بڵێم تازەگەری و بوێری پێوە دیاربوو. ئەو پێشـــنیارانەی بۆ زیاتر تازەگەری و بوێری هەفتەنامەی گوڵان پێشکەشـــی بکەم، دەتوانم لەچەند خاڵێکدا کۆی بکەمەوە.

١- گـــوڵان وەکـــو هەفتەنامەیەکی سیاســـی کۆمەڵایەتی گشتی ســـەردەمێکە پسپۆڕێتی تێیدا هەیە، بۆیە حەز دەکەم سەبکێکی تایبەت بەخۆی هەبێت و هەفتەنامەیەکی سیاسیی تایبەتمەند بێت. بەمانایەکی دیکە هەفتەنامەیەکی سیاسی کوردستانی بێت. ئەوکاتە دەکرێ بەشە کۆمەڵایەتییەکەی و بەشەکانی تری لێ جیا بکرێتەوە.

٢- دەکرێتـــە بایەخێکـــی زیاتـــر بەماڵپەڕەکـــەی بدرێت و دەوڵەمەندتـــر بکرێت چونکە زۆر بەشـــی تێدایە هێشـــتا پڕ نەکراوەتەوە. لەســـایتەکە ئایکۆنێك هەیـــە بەناوی "دەربارەی گـــوڵان" بەڵام ئەو ئایکۆنە و زۆربـــەی ئایکۆنەکانی دیکە بەتاڵن و هیچیان لێ نەنووسراوە، بۆیە پێویستە بەرچاوڕوونی زیاتر بدرێتە خوێنەر.

٣- گوڵان وەکو ســـەرەتا دیاردەیەکی تازە بوو، پێش گۆڤار و ڕۆژنامە ئەهلییەکان زۆر شـــتی تازەی گوت، بەڵام ئێستا دەتوانێ لەنێوان دوو زیادەڕەویـــدا هێڵێکی ناوەند هەڵبژێرێت و، بەتۆزێك کرانەوەی زیاتر دەتوانێ هێڵێکی ناوەڕاســـت بێت لەنێوان گۆڤارەکانی دیکەدا بۆ دروستکردنی پردێکی پێوەندی لەنێوان هاووڵاتی و دەســـەڵاتدا بۆئەوەی بەشـــێك لەو بابەتە گەرمە سیاسییە کوردستانییانەی کە لەکوردستان و دەوروبەر و جیهان دەگوزەرێ گوڵان دەستپێشخەر لەگەیاندنیان.

د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، پەرلەمانتار:

## گوڵان توانیویەتی ببێتە بەهەفتەنامەیەکی ڕەخنەگرانە

گـــوڵان بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ڕابردوو توانیویەتی کارێکی گەورە بکات و ســـەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت. خۆشبختەتانە تائێســـتا بەردەوامـــە. یەکێکـــە لـــەو ڕۆژنامـــە و گۆڤارانەی کە لەمێـــژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا توانیویەتـــی درێژە بەمانەوەی خۆی بدات و بـــەردەوام بێت. لەڕۆژنامەیەکـــەوە توانیویەتی خۆی بـــکات بەهەفتەنامەیەکـــی ڕەخنەگرانە و ڕەنگیـــن چ لە فۆرم و چ لەناوەرۆکـــدا. یەکێك لـــەو تایبەتمەندییانەی کـــە جێی بایەخە. توانیویەتی ببێتە پردێك لەنێوان دید و بۆچوونی ڕۆشنبیرانی بیانی و ڕۆشنبیرانی کوردستان. جگە لەوەش لەهەموو بوارەکانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی.

هەرمان محەمەد سەلیم، سکرتێری (ی.ق.ک):

# گوڵان بەسێ روانگەی پێویست بۆ هەر بابەتێک تەوەر بڵاو دەکاتەوە

لەئێتیکێتی رۆژنامەوانیدا قسەی راست و هەق و سوکایەتی نەکردن بە مێشکی خوێنەر زۆر گرنگ و پێویستە، گۆڤاری گوڵان یەکێکە لەو گۆڤارانە کە بەسێ روانگە (بعد)ی پێویست بۆ هەر بابەتێك تەوەر بڵاو دەکاتەوە و، نەك تەنیا عیبارەی"ویل للمصلین" بەکاردێنێت.

کوردستان ئازادییێکی فراوان لەهەموو بوارەکاندا بەخۆیەوە بینیوە و راگەیاندنی ئەمڕۆمان بێبەش نەبووە لەم ئازادیە، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینی بێت چەندێك لە رۆژنامە و گۆڤارەکان لە ئەتەکێت و ئەخلاقیاتی رۆژنامەوانی دەرچونە و، تەنیا بەیەك روانگە (بعد) هەڵسەنگاندنی خۆیان دەکەن و دەنووسن ئەمەش دەبێتە هۆی هەبوونی فەوزا لەناو میدیای کوردیدا و خزمەت بە هاوولاتیان ناکات بەڵکو بەدوژمن دەکات چونکە ئەو بابەتەی لە مەنتق و کەتوار دووربێت هیچ دەرئەنجامی نابێت، هیوادارین گۆڤاری گوڵان لەستراتیژیەتی رۆژنامەوانی خۆی سەرکەوتووبێت و هەنگاوی باشتر بهاوێژێت لەپێناو خزمەتکردنی گەل و نیشتیمان و خوێنەری کوردستانیدا.

بەرهەم حەمدی حسین

## یەکەم گۆڤاری رامیاری کوردیە لەسەر ئاستی کوردستان بەشێوەیەکی بوێرانە و ئازادانە بەبێ تەشهیر و شێواندن توانیویەتی گوزارشت لە راوبیری ئازاد بکات

بەبۆنەی ١٥ ساڵوەگەری دەرچوونی گۆڤاری گوڵانی ئازیز کە هاوکاتە لەگەڵ یادی جەژنی رۆژنامەگەری کوردیی کە دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی(کوردستانە) لە ساڵی ١٨٩٨ ز، ئەو شەرەفە بە من درا چەند پەیڤێك بۆ ئەم بۆنەیە بنووسم، کە لەراستیدا گوڵان ئەو گۆڤارە سیاسیەیە کە رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە بەرەو پێشبردنی راگەیاندنی کوردی و گەیاندنی وتاری کوردی بەنەتەوەکەمان و کوردستانیان و عێراقدا، من یەکێکم کە خوێنەری ئەم گۆڤارە پڕ زانیارییەم دەتوانم بڵێم یەکەم گۆڤاری رامیاری کوردیە لەسەر ئاستی کوردستان بەشێوەیەکی بوێرانە و ئازادانە بەبێ تەشهیر و شێواندن توانیویەتی گوزارشت لە راوبیری ئازاد بکات، بەڵگەشم خوێنەرێکی فراوانی سیاسی نەخبەوی هەرچوار پارچەی لە دووری خۆی کۆکردۆتەوە بەتایبەتیش لە شرۆڤەی رووداو و گۆڕانکاری و پێشهاتەکان بە نووسین و شیکردنەوە و زمانێکی زانستی رامیاری ئەزموونداری پسپۆڕانی جیهانی ناوخۆیی و دەرەوە، بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم هەر سەرکەوتوویێت لەبەرەو پێشبردنی پەیڤی راگەیاندنی کوردی هیواخوازیشم ببێتە گۆڤارێکی نیودەوڵەتی لەناوچەکەدا بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی گوتاری کوردی بکات و بە جیهانی بناسێنی هەر شاد و سەرکەوتوو بەردەوامبن کارمەند و بەڕێوەبەرانی گوڵانی ئازیز .

سۆزان خاڵە شەهاب، پەرلەمانتار:

# خوێنەرێکی بەردەوامی گوڵانم

بەبۆنەی پانزەهەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان جوانترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەم، هیوادارم هەر بەردەوام بن لەکاروانی رۆژنامەوانیتان و زۆر بەجیددی و بەچاوێکی واقیعینانە و بەئەرکێکی پرۆفیشناڵانە سەیری کێشەکانی کوردستان بکەن. چونکە ئێوە گۆڤارێکن لەلایەن حزبێکەوە پاڵپشتی دەکرێن، بۆیە دەبێ زیاتر شەفاف و واقیعبینانە و رەخنەگرانە سەیری هەموو کێشە و کایەکانی کۆمەڵگای کوردستان بکەن. من بۆ خۆم خوێنەرێکی بەردەوامی گۆڤاری گوڵان-م، هیوادارم ئەو ئاستەی هەیەتی تەکانێکی دیکەی پێ بدرێت بەئاراستەی داهێنانی تازە و سەردەمیانە.

د. محەمەد سەلمان بەرواری
سەرۆکی بەشی ئابووری لەکۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەددین:

# شیکردنەوەی بابەتە ئابوورییەکان کارێکی گرنگە

پیرۆزبایی لەدەستەی نووسەرانی گۆڤاری گوڵان دەکەم، کە پانزەهەمین ساڵە دەردەچێت. لەسێ ساڵی ڕابردوودا لەدوولایەن بەرەوپێشەوە چووە، بەتایبەتی وروژاندنی بواری ئابووری و شیکارکردن و پشت بەستن بەزانستی ئابووری نەك تەنیا بەهەواڵ.

بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە زیاتر گرنگی بەو بابەتە ئابوورییانە بدرێت کە پێوەندی بەژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە لەبوارەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری.

**زیرەك كەمال، بەرپرسی مەكتەبی ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی كوردستان:**

## گوڵان كۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی بەتوانای پێگەیاندووە

گوڵان توانیویەتی لەكاروانی پیشەی ڕۆژنامەگەری خۆی ببێتە بەشێك لەمێژووی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری كوردی و كۆمەڵێك داهێنانی نوێی دروستكرد، هەروەها كۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی باش و بەتوانای پێگەیاند و خزمەتێكی زۆری ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی كوردی كرد لەهەرێمی كوردستان، بەتایبەتی بەم دواییە توانیی ڕەوتێكی نوێ لەژیانی گۆڤارەكە بهێنێتە ئاراوە، ئەویش بەپەیوەندیكردن بەسیاسەتمەدار و ئابووریناس و بەرپرسە جیاجیاكانی وڵاتانی ئەوروپا و جیهان و گەیاندنی هەڵوێست و بیروباوەڕی ئەوان و تایبەتمەندێتی كوردستان سەبارەت بە پرسە سیاسی و ئابوورییەكانی كوردستان. دەتوانین بڵێین گوڵان گۆڤارێكی سیاسییە كە گرنگی بە وەرگێڕان دەدات لە بواری سیاسەتدا. ئێمە پێشتر وا تێگەیشتبووین كە وەرگێڕان تەنیا لە كایەی ئەدەبیدایە، بەڵام تێبینیم كرد گوڵان بەم دواییە بەرەو ئاقارێكی هەمەڕەنگدا دەڕوات وەك بڵاوكردنەوەی كورتە هەواڵی هونەری و هەواڵی سەرسوڕهێنەر. ئەوەی لەچەند مانگی ڕابردوودا هەستم پێكردبێت ئەم شێوەیە تێیدا بەرچاوە كە ئەمەش لەگەڵ نەهجی گوڵان تێك ناكاتەوە، گوڵان با بەردەوام بێت لەسەر وەرگێڕانی بابەتی سیاسی و نیشاندانی هەڵوێستی سیاسەتمەدارانی دەرەوە سەبارەت بە كوردستان و ببێتە پردێك لەم نێوانەدا، بەهەرحاڵ پیرۆزبایی لە گۆڤاری گوڵان و سەرنووسەر و ستافەكەی دەكەم.

**مەسعود عەبدولخالق، خاوەن ئیمتیازی گۆڤار و ڕۆژنامەی ستاندەر:**

## گوڵان گۆڕانێكی مەزنی لەكوردستان دروستكرد

پڕۆژەی گوڵان گۆڕانێكی مەزنی لەكوردستان دروستكرد، سەرەتای تەمەنی ڕۆژنامەگەری ئازاد لەكوردستان بۆ ئەو پڕۆژەیە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئێستا ڕاڕەوێكی تری گرتووە و لەچاو شكستی ڕۆژنامە حزبییەكان توانیویەتی ئاقارێكی ئەكتیڤ هەڵبژێرێ و مقەوەماتی مانەوەی بەهێزتر بكات، بەڵام بەگشتی ڕاگەیاندنی كوردی (بەگوڵانیشەوە) بەهۆی پەیڕەوكردنی لیبرالیانەیان هێزی (وشە)یان لاوازكردووە، بەهەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و هەر (١٥)كەناڵە ئاسمانیەكەش بەئەندازەی كەچە ئێزگەیەكی شاخ كاریگەری لەسەر ڕای گشتی كوردی نییە، یەكێ لەهۆیەكانی ئەوەیە: بۆ هەر میللەت و وڵات و كۆمەڵەیەك مادام لەقۆناخی (گواستنەوە) بن یاخود خاوەن قەزیەیەك بن ئەوا بۆ سیستەمی ڕاگەیاندنی لیبراڵی ناگونجێ، هەروەك سیستەمەكانی ئابووری و سیاسی و ئیداری و فكریشی بۆ ناگونجێ، بەڵكو پێویستی بە پلان و نەخشە و توێژینەوە دەبێت دوور لە عەبەسیەت، چونكە گەردوون و مرۆڤیش عەباسی نین ئامانجدارن، بۆیە ڕاگەیاندنی ئامانجدار بۆ كوردستان پێویستە، لەو نێوە گوڵان خۆی لە قەرەی ئامانجدار داوە كەمێك بەڵام زۆری ماوە، ڕاگەیاندنی ئامانجدار تەنیا هەواڵ بڵاوناكاتەوە بێلایەن) بەڵكو مەبەستی هەیە لەهەڵبژاردنی ئەو جۆرە هەواڵە تیایدا ڕەچاوی بنیای كۆمەڵایەتی و باری دەروونی تاك و ئاسایشی نەتەوەیی دەكا، بۆیە هەواڵەكەی یان بابەتەكەی هەم زانیاریە، هەم بینایە، هەم پێكانی ئامانجە و هەم ڕابوونی جەماوەریشە بۆ بەرپرسیاریەتی قەزیەكە (كوردایەتی)، بژاركردنی هەواڵ و بابەت مانای قۆرخی ئازادی نییە بەڵكو مانای گرتنەبەری ستراتیژێكە كە تێیدا ڕەوتی سیستەمەكانی ڕاگەیاندنی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و نیشتمانی لەیەك دەریاچەی كوردایەتی و مرۆڤایەتی دەكاتەوە،.. ئەوەش نەهاتۆتەدی دی جارێ بە هیواین گوڵان ڕێچكەشكینی بۆ بكات.

# باخچەی (گوڵان)



**فلك الدين كاكەیی**

**گوڵان تاكە گۆڤاری خوێندراوی كوردستان بوو، ئێستاش پێگەی خۆی پاراستووە**

**بەڵكو رۆژێك بێ جارێكی تر لە(گوڵان) بنووسم**

**(گوڵان) ئێستا بووە بە باخچەیەك لە گوڵی جوانی بۆنخۆش... جێگەی چین و توێژەكانی دیكەشی لێدەبێتەوە**

گۆڤاری (گوڵان) لە رۆژانێكی سەخت و دژواردا لە دایكبوو.

سەرەتا بەشێوەی رۆژنامە دەردەچوو، دواتر پێشنیار هاتە پێش تا پاشكۆی ئەدەبی و رۆشنبیریی هەبێ، تا شێوەی گۆڤاری وەرگرت.

بەشێوەی سادە و چاپی سادە دەستی پێكرد.

رۆژنامەنووسانی گەنج، لەو سات و وەختە تێكچڕژاوانەدا گۆڤارەكەیان خستە سەر رێگایەكی دروست.. ئەویش زەمانێك بوو، گۆڤاری ئەدەبی و هونەری دەگمەن بوون.

جوانی بابەت و دەربرینەكان وەهای كرد، لە ماوەیەكی كەمدا ناوی گۆڤاری (گوڵان) بكەوێتە سەر زاران.

دواتر، كە دەرفەت رەخسا تا لە هەولێر دەربچێت و لە چایخانەی زیاد تاكە گۆڤاری خوێندراوی كوردستان بوو، ئێستاش پێگەی خۆی پاراستووە.

بە سوپاسەوە، یەك دوو ساڵ لە (گوڵان) دەرفەتی نووسینی گۆشەی هەفتانەم هەبوو، كە كەمتر دەربارەی كاروباری راستەوخۆی رامیاری بوون، زۆربەی ئەدەبی و كولتووری بوون.

لەبەر سەرقاڵی ئەركی زیاد كە لە ٢٠٠٦ بەدواوە كەوتە ئەستۆم، دەرفەتی نووسینم بۆ (گوڵان) نەما، ئەم دابڕانەم پێ ناخۆشبوو، بەناچاری لەلایەنی خۆمەوە.. چونكە خوێنەران لێیان دەپرسیم : بۆچی نانووسی؟ هەر ئەوەبوو كە دەمگووت: سەرم قاڵە و ناپەرژێمە نووسین بۆ هەموو گۆڤارێك.

بێگومان لە نووسین رانەوەستامەوە...لەیەك دوو هەفتەنامە و رۆژنامە دەنووسم، لێ ئەو بابەتانەی بۆ (گوڵان) دەمنووسی شێوە و ناوەڕۆكی تایبەتییان هەبوو، ناتوانم هەموو وەختێك زانیارییەكانم لە وتارێكی كورتدا (چڕ) بكەمەوە، من حەزم لە نووسنی كورت و چڕ و ئازادە.

بەهەرحاڵ، بەڵكو رۆژێك بێ جارێكی تر لە(گوڵان) بنووسم، كە بە گۆڤاری خۆمی دەزانم.. مەبەستم (خۆم) ئەوەیە پەیدابوونی دوور نەبوو لە ئاگاداری و هاوكاریان وەكو چالاكێك لە بواری ئەدەب و رۆشنبیری دا.

هەر بەبۆنەی ساڵرۆژی (گوڵان) ەوە، ئارەزوومە چەند تێبینی بخەمە بەردەست:

١- لە رووی وتاری بەپێزی وەرگێردراودا ، گۆڤارەكە بەرەوپێش چووە، بەتایبەتی كە جیهانبینی و وتاری گەورە پسپۆڕانی دنیا لە بوارە جیاجیاكاندا وەردەگێڕێت و بڵاودەكاتەوە، كە زۆربەیانی سەبارەت بە مەسەلەی كورد و كوردستانن و گرنگن بەباشی دەزانم ئەگەر ناوی وەرگێڕان لە تەك وتارەكاندا بنووسرێت.. كە بێگومان كەسانێك هەن وەردەگێڕن، دووەمیش ئەوەیە بنووسرێت كە ئایا وتارەكان راستەوخۆ لەو پسپۆڕ و زانایانە وەرگیراوە، یا لە سایت و گۆڤار و رۆژنامەكان؟ ناویان چییە؟

٢- تێبینی دیكەم: لاپەڕەی كۆمەڵایەتی و هونەر و كولتوورییە، كە ماوەیەك لەسەرەتادا سەركەوتوو بوون، لە كاتێكدا ئێستا چالاكی هونەری و رۆشنبیری زۆر زیادبووە، چ لەلایەنی دەزگا حكومییەكانەوە یا لەلایەنی رێكخراوی مەدەنی و كۆڕ و كۆمەڵەی رۆشنبیری بێلایەنەوە، كاتی خۆیشی پێشنیارم وەهابوو كە پاشكۆی هەبێ، تایبەت بە هەواڵ و چالاكی هونەری و رۆشنبیری و میدیاكان و سەنتەرە بیانی و ئەهلییەكان.

٣- دوا تێبینیم ئەوەیە كە پێنووس و دەنگی گەنجان، بەچاكی نایەتەبەرگوێ، (گوڵان) لەسەرەتادا بۆ لاوان و گەنجان دامەزرا، ئێستاش دەتوانن جێگەی بەرهەم و چالاكی قوتابی و لاوان بكەنەوە.

(گوڵان) ئێستا بووە بە باخچەیەك لە گوڵی جوانی بۆنخۆش... جێگەی چین و توێژەكانی دیكەشی لێدەبێتەوە.

پیرۆزبایی لە دامەزرێنەرانی (گوڵان) و هەموو ئەو رۆژنامەنووسانە كە تا ئەمڕۆی دەرچوونی بە جوانی پاراستووە و، خوێنەرانی، ئاواتی سەركەوتنی بەرزتریان دەخوازم.

**شادو سەرفراز بن.**

# "گوڵان وەک سەرچاوەکی زانستی و ئەکادیمیش سوودی لێوەرگیراوە"

## ناوەندێکی زانستی و ئەکادیمی




**لەیادی ١٥ ساڵەی دەرچوونی ژمارە سفری هەفتەنامەی گوڵانداو لەدرێژەی خستنەرووی راوبۆچوونی خوێنەران بەجیاوازی ئاستی زانستی و رۆشنبیرییانەوە، بە پێو یستما نز ا نی ئەمجارەیان سەرنجی چەند قوتابی و ئەکادیمیەك وەربگیرن، بەوهیوایەی بتوانین پەرە بەخاڵە بەهێزەکان بدەین و سوود لە راو و سەرنجیشیان وەربگرین بۆ زیاتر پێشخستنی گۆڤارەکە.**

### گوڵان ناسنامەیەکی تایبەتی کاری رۆژنامەوانییە

**سەرەتا پرۆفیسۆر (د. حوسێن تۆفیق فەیزوڵلا) راگری کۆلێژی یاسا و رامیاری ئێواران گوتی:** لەیادی ١٥ ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری گوڵاندا وێرای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لەستافی ئەو گۆڤارە ئازیزە، کە جێی پەنجەیان دیار و بەرچاوە، دەتوانم بڵێم گوڵان خاوەن ناسنامەیەکی تایبەتی کاری رۆژنامەوانیە، لە تەرح و لە چارەسەری رووداوەکان خودان رێچکەیەکی تایبەتە. راستە گۆڤارەکە گۆڤارێکی سیاسییە بەڵام لایەنی وەرزش و کۆمەڵایەتی و هونەری و تەرفیهیشی فەرامۆش نەکردووە، بێگومان ئەمەش خەسڵەتێکی باش و بەهێزە، هەروەها پەیامی راستی لە خستنەرووی رووداوەکان و موسداقیەتی لە نێوان خوێنەراندا وایکردووە گۆڤارەکە بۆ ئەو ماوە دوور و درێژە بەشێوەیەکی نەپچڕاو بەردەوام بێ، دووبارە دەستخۆشیتان لێدەم.


د. حوسێن تۆفیق فەیزوڵلا

### گوڵان وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی

**هێمن میرانی مامۆستای زانکۆ،** هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەزانستە سیاسییەکان، پێیوایە گوڵان وەك هەفتەنامەیەك لەماوەی ١٥ ساڵەی تەمەنیدا خودان تایبەتمەندی و ستایلێکی پێشکەوتووی کاری رۆژنامەوانی بووە، "ئێستا تایبەتمەندی گوڵان لەوەدایە کە توانیوویەتی دەنگی کەسانێك بەخوێنەری کوردی بگەیەنێت، کە میدیاکانی دیکە وەك پێویست نەیانتوانیووە دەنگی ئەو ئەکادیمیست و توێژەر و لێکۆڵەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە بەئێمە بگەیەنن، کە ناوی نوێن سەبارەت بەکۆمەڵگەی کوردی، لەبەرئەوەی کەسانی ناودران لەئاستی نێو دەوڵەتیدا". هێمن میرانی لەدرێژەی خستنەڕووی بۆچوونەکانی گوتی: "خەسڵەتێکی دیکەی گوڵان ئەوەیە کە هەردەم لەگەڵ رۆژەڤ و رووداوەکانی رۆژدایە و چارەسەرێکی واقیعیانەشمان بۆ دەخاتەروو، هاوکات زۆرجاریش



هێمن میرانی



سیڤان عەبدولخالق



موزەفەر عوسمان



گەیلان مەهدی



دەرسیم عەبدولقادر

بیروبۆچوونی ئەوتۆش بڵاو دەکاتەوە کە لەگەڵ هێڵی گشتیدا جیاوازن، لەراستیدا من بۆخۆم سوودێکی زۆرم لە گوڵان وەرگرتووە بەتایبەت لەکاتی نوسینەوەی ماستەرنامەکەمدا. بۆیە دەتوانم بڵێم گوڵان تاکە بڵاوکراوەیە کە قوتابیانی ماستەرو دکتۆرا وەك (دوریات) و سەرچاوەیەکی زانستی لە لێکۆڵنەوەکانیاندا بەکاری دەهێنن، بەهەق گوڵان سەرچاوەیەکی ئەکادیمییە، وەنەبێ ئەم جیاوازی و تایبەتمەندییە تەنها لەدۆسییەی سیاسییدا دیار بێ بەڵکو گەربێتوو واقیعیانە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین دەبینین سەرجەم فایلەکانی ئەو گۆڤارە (کۆمەڵایەتی، هونەری، وەرزش، رەنگاو رەنگ.. هتد) جیاوازترە لەگۆڤارەکان و رۆژنامەکانی دیکە، تاکە تێبینیم لەسەر گوڵان ئەوەیە کە نووسینی وتاری سیاسی تایبەت نەکرێ بەچەند نووسەرێکی دیاریکراو، بەڵکو دەرگا لەبەردەم کەسانی دیکەش واڵا بکرێ، دواجار لەیادی ١٥ ساڵەی گوڵاندا دەستخۆشی لە تەواوی ستافی گوڵان دەکەم بۆ ئەو تایبەتمەندییە لە لایەك و وەرگرتنی باوەڕ و متمانەی خەڵکی بێگانە لەلایەکی دیکە، کە توانیویانە پسپۆڕانی بێگانە بهێنێتە ئاخاوتن. بۆیە من دەڵێم بەراستی سەرسامم بەتوانای کاری ئەوان".

## گۆڤارێکی سەنگین

**سیڤان عەبدولخالق، قوتابی کۆلیژی یاسا و رامیاری ئێواران- بەشی سیاسەت:**

لە پێشەکیدا بۆ ئەم یادە پیرۆزبایی لەستافی هەفتەنامەی گوڵان-ی ئازیز دەکەم، لەراستیدا ئەم گۆڤارە بۆ منی قوتابی لەبەشی سیاسەت یەکجار بەسوود و پڕبایەخە، بەتایبەتی بۆ قۆناخی چوارەم، سوودێکی زۆرم لە نووسینەوەی توێژینەوەی دەرچووندا لێوەرگرتووە وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی توێژینەوەکەم بەکارمهێناوە، جگە لەمەش من وەك ئافرەتێك لە رادەبەدەر چێژ لەخوێندنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی و هەمەڕەنگ و هونەرییەکان دەبینم، لەفایلی کۆمەڵایەتیشدا رووداوەکانی دادگام زۆر بەدڵە، هەفتانە بەهۆیانەوە تەجرەبە و ئامۆژگاری نوێ فێردەبم، هەروەها بیرۆکەی ریپۆرتاژەکانیش نوێ و سەرنجڕاکێش، لەهەمەڕەنگیشدا بابەتی مۆدە بەهەموو جۆرەکانییەوە دەخوێنەوە. پێموایە شتی نوێ و گەرماوگەرمی تێدایە، هەروەها لەئەنجامدانی چاوپێکەوتنیشدا لەگەڵ هونەرمەند و گۆرانیبێژانی عەرەبی شتێکی نوێ و باڵکێشە، تا کە رەخنەم لە گۆڤارەکە هەندێ مانشێتی چاوپێکەوتنە هونەرییەکانە کە سەرنجڕاکێش نین یان جاری وا هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی ناگونجێ.

**موزەفەر عوسمان قوتابی چوارەمی سیاسەت- ئێواران**

بەبۆچوونی من لایەنی بەهێزی گوڵان ئەنجامدانی ئەو چاوپێکەوتنە زۆرانەیە، کە هەفتانە لەگەڵ ئەکادیمیست و سیاسەتوان و توێژەرانی بێگانە ئەنجامی دەدات، بێگومان ئەوە جیاوازییەکی بە فایلی سیاسی بەخشیوە، لەدۆسییەکانی دیکەش، وەرزش و کۆمەڵایەتی دوو فایلی سەرنجڕاکێشن بابەتی بەپێز و نوێن، هەروەك ئاریشە و دیاردەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی رۆژنامەوانی و بەرپرسانە تەرح دەکرێن، بەڵام من لەبەرئەوەی قوتابی بەشی سیاسەتم زیاتر بایەخ بە بابەتە سیاسییەکانی گۆڤارەکە دەدەم.

**گەیلان مەهدی کازم، کۆلیژی یاسا و رامیاری ئێواران- بەشی سیاسەت:**

زۆر لەمێژە خوێنەری گوڵانم، لەساڵی ٢٠٠٦ زۆرینەی ژمارەکانی گۆڤارەکەم هەیە و هاوبەشی هەفتانەی گۆڤارەکەم، بەڕاستی لەپسپۆریەکەی خۆمدا سوودێکی زۆرم لێی وەرگرتووە بەتایبەت لەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ پسپۆڕ و ئەکادیمیستە بیانییەکان دەکرێ، لەتوێژینەوەی دەرچووندا گوڵانم وەك سەرچاوەیەك بەکارهێناوە، پێموایە سەرچاوەیەکی پڕ بایەخە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ بەڕاوبۆچوونی خەڵکانی بیانی ئاشنابن بەڵام زمانی ئەوان نازان سەبارەت بەفایلەکانی دیکە، چاوپێکەوتنە هونەرییەکان لەگەڵ هونەرمەندانی بێگانە خوێنەریان زۆرە، رووداوە کۆمەڵایەتییەکانی دادگاش خوێنەر بەزۆر شتی شاراوە ئاشنا دەکات، فایلی هەمەڕەنگیش فایلێکی قەشەنگ و جیاوازترە.

**دەرسیم عەبدولقادر، قوتابی چوارەمی زانستە سیاسییەکان:**

بەشێوەیەکی گشتی گوڵان لەهەموو رووەیەکەوە جیاوازە، لەرووی سیاسییەوە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەوانەی کە جگە لەزمانی کوردی زمانی دیکە نازانن، من خۆم سوودێکی زۆرم لێوەرگرتووە، نووسەرانی گوڵان نووسەری موعتەبەر و خودان توانان و بیروبۆچوونە سیاسییەکانیان زۆر مەنتق و جیاوازە لەخەڵکانی دیکە، بەشێوەیەکی قوڵ شرۆڤەی رووداو و پێشهاتەکان دەکەن، بەکورتی گوڵان هەفتەنامەیەکی سەنگین و موعتەبەر و خودان ستایلێکی تایبەتی کاری راگەیاندنە کە جیاوازە لەرۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکە، هەربۆیە دەستخۆشی لەیەکە یەکەی کارمەندانی گۆڤارەکە دەکەم و هیوادارم هەر لەسەر ئەو نەهجە بەردەوام بن.

**ماموٚستایەکی زانکۆ:**
**من بۆخۆم سوودێکی زۆرم لە گوڵان وەرگرتووە بەتایبەت لەکاتی نوسینەوەی ماستەرنامەکەمدا. بۆیە دەتوانم بڵێم گوڵان تاکە بڵاوکراوەیە کە قوتابیانی ماستەرو دکتۆرا وەک (دوریات) و سەرچاوەیەکی زانستی لە لێکۆڵنەوەکانیاندا بەکاری دەهێنن**

# گوڵان: پردی پێكەوە گەیاندنی كوردو جیهان



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

یەك لە سەروەرییە رۆژنامەگەرییە بەرچاوەكانی گۆڤاری گوڵان، لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا، كردنەوەی دەرگای لاپەڕەكانی بووە لەبەردەم توێژەرەوەو ئەكادیمی و نووسەرو رۆژنامەنووسانی ئەورووپاو ئەمریكاو كۆمەڵگا پێشكەوتووەكانی جیهان. نەك هەر بەرهەم و راوبۆچوونی نووسەرە كوردەكان، بەڵكو لە هەر ژمارەیەكی گوڵاندا، چەندین راو بۆچوون و شیكردنەوەی سیاسی و رۆشنبیریی ئەو جۆرە نووسەرانە بەشێكی گرنگی ژمارەكە پێك دەهێنن.

بێگومان، ئەم كارە هەر لە خۆ ڕا ناكرێت، بەڵكو هەوڵ و كۆشش و بەرچاو روونی و ماندوو بوون و ژیرییەكی رۆژنامەوانیی وردی لە دواوەیە. تەنانەت، وای لێهاتووە ئەم نووسینانە، بەو هەموو دەوڵەمەندی و شی كردنەوەی وردو زانستیانەیان، دەلاقەیەكی زۆر رووناك و گرنگیان پێكهێناوە لەبەردەم خوێندەوارو رۆشنبیرو سیاسیی كورد بۆ ئەوەی بە دیققەت و بە بەرچاو روونی و تەفاعول كردنێكی باشەوە ئاشنایەتی لەگەڵ جیهانی بیرو شارستانیی دەرەوە پەیدا بكات.

ئەگەر هەندێك بەوڵاتردا بڕۆین، دەبینین بە درێژایی هەشتا ساڵی رابردوو، دوژمنانی كورد هەمیشە یەك لە هەوڵە رەشەكانیان ئەوە بووە دەرگای بیرو لێكدانەوەو تۆژینەوەو گەشانەوەی بیرو لێكدانەوە لەبەردەم مرۆڤی كوردو كۆمەڵگاكەی دابخەن. راستە، بە سوپاو بە هەموو جۆرە شێوازو چەكێكی سەربازی هەوڵی وێران كردنی كوردستان و شێواندنی بنەمای ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسیی كۆمەڵگای كوردەواری و تەفروتونا كردنی مرۆڤی كوردیان داوە. بەڵام هیچ كاتێك ئەمجۆرە وێران كردنە جەستەییانە خراپترو دژوارترو ترسناكتر نەبوونە لە وێران كردنی رووحی و رۆشنبیری مرۆڤ و كۆمەڵگی كوردی. تەنانەت لەو بوارەشدا، واتە بواری خاپووركردنی رووحیی كورد، هەر تەنیا بە یەك شێواز نەوەستاون. واتە تەنیا هەوڵی قەدەغەكردنی زمانی كوردی و شێواندنی خەیاڵ و كوژاندنەوەی چراوگی بیری سیاسیی كوردیان نەداوە، بەڵكو لەوانەش بەولاتر، چەندین شێوازی زۆر ترسناكتریشیان گرتۆتە بەر بۆ گەیشتن بە هەمان مەرام.

یەك لەو شێوازە ترسناكانە ئەوە بووە كە پردە رۆشنبیرییەكانی كوردو جیهانی دەرەوە تێك بدەن و رێگە لە تێكەڵاو بوونی رۆشنبیری و تۆژینەوەو دابونەریتی كەلتووریی كورد بگرن و، نەهێڵن نە كورد ئاشنای رەوتە شارستانییەكەی جیهان بێت و نە جیهانیش ئاگاداری بیرو بۆچوون و لێكدانەوەو بیری سیاسی و رۆشنبیریی كورد بێت، دوژمنان هەمیشە هەوڵیان داوە، هەمیشە كوردو جیهان بۆشاییەكی گەورەیان بكەوێتە نێوان. توانستی بە یەكەوە گەیشتنیان نەبێت. پردەكانی پێكەو گەیاندنیان رووخا بێت. هەر كاتێكیش رۆشنبیرێكی كورد، یان هەر دامودەزگایەكی رۆشنبیری یان سیاسیی كورد، لەگەڵ توێژەرەوەیەكی بێگانە، بە تایبەتی ئەورووپی و ئەمریكی، دۆستایەتی و ئاشنایەتی و ئاڵوگۆڕی بیروراو بۆچوونی پەیدا كرد بێت، ئەوا دوژمنان یەكسەر بە نۆكەری بێگانەیان زانیوە. لەم بوارەدا، دوژمنان تەنانەت، رێگری ئەوەش بوون هیچ جۆرە كارو بەرهەمێكی نووسەران و رۆژنامەنووسانی بێگانە لە بارەی كوردو كوردستانەوە وەرنەگێڕدرێتە سەر زمانی كوردی، یان نەگاتە دەست كورد بۆ ئەوەی كورد ئاگاداری ئەوە نەبێت چۆن و چی لە بارەیەوە دەنووسرێت لە جیهانداو، نەتوانێت لەگەڵ ئەو جیهانە هاوبەشێتی و تێگەیشتنی هاوبەش دروست بكات.

یەك لەو كارە خراپانەی، لەو بوارەدا، لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا، هاتۆتە پێشەوە، دیاردەی تۆمەتباركردنی رۆژهەڵاتناسان بووە بە نۆكەرایەتی بۆ ئەمریكاو ئینگلیز. ئەدوارد سەعید — ی بە رەچەڵەك فەلەستینی و بە ناسنامە ئەمریكی، هەڵگری بیروباوەڕێك بوو كاكڵەكەی ئەوەیە بە چاوی بەدگومانیەوە سەیری كاری رۆژهەڵاتناسان بكرێت. راستە، ئەم بۆچوونەی سەعید میتۆدێكی فەلسەفی بوو، یان وردتر رێچكەیەكیش بوو لە جیهانی لێكۆڵینەوەی زانستیدا، بە تایبەتی لە زانكۆكانی ئەمریكاو بەریتانیا، بەڵام لەوانە راستتر ئەوەیە كە ئەم بۆچوونەی ئەدوارد سەعید زادەی سەردەمێكی دیاری كراو بوو كە ئەویش سەردەمی نەشونما كردنی بیری نەتەوەپەرستی عەرەبی بوو، لە پەنجاكان و شەستەكانی سەدەی رابردوو، بە تایبەتی لە عێراق و سوریاو لوبنان و لە ناو فەلەستینیەكان.

بە پێی تیورەكەی ئەدوارد سەعید، هەر لێكۆڵەرەوەو

ڕۆژهەڵاتناسێکی بێگانە، بە تایبەتی لە ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرنسـاو ئەڵمانیا، بە هاوکارو دارەدستی (ئیستیعمار) لە قەڵەم دەدرا، ئەگەر لە بارەی میللەت و کۆمەڵگا مرۆییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە لێکۆڵینەوەو بەدواچوون و کتێبی ئامادە بکردایە. ئەدوارد سـەعید پێی وا بوو ڕۆژهەڵاتناسان پێشەنگی شاڵاوە یەکەمەکانی قۆناغی ئیستیعمار و کۆلۆنیالی پێك دەهێنن لە جیهاندا.

بـە هەر حاڵ، ئەم دیـدە زۆر توندوتیژتر لـە خاوەنەکەی خۆی، لە لایەن حکومەت و سیاسەتمەدارە نەتەوەپەرستەکانی عەرەبـەوە بـەکار دەهێنرا. بۆیە، لە وڵاتێکـی وەکو عێراقی کۆن، واتـە عێراقی ڕژێمـی کۆن، هەمیشـە ڕێگری لەوە دەکرا کـورد پەیوەندییەی ڕۆشـنبیری و زانسـتی لەگەڵ جیهـان و کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دروسـت بکات. بگرە هەر پەیوەندییەکی دروستیشـی کردبێت لە ڕابردوودا، هەوڵی پچڕاندنـی دەدرا، ئەمجـۆرە هەوڵانە، لـە بونیادی ڕژێمی بەعسـدا، بە پچڕاندنی کورد لە جیهانی دەرەوە دەزانرا، بگرە بەوەش لە قەڵەم دەدرا کە گرنگترین هەنگاوی پرۆسـەی لە ناوبردنی بونیادی ڕۆشنبیری کوردە.

دیارە، ئازادبوونی کوردسـتان لە دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ەوە، ئیتر دەرفەتێکی زۆر گونجاوی هێنایە پێش بۆ ئەوەی ئیتر گەلی کورد بەسەر پانتایی جیهاندا بکرێتەوە. ئەوەی زۆرتریش ئەم کارەی ئاسـان کـرد دوو گۆڕانکاریی گەورە بوو لە سەر ئاستی جیهانیدا:

**یەکەم**، گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە جیهاندا لە کۆتایی هەشتاکانی سـەدەی ڕابردوو، واتە ڕووخانی سیستەمی دوو جەمسـەری و هاتنە کایەی جیهانێکی یەك جەمسـەر. ئەم گۆڕانە بنەڕەتییـە، ڕەوتێکی جیهانیگەراییانەی دا بە بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری و شارستانی و ئابووری لە سەرتاسەری جیهاندا، بگرە جیهانی بە شێوەیەکی ئەوتۆ بچووك کردەوە کە ئیتر مەسـەلەی دیموکراسـی و مافی مرۆڤ و بوژانەوەی ڕۆشـنبیری و تێکەڵاو بوونی شارسـتانی لـە جیهاندا بووە سیمایەکی زەق و دیارو گەورە.

**دووەم**، تاوسـەندنی شۆڕشـی تەکنەلۆژیـاو ئامرازەکانی گەیانـدن و ئینتەرنێـت و ڕاگەیاندن لە جیهانـدا، ئەمەش هەلومەرجی ئەوەی هێنایە پێش کە ئیتر جیهانگەراییەکە لەو ڕێگانەوە زۆر بە بەربڵاوی تەشـەنە بـکات، بە تایبەتی لە بواری بە یەکتر ناسـاندنی گەلان و ئاسـان کردنی پرۆسەی تێکەڵاو بوونی دۆزە سـەرەکییەکانی مرۆڤ و شارستانی لە هەموو سووچەکانی جیهاندا.

لە ڕێگەی ئەو دوو هۆیە سەرەکییەوە، لە سەرەتای نەوەدەکانی سـەدەی ڕابردوو، ئیتر، ناوەندەکانی سیاسـەت و تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی سیاسـی و ڕۆشنبیری دەسـتیان کرد بە بایەخ دانێکی زۆر بە مەسـەلەی کـورد، کوردیش لە باری خۆیەوە کەوتە چاو بڕینە جیهان. لەوەش بەولاتر، ڕۆشنبیران و نووسەران و حزبە سیاسـییەکانی کوردستان لەو ماوەیەدا دەستیان دابووە هەڵکشانی زۆرتر بۆ ناو بازنەی ڕۆژنامەگەری و پەرلەمانی و حکومی و سیاسییەکانی دەوڵەتە گرنگەکانی جیهان. دەرگا لەسەر تەفاعولێکی تازە لە نێوان کوردو جیهان هاتبووە کرانەوە. بۆیە، پێویستییەکی زۆر هاتبووە پێش بۆ ئەوەی بڵاوکراوەیەك، یان گۆڤارێکی ئەوتۆ بێتە پێشـەوە کە وەك پردێك لەو نێوانەدا نەك جیهان و کوردسـتان، بەڵکو بیری سیاسـی کوردو بیرە سیاسـییەکانی جیهان بە یەك بگەیەنێـت. دیارە، گوڵان ئەو گۆڤارە بوو کە لە سـەر دەستی سەرنووسەرەکەی، کاك فوئاد سـدیق و بە هیممەتی ستافە لە خۆبوردووەکەی، توانی ڕۆڵی ئەو پردە بگێڕێت.

لە ڕاسـتی دا، ئـەو کارە مەزنەی گـوڵان دەیکات، نەك هـەر کوردو جیهان بە یەکدی ئاشـنا دەکات و پەنجەرەیەکی تازەش لەبەردەم ناوەندە سیاسی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردسـتان دەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕوونتر ئاشنای ئەوە بن جیهان چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵکو لەوەش زۆرتر گەشەیەکی زۆریش بە دۆزی ڕەوای کورد دەدات لە ناوەندە ڕۆشـنبیری و ئەکادیمی و سیاسـییەکانی جیهـان. کارێکی گرنگە، تـۆ وا بکەیت هەر هەفتەیەی هەشـت نۆ لێکۆڵەرەوە مامۆسـتای زانکۆو پسـپۆڕو شـارەزایانی ئەورووپی و ئەمەریکی و ڕۆژهەڵاتی، لە بارەی کوردەوە بنووسـن. ئەمە خـۆی لە خۆی دا فراوان کردنی مەودای مەسەلە سیاسییەکەی کوردە لە سەر شانۆی سیاسـەتی جیهاندا. گوڵان بە شایەستەیی ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات.

بایەخێکی دیکەی ئەو کارەی گوڵان لەم مەیدانەدا دەیکات ئەوەیـە کە نەك هەر دەرگایەکی تـازە لەبەردەم لێکۆڵینەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی دەکاتەوە، بەڵکو لەوەش گرنگتر، ڕێچکەیەکیش دروست دەکات بۆ ئەوەی نووسەران و ئەکادیمی و لێکۆڵەرەوە سیاسـییەکانی کورد لـە چۆنیەتی مەنهەجی لێکۆڵینەوەی ئەورووپی بگەن و شـارەزای وردەکارییەکانی ناو مەودای نووسـین و توێژینەوەی سیاسـیی میللەتانی دیکە بـن. ئەمەش وەك مەعلومـە گەنجینەیەکی گەورەی تاقی کردنەوەو بۆچوونی جیاواز لە مەودای ڕۆشـنبیریش کوردیدا دروست دەکات.

لەبـەر ئەو هەموو ڕۆڵە گرنگەی گۆڤـاری گوڵان لە ناو مەودای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەیگێڕێت، کە تینە گەورەکەی لـە ڕێبازی بارزانیی نەمـرو بایەخ پێدانی جەنابی سـەرۆك مەسعود بارزانی و پشـتگیریی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و لە کەلتووری پڕ شانازی پارتی دیموکراتی کوردسـتان وەردەگرێت، لەبەر ئەو ڕۆڵە، پێویسـت دەکات بە هەموو لایەك پیرۆزباییەکی گەرم لە سەرنووسـەری گوڵان و سـتافەکەی و لە یادی ڕۆژنامەگەری کوردی و لە یادی گوڵان ـ ی خۆشەویست بکەین، لە هەمان کاتدا هیوای پێشکەوتنی و پەرەسەندنی زۆرتری بۆ بخوازین.

●●●

**یەک لە سەرەوەریە ڕۆژنامەگەریە بەرچاوەکانی گۆڤاری گوڵان، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، کردنەوەی دەرگای لاپەڕەکانی بووە لەبەردەم توێژەرەوەو ئەکادیمی و نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپاو ئەمریکاو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان**

●●●

●●●

**ئەو کارە مەزنەی گوڵان دەیکات، نەک هەر کوردو جیهان بە یەکدی ئاشنا دەکات و پەنجەرەیەکی تازەش لەبەردەم ناوەندە سیاسی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیریەکانی کوردستان دەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕوونتر ئاشنای ئەوە بن جیهان چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵکو لەوەش زۆرتر گەشەیەکی زۆریش بە دۆزی ڕەوای کورد دەدات لە ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و سیاسیەکانی جیهان**

●●●

## هەڵسەنگاندنێک بۆ کاری میدیا لە کوردستاندا

# میدیا چۆن پاسەوانی ئازادی دەکات؟



●●●
ئەگەر هاتە سەرئەوەی
لە نێوان میدیای ئازاد و
پەرلەمانی ئازاد یەکێکیان
هەڵبژێرم، من میدیای ئازاد
هەڵدەبژێرم، لەبەر ئەوەی
میدیای ئازاد دەتوانێت
پەرلەمانی ئازاد دروست
بکات، بەڵام پەرلەمانی
ئازاد ناتوانێت میدیای ئازاد
دروست بکات
●●●

●●●
تائێستاش میدیای ئازاد
بەردی بناخەی لیبرال
دیموکراتی ئەمریکایە
●●●

ئەو چەند دێڕەی سەرەوە پێشەکی کۆدی ئەخلاقی (Code of Ethic)ی کۆمەڵگەی ڕۆژنامە پیشەگەرەکانی جیهانە (Society of Professional Journalists)، هەڵبژاردنی ئەم پێشەکیەش بۆ دەستپێکی ئەم ڕاپۆرتە کە (هەڵسەنگاندنی باری میدیای ئەمڕۆی کوردستانە) بۆ ئەوەیە لە دەستپێکەوە ئاماژە بەو وتارەی تۆماس داین سەرۆکی (ڕادیۆی لیبرتی –ئەورووپای ئازاد) بکەین کە بە ناونیشانی (میدیای ئازاد لە کۆمەڵگای نائازاددا) لە ژمارە ٢٣ ی بەهاری ٢٠٠١ی گۆڤاری (هارڤارد ئینتەرناشیونال ڕیڤیوو) بڵاویکردۆتەوە، کە تیایدا ئاماژە بە گوتەیەکی بە ناوبانگی تۆماس جیفرسۆن دەکات کە سەبارەت بە گرنگی ڕۆڵی میدیای ئازاد لە کۆمەڵگەی دیموکراتی کردوویەتی و، دەڵێت: (ئەگەر هاتە سەرئەوەی لە نێوان میدیای ئازاد و پەرلەمانی ئازاد یەکێکیان هەڵبژێرم، من میدیای ئازاد هەڵدەبژێرم، لەبەر ئەوەی میدیای ئازاد دەتوانێت پەرلەمانی ئازاد دروست بکات، بەڵام پەرلەمانی ئازاد ناتوانێت میدیای ئازاد دروست بکات)، بایەخی ئەم وتەیەی تۆماس لەوەدایە، ڕاستە جیفرسۆن سێیەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە (دوای جۆرج واشنتۆن وجۆن ئادەمز)، بەڵام جیفرسۆن داڕێژەری پرانسیپەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە، هەر ئەم ڕاگەیاندنەش بنەمای ئەو دەستووورە لیبرالییە کە دەیان جار هەموار کراوە بەڵام چۆن لەسەرەتاوە هیچ سانسۆرێکی تیا نەبووە بۆ سەر میدیایی ئازاد، دوای زیاتر لە ٢٣٠ بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم پرانیسپە گرنگەی میدیای ئازاد بەوەی تائێستاش میدیای ئازاد بەردی بناخەی لیبرال دیموکراتی ئەمریکایە، لەسەردێری ئەو گۆڤارە ئیلکترۆنیەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەریدەکات و یەکێك لە ژمارەکانی بە ناونیشانی (ئەخلاق و هۆیەکانی ڕاگەیاندن) ئاماژە بەوەکراوە کە دەستووری ئەمریکی بوار نادات هیچ یاسایەك دەربچێت کە ئازادی میدیا کۆنترۆڵ بکات و بۆ ئەمەش وتەیەکی کۆلن پاوڵی وەزیری دەرەوەی پۆستی یەکەمی ئیدارەی جورج دەبلیو بوشیان کردوتە سەردێڕی پێشەکی گۆڤارەکە کە دەڵێت: (هەموو ئەو شتانەی لە میدیاکانی ئەمریکا بڵاو دەکرێنەوە، مەرج نییە هەمووی ڕاستی بێت، بەڵام هەموو پێکەوە یەك ڕاستی دەسەلمێنن، کە لەم وڵاتە ئازادی بوونی هەیە) .

میخائیل گۆرباچۆ فیش کە دوایین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بوو، لە چوارچێوەی بەرنامەی گلاسنۆست، گەیشتە ئەو هەقیقەتەی کە دەسەڵاتی میدیا زۆرکاریگەرە، وەك هەوڵێك بۆ نوێکردنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، هەربۆیە بواری بە ئاستێکی بەرزی ئازادی میدیا دا، بەڵام وەك گۆرباچۆف و جیهانیش بە زوویی بۆیان ئاشکرا بوو، ئەو زانیارییە وردانەی دامەزراوەکانی سۆڤیەتی پێشوو ڕێگەیان نەدەدا دەست میدیا بکەوێت، لەگەڵ پیادەکردنی بەرنامەی گلاسنۆست بووە هۆکاری ئەوەی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت بەدوای خۆیدا بهێنێت.

ئەو نموونانەی لەو چەند دێڕەی سەرەوە ئاماژەمان پێکردن،

●●●

**هەموو فەلسەفەی سیاسی هەتا ئێستا نەیتوانیوە، جێگرەوەیەک بۆ میدیای ئازاد لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بدۆزێتەوە**

●●●

●●●

**هەموو ئەو شتانەی لە میدیاکانی ئەمریکا بڵاو دەکرێنەوە، مەرج نییە هەمووی ڕاستی بێت، بەڵام هەموو پێکەوە یەک ڕاستی دەسەلمێنن، کە لەم وڵاتە ئازادی بوونی هەیە**

●●●

((ئەندامانی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسە پیشەگەرەکان پێیان وایە، هۆشیاری گەل مەسەلەیەکە، پێش دادپەروەری و بونیادی دیموکراتی دەکەوێت، ئەرکی ڕۆژنامەنووسە بەگەڕان بەدوای ڕاستیەکان و بە خستنەڕووی ڕووداوەکان بە شێوازێکی ڕاشکاوانە و عادیلانە ئەو داواکارییە جێبەجێبکات. ڕۆژنامەنووسان خاوەنی ویژدانی زیندوون، زۆر بە وردی و ڕاستگۆیانە لە پێناوی خزمەتکردنی جەماوەر کاردەکەن، نەزاهەی پیشەیی بەردی بناخەی متمانەی ڕۆژنامەنووسە، ئەندامانی ڕێکخراوەکە، جەختدەکەنەوە لەسەر بایەخدانیان بە ڕەفتاری ئەخلاقی وئەم بنەمایانەیان دارشتووە، بۆ ڕاگەیاندنی پرانسیپی ڕێکخراوەکە و دیاریکردنی کارەکانیان))



زۆرگرنگن بۆ بەدیارخستنی رۆڵی میدیای ئازاد بۆ هوشیارکردنەوەی تاکەکانی گەل و بونیادی پەرلەمانی ئازاد و حکومەتی کاراو خزمەتگوزار، بۆیە ئەم راپۆرتەش، بەو جۆرە پەیوەندی میدیای ئازاد و هۆشیارکردنەوەی گەل وەك مەسەلەیەك لە پێشتر لە عەدالەت وبونیادی دیموکراسی لە کۆمەڵگە سەیر دەکات و دەیەوێت بەوجۆرە لە بۆنەی ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی و ساڵیادی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ خوێنەرانی خۆی بدوێت، (کە پەیوەندی نێوان میدیای ئازاد و گەل وەك پەیوەندی نێوان دایك وکۆرپە وایە، ئەگەر دایك نەبوو کۆرپە بوونی نییە، ئەگەر کۆرپەش نەبوو دایك بوونی نییە) ئەمەش واتە، راستە میدیای ئازاد دایکە بۆ دادپەروەری و بونیادی دیموکراسی، بەڵام ئەگەر دادپەروەری و دیموکراسیش بوونی نەبوو، میدیای ئازاد بوونی نابێت، بەتەواوەتی وەك پەیوەندی نێوان کۆرپە و دایك، هەرکامێکیان بێ ئەوی دیکەیان بوونی نییە، چۆن هەموو زانستی پزیشکی نەیتوانیوە هەتا ئێستا جێگرەوەی دایك بۆ کۆرپە بدۆزێتەوە.، هەموو فەلسەفەی سیاسیش هەتا ئێستا نەیتوانیوە، جێگرەوەیەك بۆ میدیای ئازاد لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بدۆزێتەوە.

بەداخەوە ئەم پێوەندییە گرنگەی نێوان میدیای ئازاد و دادپەروەری و دیموکراسی، لە کوردستاندا، نە رەنگدانەوەی پێشەکی کۆدی ئەخلاقی کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسە پیشەوەرەکانی جیهانە، نە رەنگدانەوەی گوتە بەناوبانگەکەی جیفرسۆنیشە، بێگومان ئەگەر هەڵبژاردن بێتە سەر ئەوەی میدیای ئازاد یان پەرلەمانی ئازاد، میدیای ئازاد هەڵبژێرین.، ئەمەش پێچەوانەی رەنگدانەوەی گەیشتن بە راستیەکانی گۆرباچۆفە، کە دەسەڵاتی کوردی لەوە بترسێت میدیای ئازاد دەیرووخێنیت.

لەم رۆژە پیرۆزەدا کە بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان تەنها یەك بۆنەیە و بۆ ستاڤی گوڵان هاوکات دوو بۆنەیە، بە پێویستی دەزانین زۆر راشکاوانە و شەفافانە لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەڵوەستە بکەین و پێش ئەوەی پرسیار لە هیچ کام لە پێکهاتەکانی ماس میدیای کوردستان بکەین، ئەو پرسیارانە لە خۆمان دەکەین:

١- کە میدیای ئازاد هێندە کاریگەرو پێویست بێت بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئایا هۆکاری بوون و مانەوەی ماس میدیا حزبیەکان چین؟

٢- ئایا تا ئێستا هیچ کەناڵیکی ماس میدیای حزبی لە کوردستان، زاتی ئەوەی کردووە بڵێت، میدیای ئازادمان پێویست نییە؟

٣- ئایا دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان(سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان) زەمینەی دروستبوونی میدیای ئازادیان فەراهەمکردووە، یان رێگربوون؟

٤- ئایا بونیادی میدیای ئازادیش، وەك بونیادی دیموکراتی و پیادەکردنی ئابووری بازار، پێویستی بە قۆناخێکی گواستنەوە و ماوەیەك بۆ بونیادی دامەزراوەکانی و پێناسەکردنەوەی خۆی وەك بزنس، هەیە؟ ئەگەر پێویستی بەم قۆناخەی گواستنەوەیە و بونیادی دامەزراوەی میدیای ئازاد وەك بزنس هەیە، داواکارییەکانی لە دەسەڵاتەکانی کوردستان چین؟ ئایا دەسەڵات ئامادەبووە، لەم قۆناخە هەستیارەدا هاریکاری میدیای ئازاد بکات یان دەرگای بە روودا داخستوون؟

٥- ئایا کەناڵی لێکتێگەیشتن لە نێوان دەسەڵاتی کوردستان و میدیای ئازاد هەیە؟ ئەگەر هەیە بۆچی هەست بە کاریگەری میدیا ناکەین؟ بۆچی پەتی متمانەی نێوان هاوڵاتیان و میدیای ئازاد رۆژ لەدوای رۆژ لەبری ئەوەی ئەستوور بێت، باریکتر دەبێتەوە؟

٦- ئایا رێژەی لە سەدا چەندی هاووڵاتیان پشتگیری میدیای ئازاد دەکەن، بەوەی نابێت هیچ سانسۆرێك لەسەر میدیا هەبێت؟ ئایا لەسەدا چەندی هاووڵاتیان لەم قۆناخە بەپێویستی دەزانن، بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی سنوورێك بۆ میدیای ئازاد دابنرێت؟ پرسیار ئەوەیە ئایا رۆژنامەنووسانی جیهان کە ئازادن و بە ئازادی لێکۆلینەوەی رۆژنامەنووسی دەکەن و هەواڵەکان بەراشکاوی و بە ویژدانەوە بڵاودەکەنەوە، وڵاتەکانیان ئاسایشی نەتەوەییان نییە؟، بۆچی لەو وڵاتانە میدیای ئازاد فاکتەرێکە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و لە کوردستان رێژەیەك هەیە (ئەوجا کەم یان زۆر) پێیان وایە ئازادی رۆژنامەگەریی هەندێك جار مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی دروستدەکات؟

٧- ئایا هۆکاری ئەم ترسە، دەسەڵاتە یان رۆژنامەنووسان، ئەگەر دەسەڵات ئەم ترسەی هەیە، چۆن دەسەڵات دڵنیابکەینەوە، رۆژنامەنووسان پێش هەر توێژێکی دیکە شەونخوونی دەکەن بۆ ئەوەی پاسەوانی ئازادی و سەروەریە نیشتمانیەکان بن، ئەگەر رۆژنامەنووسانەکانیش بۆ ئەم ئەرکە گرنگە کامڵ نەبوون.، چی بکەین بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسانی کوردستان پەرەپێبدەین، تا ئەم ئەرکە گرنگە بگێرن؟

٨- ئەو رێکخراوەی کە لە کوردستان پێی دەڵین (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) و شانازی پێدەکەین، ئەم رێکخراوە ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانە، پریس کارتی جیهانی بە سەر رۆژنامەنووسە ئەندامەکانی دابەش دەکات، تاچەند هەوڵیداوە، رۆژنامەنووسە ئەندامەکانی هۆشیار بکاتەوە، مانای ئەو پرێس کارتە جیهانیەی دابەشی دەکات بۆ رۆژنامەنووس چییە؟ ئایا مانای پێدانی ئەم پریس کارتە بە رۆژنامەنووسان، تەنها پێدانی ئابوونەی ساڵانەیە، یان دەبێت رۆژنامەنووسەکە شایستەی ئەوە بێت، پریس کارتی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵی جیهانی بکاتە ملی؟

٩- ئایا رۆژنامەنووسانی کوردستان بەگشتی و، ئەو رۆژنامەنووسانەی کە بە خۆیان دەڵێن رۆژنامەنووسی ئازاد، تاچەند کاریان بۆ چوارچێوەیەك کردووە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان شەفاف بێت؟ تاچەند هاوکار بوون بۆ ئەوەی حکومەت ناچار بکەن، رۆژنامەنووسان بە ئاسانی دەستیان بگاتە سەرچاوەی زانیارییە پێویستەکان بۆ کاری رۆژنامەوانی و، تاچەند نموونەی بونیادی دامەزراوەکانی جیهانیان پیشانی حکومەتی خۆیان داوە، بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی بەئاستی ستاندەری جیهانی بونیاد بنێتەوە، کە بتوانێت شەفافانە

●●●
**ئایا بونیادی میدیای ئازادیش، وەک بونیادی دیموکراتی و پیادەکردنی ئابووری بازار، پێویستی بە قۆناخێکی گواستنەوە و ماوەیەک بۆ بونیادی دامەزراوەکانی و پێناسەکردنەوەی خۆی وەک بزنس، هەیە؟**
●●●

●●●
**بوودجەی دابینکردنی دەرچوونی گۆڤارو رۆژنامە ئەهلییەکان لە کوێوە دێت ؟ کام گۆڤارو رۆژنامەی ئەهلی (ئەگەر راستدەکەن ئەهلین) لەم بارەیەوە شەفاف بوونە؟**
●●●

کار بـکات و قۆرخی ســەرچاوەکانی زانیاری نــەکات؟ ئایا ڕۆژنامەنووســان (بەتایبەتی سەرنووسەری ڕۆژنامە ئازادەکان) تاچەند ئامادەن داهاتی خۆیان وەك ڕۆژنامەنووس، سەرچاوەی ئەو داهاتە بۆ خوێنەرانی خۆیان ئاشکرا بکەن؟ تاچەند ئامادەن سەرچاوەی داهاتی خۆیان (دەرەکی یان ناوخۆ) بۆ خوێنەرانی خۆیـان ئاشــکرا بکەن؟بۆچی ئاشــکرای ناکــەن بوودجەی دابینکردنــی دەرچوونی گۆڤارو ڕۆژنامە ئەهلییەکان لە کوێوە دێت ؟ دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامە بە ناوی تاکە کەسێکەوە ئایا تەنها لە ڕووە مادییەکەی هێندە ئاسانە؟ کام گۆڤارو ڕۆژنامەی ئەهلی (ئەگەر ڕاســتدەکەن ئەهلین)لەم بارەیەوە شەفاف بوونە؟ تاچەنــد گەلی خۆیان هۆشــیار کردۆتەوە، کــە بواری کاری ڕۆژنامەگەری ئازاد، هەردوو بواری کەرتی گشــتی وکەرتی تایبەتە و، نابێــت ڕۆژنامەی ئازاد ببێتە پارێزەری بەرژەوەندی گــرووپ، کۆمپانیا، تاکەکەس؟ ئایا ڕۆژنامەنووســان تاچەند گەلی خۆیان بە ئاراســتەی شــەفافیەت و ئازادی گەیشتن بە زانیاری هۆشــیارکردۆتەوە؟ تاچەند گەلی خۆیان هۆشیار کردۆتەوە، کە شــەفافیەت و گەیشتن بە سەرچاوەی زانیاری، پێویستی بە دامەزراوەی هاوچەرخ هەیە؟

١٠- ئایا تاچەند تێکرای ماس میدیاکانی کوردســتان، خەمی ســەرەکیان ئەوەبووە، گەلی خۆیان بــۆ بونیادی دادپەروەری و بونیادی دیموکراسی هۆشیار بکەنەوە؟ ئایا تاچەند هەوڵیانداوە ئاسەوارەکانی ئاژاوە وشەڕی دەسەڵات (شەڕی ناوخۆ ) بسڕنەوە و تاچەندهەوڵیانداوە بایەخی ئاشتی بۆ بونیادی دیموکراسی لە گەلی خۆیان بگەیەنن و، تاچەند هەوڵیانداوە کولتووری شەڕی دەسەڵات لە شــەڕی ناوخۆوە بگۆڕن بۆ ململانێی ئاشتیانەی دەستاودەســتکردنی دەســەڵات و هەنگاونان بۆ ســەرەتاکانی بونیادی دیموکراســی وسەروەری یاســا لە کوردستاندا؟ دەیان پرسیاری دیکە هەن، کە پێویستە لەم ڕۆژەدا واتە (٢٢ی نیسان) ڕۆژنامەنووســان لە خۆیانی بکەن، بە بۆ چوونی ئەم ڕاپۆرتە، گرنگترین پرسیار ئەوەیە، ئەگەر ڕۆژنامەی ئازاد لە کوردستان بوونی هەیە، بۆچی هەتا ئێستاش ڕۆژنامەو بڵاوکراوە حزبیەکان وەك پێویستیەك لەلایەن خوێنەرەوە سەیر دەکرێن؟

## لە وڵاتێکدا میدیای ئازاد بوونی هەبێت حزبەکان خاوەنی ماس میدیا نیین

ئەم ناونیشــانە، بۆ ڕەتکردنەوەی بوونی میدیای ئازاد نییە لە کورستان، یان بۆ ئەوەنییە، بایەخی میدیای ئازاد کەمبکرێتەوە، بەڵکو بۆ موناقەشــەیەکی زانســتیانەیە، بۆ ئەوەیە لە خۆمان بپرسین، ئەگەر میدیای ئازاد ئەرکی خۆی جێبەجێکردووە؟ ئایا ئەرکی مــاس میدیای حزبەکان چیین؟ بۆچی حزبەکان ناچار نەبوون ماس میدیاکانیــان دابخەن؟ بۆچی بەم دواییە هەندێك حزب، دەچن بەڵێن بە دەوڵەتانی دراوسێ دەدەن، تەمویلی ماس میدیاکانیان بکرێت، بۆئەوەی ئەوانیش لە ناو کوردستان خاوەنی ماس میدیای خۆیان بن، (مەبەســتمان لە ماس میدیا هەموو کەناڵەکانی میدیایە بە بینرا وبیســتراو نووســراو + میدیای ئەلیکترۆنی)، کەواتە لە واقیعی کوردســتان بە فیعلی شتێك پیادەدەکرێــت، کە تەواو تەواو دژی بنەما پیادەکراوەکانی (نەك تیۆری )دیموکراتیــە لیبرالەکانی جیهانە، واقیعی کوردســتان پێمــان دەڵێــت، دەبێت چــۆن پارتی ویەکێتــی خاوەنی ماس میدیــای خۆیانــن، دەبێت حزبێکی بچکۆلەی وەك سۆشــیال دیموکرات و کۆمەڵ و یەکگرتوو و پارێزگاران و زەحمەتکێشان و یەکێتی نەتەوەیی کوردســتان وشــیوعی و ..هتد، خاوەنی مــاس میدیای خۆیان بن، دەبێــت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ســەندیکاکان، تەنانەت سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردســتانیش خاوەنی میدیای تایبەتــی خۆی بێت. ئایا ئەم دیاردەیــە لە جیهانی دیموکراتیدا بەم شــێوەیە؟ ئایا کەناڵی CNN کەناڵی پارتی دیموکراتی ئەمریکایە، CBS کەناڵی پارتــی دیموکراتی ئەمریکایــە، کەناڵی FOX NEWS کەناڵی پارتی ســەوزی ڕالف نادرە؟، ئایا لە بەریتانیا کەناڵی BBC کەناڵی پارتی کریکارانە و کەناڵی SKY NEWS کەناڵی پارتی پارێزگارانە؟باشــە بۆچی ئەو پارتە سیاســیانە پێویســتیان بــە ماس میدیــای تایبەت بە خۆیــان نەماوە و بۆچی ئەو دیاردەیە لە کوردســتان وەك پێویســتیەك ماوەتەوە؟ بۆچی تیــراژی ڕۆژنامە وبڵاوکراوە حزبیەکانی کوردســتان، لە تیراژی زۆربــەی ڕۆژنامەو بڵاوکــراوە ئەهلیەکان زیاترە؟ ئایا ئــەو ڕۆژنامەوگۆڤارە ئەهلییانەی کــە ژمارەی تیراژیان لــە گۆڤارو ڕۆژنامە حزبیەکان زیاترە، هۆکاری پرۆفیشــناڵی کاری ڕۆژنامەنووسی و پابەندبوونە بە ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری پیشــەگەرییەوە؟ یان هۆکارەکەی ئەوەیە کار لەسەر ورووژاندن دەکەن؟ بۆچی ڕۆژنامەنووســانی بیانی کە دێنە کوردســتان زانیاری پێویســتیان دەســتدەکەوێت؟ بەڵام ڕۆژنامەنووسانی ناوخــۆ گازندەیانە زانیاریان دەســت ناکەوێت؟ ئایا حکومەتی کوردســتان بە دوو پێوانــە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووســان دەکات، یان ڕۆژنامەنووســانی بیانی بــۆ وەرگرتنی زانیاری پێویســت کارامەترن؟ ئایا تیراژی ڕۆژنامە ئەهلیەکان تاچەند ڕەنگدانــەوەی نێوان متمانەی هاوڵاتیــان و ڕۆژنامەکەن؟ ئایا ڕێژەی لەسەدا چەندی هاوڵاتیانی ئاسایی خوێنەری ڕۆژنامە ئەهلیەکان و ڕێژەی لەسەدا چەندی بەرپرسانی حزبی وحکومی خوێنەرانی ڕۆژنامە ئەهلیەکانــن؟ ئەگەر ڕۆژنامە ئەهلیەکان واز لــە کاری ورووژانــدن بهێنن و میتــۆدی ڕۆژنامەگەری پرۆفیشــناڵ بۆ بەدواداچوونــی ڕووداوەکان بگرنە بەر تاچەند ترســی دابەزاندنی تیراژی خۆیان هەیە؟ ئایا ڕۆژنامەگەری بۆتــە بزنس و بەرهەمەکەی لە بــازاڕدا قازانج بکات؟ ئەگەر بەرهەمەکەی لە ئاســتی بازاڕدا نەبێــت و زەرەر بکات، ئەی ســەرچاوەی ئەو تەمویلە کێ یە، کە بە بەردەوامی ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکە دەپارێزێت؟ لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر سەرچاوەی تەمویلەکە، ڕێکخراوە NGOs کانی پشتگیری دیموکراتیەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بێت، ئایا میدیای ئەهلی کوردســتان چۆن مامەڵە لەگەڵ مەرجی ئــەو NGOs دەکەن ؟ ئایا دەتوانن کۆپیەکی ئەو مەرجانەی پێی ڕازیبوون بۆ خوێنەرانی خۆیان بڵاو بکەنەوە؟وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بۆ ڕای گشتی جەماوەر لە لایەن میدیاوە (وەك دەســەڵاتی چوارەم) ئەم دەسەڵاتەی بێ متمانە کردووە، زەمینەی شەرعیەتدانی جەماوەریی لە میدیای

**ئەوەیە لە خۆمان بپرسین، ئەگەر میدیای ئازاد ئەرکی خۆی جێبەجێکردووە؟ ئایا ئەرکی ماس میدیای حزبەکان چیین؟**

**تیراژی ڕۆژنامە ئەهلیەکان تاچەند ڕەنگدانەوەی نێوان متمانەی هاوڵاتیان و ڕۆژنامەکەن؟**

**ئایا ڕۆژنامەگەری بۆتە بزنس و بەرهەمەکەی لە بازاردا قازانج بکات؟ ئەگەر بەرهەمەکەی لە ئاستی بازاردا نەبێت و زەرەر بکات، ئەی سەرچاوەی ئەو تەمویلە کێ یە، کە بە بەردەوامی ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکە دەپارێزێت؟ وەڵامنەدانەوەی ئەم پرسیارانە بۆ ڕای گشتی جەماوەر لە لایەن میدیاوە (وەک دەسەڵاتی چوارەم) ئەم دەسەڵاتەی بێ متمانە کردووە**



**ئەگەر حزبی سیاسیی متمانەی جەماوەر بدۆڕێنێ، تەنها حزبە سیاسیەکە زەرەر دەکات، بەڵام ئەگەر میدیای ئازاد متمانەی جەماوەر بدۆڕێنێت کارەسات دەقەومێت، سەرتاپای پرۆسە دیموکراتیەکە و دادپەروەری کۆمەڵگە دەکەوێتە مەترسیەوە**

**لە وڵاتێکدا میدیای ئازاد ڕۆڵی هەبێت، کام سەرکردە زاتی ئەوە دەکات هەڕەشە لە ئازادی بکات؟**

**تۆماس داین سەرۆکی رادیۆی ئەوروپای ئازاد ئاماژە بەوە دەکات لە راپرسیەکدا هاوڵاتیانی رووسیا بەرێژەی لە ٪٣٣ی دەنگیان بۆ ئەوە داوە کەسانسۆر بخرێتە سەر میدیای ئازاد لەبەر ئەوەی مەترسی دروستدەکات لەسەر ئاسایشی نیشتمانی**

ئەهلی وەرگرتۆتەوە، ئەمە دروست وەك دەسەڵاتی دیموکراتی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی وایە، کە هەڵەی پارتە سیاسیەکان پرۆسە دیموکراتیەکەی ناشیرین کردووە و حکومەتی بێ متمانە کردووە و زەمینەی دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی و خواستی هاوڵاتیانی بۆ تەفزیلکردنی دیکتاتۆریەت لەسەر دیموکراتیەت زیاتر کردووە، میدیا ئەگەر وەك دەسەڵات (دەسەڵاتی چوارەم) پێناسەی خۆی بکات، کە هەستدەکات جەماوەر متمانەی لەئاستی پێویست بە هەواڵ وبەدواداچوونەکانی کەمبۆتەوە، دەبێت چاو بە خۆیدا بخشێنێتەوە، میدیای ئازاد لە حزبی سیاسیی جیاوازە، ئەگەر حزبی سیاسیی متمانەی جەماوەر بدۆڕێنێ، تەنها حزبە سیاسیەکە زەرەر دەکات، بەڵام ئەگەر میدیای ئازاد متمانەی جەماوەر بدۆڕێنێت کارەسات دەقەومێت، سەرتاپای پرۆسە دیموکراتیەکە و دادپەروەری کۆمەڵگە دەکەوێتە مەترسیەوە، هۆشیاری کۆمەڵگە بۆ زەرورەتی دیموکراسی و دادپەروەری دەکەوێتە مەترسیەوەو چانسی زیندوو بوونەوەی دیکتاتۆری زیاتر دەبێت، چانسی سەرهەڵدانی سەرکردەی پۆپۆلیستی بە ئاستێك زیاد دەکات، کە شانازی بە لاساییکردنەوەی دیکتاتۆرەکانەوە بکات. دەبێت لە وڵاتێکدا سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی ئەو بانگێشەیە بەشەرعی بزانێت کە بە خەڵك بڵێت من بەهەشتان بۆ دروستدەکەم و لە دۆزەخی دیموکراتی رزگارتان دەکەم و، میدیای ئازاد بێدەنگ بێت و چەپلەی بۆ لێبدات، دەبێت بازنەی دیموکراتی و دادپەروەری لەگەڵ بازنەی میدیای ئازاد چەند لەیەکتری دوور کەوتبنەوە؟ ئایا دەبێت چ زەنگێکی مەترسیدار بۆ ئایندەی دیموکراسی ئەو وڵاتە بەرێوە بێت؟ لە وڵاتیکدا میدیای ئازاد رۆڵی هەبێت، کام سەرکردە زاتی ئەوە دەکات هەڕەشە لە ئازادی بکات؟ ئەوە غیابی میدیای ئازادە، سەرکردەی پارتێکی ئیسلامی داوا دەکات سەرچاوەی یاسادانان لە کوردستان بگۆڕێت، ئەوە غیابی میدیای ئازادە، پەرلەمانتاری ئافرەت لەپەرلەمان دەنگ بۆ چەوسانەوەی خۆی و فرەژنی دەدات، ئەوە غیابی میدیای ئازادە کچانی زانکۆ ناچاربوون، گوێ لەو خیتابە جاهیلیە بگرن کە پێیان دەڵێت، چارەنووسی خۆت بدە دەستی قەدەر و هەوڵبدە دوای پێکەوەنانی خێزان، هاوسەر و شەریکی ژیانت بناسیت و پێوست ناکات پێش هاوسەرگیری هاوبەشی ژیانت بناسیت، ئەوە غیابی میدیای ئازادە، کە خەڵك نەزانێت رووە جوانەکانی بازاڕی ئازاد چییە، ئەو میدیایانەی لە کوردستان بە خۆیان دەڵێن ئەهلی و ئازاد، لە بازاڕ و مامەڵەی بازاڕی ئازاد دوورن، یان لە ژێر کاریگەری ئەو سەرمایەدارەن کە رۆژنامە یان گۆڤارەکەیان لێدەکڕێتەوە و، لەم حاڵەتەدا کەباشترین حاڵەتی رۆژنامەگەری ئەهلیە لە کوردستان، ستاڤی رۆژنامەکە دەبنە ستاڤی سەرمایەدارەکە و بۆ ئەوەی سەرمایەدارەکە زەرەر نەکات، دەبێت هەرچۆنێك کاری ورووژاندن بکەن، نەك رۆژنامەگەری پیشەگەر و پەیرەو کردنی بنەماکانی ئەخلاقی رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ.

ئەم حاڵەتە کە رۆژنامەگەری ئازادی دووچاری ئاستەنگێکی گەورە کردووە، بەداخەوە رۆژنامەگەری حزبی بە هاوسەنگی هێشتۆتەوە.لانی کەم رۆژنامەگەری حزبی لەژێر کاریگەری حزبەکەیدایە، حزبەکەشی کە ئامانجی دەسەڵات و گرتنەدەستی دەسەڵاتە، هەندێك لەو سەرمایەدارە بە ویژدانترە کە ستاڤی رۆژنامەی ئەهلی ناچار دەکات کار لەسەر وروژاندنی ترسناك بکەن، لە NGOs کانی رۆژئاوا باشترە کە هیچ حسابێك بۆ باری تایبەتی قۆناخی بونیادی دیموکراتی ئەو وڵاتانە ناکەن کە لەدەسپێکی بونیادی دیموکراتین، رووە جوانەکەی میدیای ئازاد دەگۆڕن بۆ ئاژاوە، نەك بۆ پاسەوانی ئازادی،



ئەمە تەنها گرفتی کۆمەڵگەی ئێمە نییە، بەڵکو گرفتی هەموو ئەو کۆمەڵگایانەیە کە بەم قۆناخەی ئێمە تێدەپەڕن، ڕۆژئاوا لەم ڕاستییە تێگەیشتووە، بۆیە دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە ڕووخانی دیواری بەرلین، ئەو دامەزراوانەی وەك ڕادیۆی لیبریتی و ئەوروپای ئازاد و ڕادیۆی عێراقی ئازاد و ڕادیۆی فەردە، بەپێویست دەزانن و کۆنگرێسی ئەمریکا لەسەر باجی دەنگدەرانی بودجەی ئەو دامەزراوانە دابین دەکات و مانەوەیان بە پێویست دەزانێت، ئۆباما دوای ڕووخانی ئیمارەتی تالیبان و دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن، سیاسەتی نەرم وەك پێویستیەك بۆ گەڕانەوەی شکۆی ئەمریکا دەزانێت، هۆکاری هەموو ئەمانە ئەوەیە، کە نەتوانراوە میدیای ئازاد لەو وڵاتانە پێ بگرێت، تۆماس داین سەرۆکی ڕادیۆی ئەوروپای ئازاد ئاماژە بەوە دەکات لە ڕاپرسییەکدا هاوڵاتیانی ڕووسیا بەڕێژەی لە ٣٣٪ی دەنگیان بۆ ئەوە داوە کەسانسۆر بخرێتە سەر میدیای ئازاد لەبەر ئەوەی مەترسی دروستدەکات لەسەر ئاسایشی نیشتمانی، پیشاندانی ئەم ڕێژەیەبۆ ئەوەنیە خەڵکی خۆمان هانبدەین وەك خەڵکی ڕوسیا سەیری ڕۆڵی میدیای ئازاد بکەن، بەڵکو ئەوەیە پیشاندانی ئەم ڕێژەیە زەنگێك بێت بۆ ئێمە، ئەگەر خوانەخواستە هاوڵاتیانی ئێمەش بگەنە ئەو قەناعەتە، ئەوا دەبێت ئێمەش چاوەڕێی دیموکراتیەتێکی باشتر لە دیموکراتیەتی ڕوسیا بۆ وڵاتی خۆمان نەکەین.

## میدیا و ڕێکلام
## کەرتی گشتی وکەرتی تایبەت

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە میدیای ئازادی لە کوردستاندا تووشی شەلەل کردووە، ئەوەیە بواری ڕێکلامی بازرگانی بەو ئاستە فراوان نییە، بتوانێت ببێتە سەرچاوەی داهاتی تەواو بۆ میدیای ئازاد، ئەم حاڵەتە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی لەیەکتری جیاکردۆتەوە، میدیا ئازادەکانی کوردستان بۆ ئەوەی ڕەخنە لەکەرتی گشتی (حکومەت) بگرن، زۆر خراپ کەوتوونەتە باوەشی کەرتی تایبەتەوە، واتە کەرتی تایبەت فەرامۆشکراوە و هەموو ئاراستەی ڕەخنەو ورووژاندنەکان ڕووی کردۆتە کەرتی گشتی، لە کاتێکدا ٦٠٪ی زیاتری سەرچاوەی هەموو گەندەڵیەکانی حکومەت و خراپی ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان و هەڵاوسانی ئابووریو دروستبوونی سوپایەکی بێکار لە ناو دامودەزگاکانی کەرتی گشتی و قۆرخکردنی بازار و یاریکردن بەبژێوی ڕۆژانەی هاوڵاتیان کەرتی تایبەتە نەك کەرتی گشتی، ڕاستە بەشێکی هەڵسوڕێنەرانی کەرتی تایبەتیش هەر سیاسەتمەدار و بەرپرسەکانی کوردستانن، بەڵام ئەگەر ئەو بەرپرسە هەموو ئیرادەی گەلی کوردستان بە ناوی کەرتی تایبەتەوە سڕبکات و یاری بە داهاتی هەموو تاکەکانی کوردستان بکات، بەداخەوە میدیای ئازادی کوردستان تەنها یەك لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری لەسەر ناکات، هەتا گەندەڵیەکانی و کاردانەوە خراپەکانی لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگە ئاشکرا بکات، هەربۆ نموونە:

١- کام ڕۆژنامەی ئازاد لە کوردستان هات، لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی بکات، ناوی ئەو سەرمایەدارانە بڵاوبکاتەوە، کە دەچنە وڵاتان و داوای کەلوپەلی کوالیتی نزم دەکەن.

٢- کام ڕۆژنامەی ئازاد پرسیاری لە هەردوو کۆمپانیای کۆرەك تیلکۆم و ئاسیا سێل کرد، پێیان بڵێت، کە ئێوە یەکی ١٠ هەزار هێڵتان هەبوو، خولەکی قسەکردن، بە ٤ سەنت بوو، ئێستا هەر یەکێکتان، ١ ملیۆن هێڵتان هەیە کێ ڕێگەی پێدان خولەکی قسەکردن بکەن بە ٦-٩سەنت، ئایا ئەمە ململانێی بازار و خواستی خەڵك ئەم نرخەی بەرزکردەوە، یان مەزاجی خاوەن کۆمپانیاکان.

**کام ڕۆژنامەی ئازاد لە کوردستان هات، لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی بکات، ناوی ئەو سەرمایەدارانە بڵاوبکاتەوە، کە دەچنە وڵاتان و داوای کەلوپەلی کوالیتی نزم دەکەن**

**کام ڕۆژنامەی ئازاد پرسیاری لە هەردوو کۆمپانیای کۆرەک تیلکۆم و ئاسیا سێڵ کرد، پێیان بڵێت، کە ئێوە یەکی ١٠ هەزار هێڵتان هەبوو، خولەکی قسەکردن، بە ٤ سەنت بوو، ئێستا هەر یەکێکتان، ١ ملیۆن هێڵتان هەیە کێ ڕێگەی پێدان خولەکی قسەکردن بکەن بە ٦-٩سەنت، ئایا ئەمە ململانێی بازار و خواستی خەڵکە ئەم نرخەی بەرزکردووە، یان مەزاجی خاوەن کۆمپانیاکان**

**ئایا ڕۆژنامەیەکی ئەهلی لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی وردی کردووە لەسەر ئەوەی بۆچی نرخی هێزی کار لە کەرتە تایبەتەکانی کوردستان تاڵان فرۆش دەکرێت، ئەگەر بە ٢٠٠ دۆلار کاردەکەیت باشە، کار ناکەیت بەدیلی تۆ کرێکارێکی بەنگلادیشیە، لە چ وڵاتێکدا دەستی کاری ناوخۆ بە دەستی کاری دەرەکی تاڵان فرۆش دەکرێت**

**سەرۆکی حکومەت ئامادەبێت لانی کەم مانگی جارێک لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیدا ڕووبەڕوو لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دابنیشێت و وەڵامی پرسیارە ئازادەکانی ڕۆژنامەنووسان بداتەوە، ئایا نەبوونی شەفافیەت و قۆرخکردنی زانیاری چ مانایەکی هەیە**

٣- ئایا هیچ ڕۆژنامەیەکی ئازاد لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی کرد، کە خواردنێکی سەرەکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك کە بەدراوی قورس(دۆلار) نرخەکە وەك خۆیەتی و بە دیناری عێراقی نرخەکەی ٢-٣ قات بەرزبۆتەوە، هۆکارەکەی چییە؟

٤- ئایا ڕۆژنامەیەکی ئەهلی لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی وردی کردووە لەسەر ئەوەی بۆچی نرخی هێزی کار لە کەرتە تایبەتەکانی کوردستان تاڵان فرۆش دەکرێت، سەرمایەدارانی کوردستان بۆ نموونە(سوپەر مارکێتەکان) بەو جۆرە وەڵامی هێزی کاری ناوخۆی وڵات دەدەنەوە، ئەگەر بە ٢٠٠ دۆلار کاردەکەیت باشە، کار ناکەیت بەدیلی تۆ کرێکارێکی بەنگلادیشیە، لە چ وڵاتێکدا دەستی کاری ناوخۆ بە دەستی کاری دەرەکی تاڵان فرۆش دەکرێت، لە وڵاتانی ئەوروپا هەتا ١٠٠٠ پەنابەر وەردەگرن، ٦ مانگ لە کامپەکان دیانهێڵنەوە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بێکاری ناوخۆ نەبێت، لەکوردستان، پرۆژەکانیش بوونە هۆی بێکاربوونی هێزی کاری ناوخۆ و هەموشمان بێدەنگین، باشە چۆن دەبێت شانازی بەوە بکەین کە ئاستی گوزەران لە کوردستان بەرزبۆتەوە لە کاتێکدا دەستی کاری ناوخۆ هەرەشەی بێکاری، تاڵانفرۆشی هێزی کاری لێبکرێت.

٥- ئایا هیچ ڕۆژنامەیەکی ئەهلی لە کوردستان ڕای گشتی بەو ئاراستەیە ئامادەکردووە، کە مانای کەرتی تایبەت ئەوەیە، ئابوری لەدەستی قۆرخکردنی حکومەت ڕزگاری بێت و تەسلیمی یاسا بکرێت، نەك تەسلیمی کۆمەڵێك سەرمایەداری چاوچنۆك بکرێت، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کەرتی تایبەت جارێکی دیکە ئازاد بکرێتەوە و، یاسا سەرمایە هەڵبسوورێنێت، نەك سەرمایەداری ئانیشتمانی.

٦- بەسەدان پرۆژەی حکومەتی کوردستان کە دراوە بەکەرتی تایبەت، لەمەرجی تەندەرەکە لایداوە، ئەوجا هەر لەکاتی تەواوبوونەوە، تادەگاتە کوالیتی ئەو کەلوپەلانەی بەکاری هێناوە و چۆنیەتی غەشکردن لە دروستکردنی پرۆژەکە، ئایا میدیای ئەهلی هاتووە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دیاردەیە بکات و بەرگری لەبەرژەوەندی گشتی بکات، بەڵێندەرەکە یان کۆمپانیاکە بخاتە لیستی ڕەشەوە؟ ئایا میدیاکانی کوردستان دەتوانن لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی شانازی بەبەرگریکردن لە بەرژەوەندی گشتی بکەن و بڵێن فەرموو ئەوەندە کۆمپانیا لە ئاکامی ڕاپۆرتەکانی ئێمە خراونەتە لیستی ڕەشەوە؟ ئەگە لە هەموو وەڵامی ئەم پرسیارانە هەموو بەدوای ئەوە بگەڕێن، بۆچی ماس میدیا بەگشتی پشتی لەکەرتی تایبەتکردووە و ڕووی کردۆتە کەرتی گشتی، دیارە لەمەشدا مەبەستمان لەوەنیە کە کەرتی گشتی ڕەخنەی لێ نەگیرێت، نەخێر لەبەر ئەوەی ئەگەر بەدوای سەرچاوەی گەندەڵی و قۆرخکردندا بگەڕێین، کەرتی تایبەت بەشی شێری بەردەکەوێت، ئەگەر کەرتی تایبەت چاودێری بخرێتە سەر، پیشەسازی کوردستان، کشتوکاڵی کوردستان دەبووژێتەوە، ئەگەر کەرتی تایبەت چاودێری لەسەر بێت، نرخی هێزی کار بەرزدەبێتەوە، بۆ زیاتر لە ٢٠٠٠دۆلار لە مانگێکدا، ئەم مەزندەیە هەروا لە خۆوە نەهاتووە، سەیرکەن لە وڵاتێکدا



ژەمێك خواردنی ئاسایی لە ١٠-٢٠ دۆلار تێپەرێت، واتە ئاستی داهاتی تاکەکەس دەبێت لە ئاستی داهاتی تاکەکەسی وڵاتێکی ڕۆژ ئاوا کەمتر نەبێت، کەمتریش بێت نابێت زۆر کەمتر بێت، پرسیار ئەوەیە باشە لە وڵاتێکی ڕۆژئاوا کە نرخی ژەمێك خواردن هاوتای ژەمێك خواردنی هۆتێل و چێشتخانەکانی کوردستان بێت، بۆچی دەبێت ڕۆژانەی کرێکارێك لە کوردستان لە ٪١٠ی کرێکارێکی ڕۆژئاوا بێت، بۆیە یان دەبێت نرخی ژەمێك خواردن لە کوردستان بە ٪١٠ی نرخی ژەمێك خواردنی ڕۆژئاوا بێت، یان نابێت ڕۆژانەی کاری کرێکارێك لە ڕۆژانەی کرێکارێکی ڕۆژئاوا کەمتر بێت.پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی میدیاکانی کوردستان ئەم لایەنە گرنگەیان وەك زۆر لایەنی دیکە فەرامۆشکردووە؟، وەڵامی سادە ئەوەیە ئەو کەرتی تایبەتە گەندەڵەی کوردستان، بەیاریکردن بە بازاڕی ڕێکلام و پێویست نەبوونی بە ڕێکلام و ململانێ، کەرتی میدیاشی بە میدیای ئەهلی وحزبییەوە قۆرخکردووە و بە کرێی هەرزانی ریکلام هەموو میدیای کوردستانی دەستەمۆ کردووە، ئەگەر نرخی ڕێکلام لە میدیکانی کوردستان ئاشکرا بکەین کە لە باشترین حاڵەتدا لە چەند سەد دۆلارێك تێناپەرێت، ئەگەر میدیایەك ڕەخنەشیان لێ بگرێت، ڕێکلامی نادەنێ، ئەوجا دەزانین کەرتی تایبەتی کوردستان چ دوژمنێکی سەرسەختی دروستبوونی میدیای ئازادە لە کوردستان، چ دوژمنێکی سەرسەختی سەروەری یاسا و دادپەروەریە لەکوردستاندا.

ئەم ڕاپۆرتە پێشنیاری خۆی دەخاتە بەردەم حکومەتی کوردستان، بۆ ئەوەی لەم بوارەدا میدیای ئازاد لە ژێر کاریگەری ڕێکلامی



کەرتـــی تایبەت رزگار کات، ئـــەو کۆمپانیایەی لەبەر ئەوەی رەخنەی لێدەگیرێت، هەڕەشـــەی پێنەدانـــی رێکلام لە یەکێك لە میدیکانی کوردســـتان دەکات، رووبەرووی بەرپرســـیاریەتی یاســـایی بکرێتەوە، دەبێـــت حکومەتی کوردســـتان لەوە دڵنیا بێت، کە رۆژنامەنووســـان بەو ئاســـتە نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێت شایستەی ئەوەن بۆ بەردەوامی رۆژنامە وگۆڤارەکانیان، دەســـتگیرۆی بێ بەرامبەر و بێ داواکاری بکرێن، بۆ ئەوەی لە پێناوی بەردەوامی رۆژنامەوگۆڤارەکانیان، پەنا بۆ ورووژاندن نەبەن و کاری ســـەرەکی خۆیان کە بەدواداچوونی راســـتیەکان و کامڵبوونـــی دیموکراســـیە لە پێناوی چەند ســـەد دۆلاری سەرمایەدارێکدا بیرنەچێتەوە.

## شەفافیەت و سەرچاوەی زانیاری
## مەرجی سەرەکین بۆ کاریگەری میدیا لە کۆمەڵگەدا

لە ولاتێکدا سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی ئامادەبن، لەبەردەم پەرلەماندا بە ئاشـــکرا و بەبەرچاوی میدیا و بەگواســـتنەوەی راســـتەوخۆ بەرێگەی کەناڵەکانی سەتەلایت، موسائەلە بکرێن، دەبێت ئیدی رێگری بۆ شەفافیەت و گەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیـــاری لەلایەن رۆژنامەنووســـانەوە چی بـــن؟ لە ولاتێکدا ســـەرۆکی حکومەت ئامادەبێت لانی کـــەم مانگی جارێك لە کۆنگرەی رۆژنامەنووســـیدا رووبەروو لەگەڵ رۆژنامەنووسان دابنیشێت و وەڵامی پرسیارە ئازادەکانی رۆژنامەنووسان بداتەوە، ئایا نەبوونی شـــەفافیەت و قۆرخکردنی زانیاری چ مانایەکی هەیە، لە وڵاتیکدا بەرپرســـی دەزگای ئاسایشـــی گشـــتی و وەزارەتی ناوخۆ نەتوانێت بۆ سەلامەتی رۆژنامەنووسان فۆرمی زانیاری دابەش بکات، رۆژنامە بەو ئاســـتە ئازادی هەبێت، بە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشـــی گشـــتی وڵاتەکەی بڵێت، ئەمە رەفتارێکی نادیموکراتیانەیە و فەرموو بابچینە بەردەمی یاسا و تۆ مافت نییە داوای زانیاری لەمن بکەیت، پرسیار ئەوەیە ئایا بۆچی میدیای ئازاد کاریگـــەری نییە؟ئایا بۆچی هاوڵاتیان بـــە گومانەوە ســـەیری هـــەواڵ وبەدواداچوونەکانیان دەکەن و ناجوولێـــن؟ ئەم پرســـیارانە دەبێت ئێمەی رۆژنامەنووســـان لە ژوورەکانی نووسین لە خۆمانی بکەین و راشکاوانە رەنگدانەوەی بـــە نەهجی ئایندەی گۆڤـــار و رۆژنامەکانمانەوە هەبێت، نەك بەدوای پاکانەیەك بگەڕێن کە هەندێك جار کە ســـارد دەبینەوە، خۆمـــان پێش هاوڵاتیان، بزەیـــەك دەمانگرێت.ئەمە نەك لەبەر ئەوەی لە کوردســـتان ســـەرچاوەی زانیـــاری قۆرخکراوە یان قۆرخنەکراوە، لەبەر ئەوەیە میکانیزمێکمان نییە، ســـەرچاوەی زانیـــاری پێ قۆرخ بکەین، کە دەشـــڵێین نیمانـــە پێی قۆرخ بکەین، هەندێك کەس بـــە بەرگریکردن لە حکومەت تێدەگات، نەخێر هەندێك جـــار دامودەزگاکانی حکومەت بۆ بەرژەوەندی خۆیان و لەبەردەمی کۆمپانیاکانی بیانی بەوە ئیحراج دەبن، کە ئەو میکانیزمەیان هەتا ئێســـتا بۆ دروست نەبووە، کە زانیاری پێویســـت (بۆ پڕوپاگەندەی خۆیان) بخەنە بەردەستی کۆمپانیا بیانیەکان، بەرێز ســـەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لە دیمانەیەکیدا کە لە کتێبی (هەرێمی کوردستان : وەبەرهێنان لە ئایندە) راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێك لە گرفتەکانیان ئەوەیە کە نەیانتوانیوە زانیاری پێویست وەك رووپێو بۆ چۆنیەتی وەبەرهێنان لەکوردســـتان بخەنە بەردەم وەبەرهێنانی بیانی، ئەمە مانای ئەوەیە، هێشتا لە کوردستان میکانیزمێك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری نییە، کە ئەم میکانیزمە نەبێت چۆن سەرچاوەی زانیاری قۆرخدەکرێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە رۆژنامەنووســـێك داوای هەرچیەك بکات، رێگـــری لێ ناکرێت، دەڵێین فەرموو ئەوە زانیاریەکان لەبەردەســـتە، لەبەر ئەوەی ئەمەیان دەکەوێتە ســـەر ئاســـتی میزاجی ئەو بەرێوەبەرەی خۆی تەفســـیر بۆ گەیاندنـــی ئەو زانیارییە دەکات، بـــەڵام کاتێك ئەو زانیاریەی لای ئەو بەڕێوەبەرە یان ئەو وەزارەتەیە، بەبێ ئەوەی وەزیرەکە یان بەڕێوەبەرە بزانێت، بچێتە ناو ویبسایتی وەزارەتەکەی، یان بچێتە ناو تۆڕی ئەو کۆمپیوتەرانەی کە هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتەکان پێکەوە دەبەســـتێتەوە، ئیدی ئەو دەسەڵاتە نامێنێت، بتوانرێت قۆرخی سەرچاوەی زانیاری لە رۆژنامەنووس بکرێت، بێگومان کاری رۆژنامەگەری پێویســـتی بەو زانیاریانەیە کە خزمەتی بەرژەوەندی گشـــتی و ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان و دیموکراسی ودادپەروەری دەکات، نەك ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە چارەنووس و ســـەروەری وڵاتەوە، بێگومان مەزندەش ناکرێت هیـــچ رۆژنامەنووســـێك (ئەگەر لایەنێك رای نەســـپاردبێت) بەدوای ئەو زانیاریانە ناگەڕێت، هەروەك چۆن پلانەکەی تۆمی فرانکـــس بۆ ئازادکردنی عێراق هەتا بە تەواوەتی جێبەجێ کرا، نهێنی و شاراوە بوو، هەتا ئێستاش گوێمان لە رۆژنامەنووسێکی ئەمریکی نەبووە، رەخنەی ئـــەوە لە ئیدارەی ئەمریکا بگرێت، سەرچاوەی ئەو زانیاریانەی قۆرخکردووە.

●●●

**باشە چۆن دەبێت شانازی بەوە بکەین کە ئاستی گوزەران لە کوردستان بەرزبۆتەوە لە کاتێکدا دەستی کاری ناوخۆ هەڕەشەی بێکاری، تاڵانفرۆشی هێزی کاری لێبکرێت**

●●●

●●●

**ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کەرتی تایبەت جارێکی دیکە ئازاد بکرێتەوە و، یاسا سەرمایە هەڵبسوورێنێت، نەک سەرمایەداری نانیشتمانی**

●●●

●●●

**ئەگەر کەرتی تایبەت چاودێری لەسەر بێت، نرخی هێزی کار بەرزدەبێتەوە، بۆ زیاتر لە ٢٠٠٠دۆلار لە مانگێکدا**

●●●



## گوڵان باری رۆژنامەگەری ئەمڕۆی جیهان لەگەڵ رۆژنامەنووس برۆکس تاوتوێ دەکات

# ڕۆژنامەنووسان زۆرجار بەرپرسان بۆ دەسکەوتنی زانیاری بێزار دەکەن، بەڵام دەبێت بەرپرسان ئەو ڕاستیە بزانن کە رۆژنامەنووسان بەشێکن لەپرۆسەی دیموکراتی ئەم وڵاتە

رۆژنامەنووس فیڵ برۆکس ئوستادی رۆژنامەوانی و بەڕێوەبەری دیراساتی ریپۆرتە لەزانکۆی میسوری (Missouri) بۆ رۆژنامەوانی. پرۆفیسۆر برۆکس ماوەی ٤٠ ساڵە کاری رۆژنامەنووسی دەکات و پەیامنێری کەناڵی CBS و NPR بووە و هەواڵەکانی کۆنگرێسی رووماڵکردووە، برۆکس لەچەندین وڵاتی جیهان وەك (بۆسنە، بولگاریا، کۆماری چیك، فەڕەنسا، هەنگاریا، مەکەدۆنیا، نەرویج، رووسیا، پۆڵەندا، ئیسپانیا، سیرلانکا، ئۆزباکستان، هیندستان، ئیتاڵیا، قیرغیزستان) کاری رۆژنامەنووسی کردووە و لەهەردوو زانکۆی ئیسپانیا و هیندستانیش وانەی رۆژنامەوانی گوتۆتەوە.

گوڵان بەبۆنەی ساڵیادی رۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری گوڵانەوە بەپێویستی زانی لەم بۆنەیەدا، باسێکی رۆژنامەگەری ئەمڕۆی جیهان لەگەڵ یەکێك لەو ڕۆژنامەنووسانە بورووژێنێت، کە شاهێدی دوو سەردەمی جیاوازی کاری رۆژنامەگەرییە لەجیهاندا، یەکەمیان سەردەمی پێش کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و دووەمیشیان سەردەمی دوای تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، واتە ئەو سەردەمەی واشنتۆن پۆست بەئامێری چاپ کاری دەکرد و ئەم سەردەمەش کە واشنتۆن پۆست بەئۆنلاین لەیەك ساتدا هەواڵەکانی بەهەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە.

گوڵان لەم قۆناخەی تەمەنیدا کە ماوەی چەند ساڵێکە بەتەواوەتی خۆی تێکەڵاوی رۆژنامەگەری جیهانی کردووە و راستەوخۆ لەسەر ئەو بابەتانەی لەرۆژنامە جیهانیەکان لەسەر پرسی کورد و ناوچەکە دەنووسرێت لەگەڵ رۆژنامەنووسە جیهانی و ئیقلیمیەکان موناقەشەی راستەخۆ دەکات و رۆڵی ئەو پردە دەبینێت کە بیربۆچوونەکانی ناوخۆی کوردستان دەباتە ناو پسپۆران و ئەکادیمی و سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووسانی جیهانی، لەم بوارەشدا نموونەی جێگە دەستەکانی دیارە، وەك وتوێژی گوڵان لەگەڵ رۆژنامەنووسی بەناوبانگی واشنتۆن پۆست لەسەر پرسی هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەرامبەر حکومەتی بەغدا، هەروەها وتوێژی گوڵان لەگەڵ داڤید برۆدەر لەسەر پرسی کارکردنی رۆژنامەنووس بەپرەنسیپە ئەخلاقییەکانی رۆژنامەنووسی، وتوێژی گوڵان لەگەڵ جەنگیز چاندار کە هاوڕێی سەفەری بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆگان بوو بۆ بەغدا و سەبارەت بە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی تورکیا، وتوێژی گوڵان لەگەڵ رۆژنامەنووس ئالۆن بن مایەر لەسەر پرسی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا و.. هتد، ئەمەش مانای ئەوەیە گوڵان زەمینەیەکی ئەوتۆی بۆ پێگەی خۆی لەنێو رۆژنامەگەری ئیقلیمی و جیهانیدا دروستکردووە، کە رۆژنامەگەری کوردی وەك بەشێك لەرۆژنامەگەری جیهان پێناسە بکات. هەر بۆیە لەم دیمانەیەدا، هەوڵیداوە پرسە گشتییەکانی رۆژنامەگەری جیهانی بەپرسە تایبەتییەکانی رۆژنامەگەری لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو گرێ بداتەوە، کە ئێستا هەرێمی کوردستان وەك قۆناخی بونیادنانەوە پێیدا تێدەپەڕێت، ئەمەش دەقی وتووێژی نێوان گوڵان و پرۆفیسۆر برۆکسە لەسەر ئەم پرسە گرنگە:

## فیل برۆكس (ڕۆژنامەنووس و ئوستادی ڕۆژنامەوانی) بۆ گوڵان:

# دیموكراسییەتی ئەمریكا بەرهەمی ڕاگەیاندنی ئازاد و ئازایە

*** ئەگەر وەك پرۆژەیەكی بازرگانی لەڕاگەیاندن بدوێین ئەوا كاری ڕۆژنامەگەری لەچوارچێوەی سەروەری یاسا جیاناكرێتەوە، چۆن دەكرێت حوكمی یاسا خزمەت بەڕاگەیاندن بكات و ڕاگەیاندنیش ببێتە هۆكارێك بۆ سەركەوتنی حوكمی یاسا؟!**

- با بگەڕێینەوە بۆ باگراوندی ئەم باسە، لەوڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە ئەركێكی زۆر تایبەت ئەدا دەكەن لەپرۆسە حكومیەكەدا و زۆرجار پێی دەگوترێت دەسەڵاتی چوارەم، كە دوای دەسەڵاتی جێبەجێكردن كە لەسەرۆكی ئەمەریكادا خۆی دەبینێتەوە، دەسەڵاتی یاسادانان (كۆنگرێس) و سیستەمی دادوەری دێت. ڕۆڵی ئێمە وەك چاودێرێك بەشێكی دانەبڕاوە لەكاری حكومی بەچەشنێك پێی دەگوترێت دەسەڵاتی چوارەم دوای سێ دەسەڵاتەكەی دیكە، هەرچەندە بەشێك نیە لەحكومەت بەڵام زۆرجار بوونی حكومەت پشت بەبوونی ڕاگەیاندنێكی سەربەخۆ و هەندێ جار ڕكابەرانە دەبەستێت بۆ چاودێریكردنی بەرپرس و كاردەبەستە ڕەسمی و حكومیەكان. من بەدرێژای ژیانی خۆم چاودێری كارەكانی حكومەتم كردووە و دەتوانم بەدڵنیاییەوە پێتان بڵێم ئەگەر سیاسەتمەدار و بەرپرسە گشتیەكان لەلایەن دەزگاكانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەكانەوە گوشاریان نەخرایەتە سەر، ئەگەر لەلایەن ڕاگەیاندنەوە ئەوە ئاشكرا نەكرایە كە هەوڵەكانی كاریگەربوون بەسەر پرۆسەی یاسادانانەوە پاڵنەری شەخسیان لەپشتە، ئەوا بڕیارەكان بەشێوەیەكی بەرچاو و تا ڕاددەیەكی گەورە جیاواز دەبوون لەو یاسایانەی ئێستا دەركراون. لەئەمەریكادا بوونی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئازاد گرنگی تەواوی هەیە بۆ كۆمەڵگەی مەدەنی، با زیاتر باسی ئەم مەسەلەیە بكەین، بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی دووچاری ئەمەریكا بۆتەوە زۆرێك لە ڕۆژنامەكان داخراون و هەندێكیشیان لەپاشەكشەدان، ئەمەش لەبەشێكیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خەڵك ڕوودەكەنە ئینتەرنێت و لەبەشێكیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ڕۆژنامەكان نافرۆشرێن، بەو پێیە ناتوانن داهاتی بەردەوامبوونیان بەدەستبهێنن. من لەگەڵ چەندین بەرپرسی حكومی ئێستا و پێشوودا گفتوگۆم كردووە، هەموویان نیگەرانی قووڵی خۆیان دەربڕیوە لەئاست ئەوەی چارەنووسی دیموكراسی ئەمەریكا چی دەبێت ئەگەر ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی ئازاد لەئارادا نەمێنن؟! تەنانەت یەكێك لەو كەسانەی پێشتر كەسایەتییەكی حكومی دیار بوو، هەروەها ڕەخنەی زۆری لەڕۆژنامەكان دەگرت، گوزارشتی لەهەمان نیگەرانی كرد و باسی لەوەكرد ئەگەر ڕاگەیاندن چاودێری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی كاروبارەكان نەكات هاووڵاتیان چۆن بزانن



چی دەگوزەرێت و چۆن بزانن دەبێت دەنگ و متمانەی خۆیان بە كێ بدەن، ئەگەر لەلایەن دەزگایەكی سەربەخۆوە زانیاریان پێنەگات، لێرەدا مەبەستم لەسەربەخۆ ئەوەیە كارمەندی حكومەت نەبن، چونكە زۆرجار حكومەتیش چەند ئاژانسێكی هەیە كە وەك سەرچاوەی زانیاری كاردەكەن، بەڵام زۆرجار لایەنگیری دەكەن لەكارەكانیاندا، ڕۆڵی ڕەخنەگر نابینن و بگرە ستایشی كارەكانی حكومەت دەكەن.

*** جیاوازی چییە لەنێوان كاریگەری ڕاگەیاندن و پیادەكردنی سەروەری یاسادا، لە وڵاتە گەشەكردوو و تازە گەشەكردووەكاندا؟**

- من لەم بوارەدا كارێكی زۆرم ئەنجامداوە، من دڵنیام مەرج نییە ئەو مۆدیلەی لەوڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا پیادە كرا، مودێلێكی تەواو سەركەوتوو بێت، بۆ نموونە حكومەتی ئەمەریكی هیچ دەزگا و دامەزراوەیەكی ڕاگەیاندنی حكومی نیە بۆ ئەوەی مەوزوعیانە بابەت و

●●●

**من لەگەڵ چەندین بەرپرسی حكومی ئێستا و پێشوودا گفتوگۆم كردووە، هەموویان نیگەرانی قووڵی خۆیان دەربڕیوە لەئاست ئەوەی چارەنووسی دیموكراسی ئەمەریكا چی دەبێت ئەگەر ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی ئازاد لەئارادا نەمێنن؟!**

●●●

●●●

**حكومەتی ئەمەریكی هیچ دەزگا و دامەزراوەیەكی ڕاگەیاندنی حكومی نیە بۆ ئەوەی مەوزوعیانە بابەت و هەواڵەكان بڵاوبكاتەوە**

●●●

هەواڵەکان بڵاوبکاتەوە، من پێموایە ئەمە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە. چەند ساڵێك پێش ئێستا لەسیمینارێکدا ئەوەم بۆ چەند کەسایەتییەکی خەڵکی هیندستان خستەڕوو کە مەرج نییە حکومەت هیچ دەزگایەکی پەخشی نەبێت، لەبەرئەوەی زۆرجار دەزگاکانی راگەیاندن تەنها بۆ بواری تەرفیهی دەخرێنەگەڕ. لەئەمەریکادا یاسایەك هەیە ئازادی رادەبڕین دەپارێزێت و ئێمە مافی خۆمانە بەپێی ئەو یاسایە داوای زانیاری لەدەزگاکانی حکومەت بکەین، بەڵام گرنگە تێگەیشتن و پەسەندکردنێکی گشتی هەبێت کە ئێمە رۆڵێکی شەرعیمان هەیە، ڕەنگە زۆرجار ئەوان بێزار بکەین و گوشاریان بخەینەسەر، بەڵام دەبێت ئەو راستیە بزانن ئێمە بەشێکی سەرەکین لەدیموکراسیەتی ئەم وڵاتە و لە راستیدا بناخەی دیموکراسیەتی ئەم وڵاتە بوونی راگەیاندنی ئازاد و ئازایە، من پێموایە تێگەیشتن لەم راستیە هێندەی بوونجی ئەو یاسایانە گرنگە کە ئەم ئازادیانە دەپارێزین، ڕەنگە زۆرجار بەرپرسە گشتیەکان خۆشحاڵ نەبن بەو کارەی ئێمە دەیکەین، بەڵام دەبێت ئەوەیان لەیاد بێت ئێمە تەنها کاری خۆمان دەکەین و نابێت هیچ ڕق و توڕەییەکیان لەئاست ئێمەدا هەبێت و نابێت وەك مەسەلەیەکی شەخسی لێکی بدەنەوە، ئەوە سروشتی پیشەکەیە. چونکە ئەو پارێزەرانەی لەدادگادا رکابەری یەکن تەنها کاری خۆیان دەکەن و ڕقێکی شەخسی لەنێوانیاندا نییە و لەکۆتاییدا دەبنە هۆی سەرکەوتنی سیستەمە دادوەریەکە. من پێموایە لەو وڵاتانەی لەسەرەتای گەشەکردنی دیموکراسیدان، دەبێت ڕۆژنامەنوسان کار بۆ پەرەپێدانی ئەخلاقیات و ستانداردی پیشەکەیان بکەن و خۆیان چوارچێوەی ڕەفتار و کارکردنیان دابنێن.

لەو وڵاتانەی لەسەرەتای گەشەکردنی دیموکراسیدان، دەبێت ڕۆژنامەنوسان کار بۆ پەرەپێدانی ئەخلاقیات و ستانداردی پیشەکەیان بکەن و خۆیان چوارچێوەی ڕەفتار و کارکردنیان دابنێن

*** لەوڵاتانی دوای شەڕدا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەژێر کۆنترۆڵی پارتە سیاسیەکاندان و زۆرجار کە باس لەگەندەڵی دەکرێت وەڵامەکە ئەوەیە ئەم ڕەخنانە مەرامی سیاسیان لەپشتە، ئایا لەم حاڵەتەدا تاچەند دەزگاکانی ڕاگەیاندن مافی هاووڵاتیان پێشێل دەکەن؟**

- من شەخسی خۆم نیگەران نیم لەئاست ئەوەی پێی دەڵێن ڕاگەیاندنی گشتی، یان ڕاگەیاندنی حکومی، لەبەرئەوەی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا گوشارە بازرگانییەکان ئەوەندە بەهێزن دەزگاکانی راگەیاندن کەرتی تایبەتیان ناچارکردووە پتر جەخت لەسەر بەرنامە تەرفیهیەکان بکاتەوە، نەك لەسەر تەغتیەکردنێکی جیددی، ئەمەش گرنگی دەزگا گشتیەکانی زیاتر کردووە، کە مەرج نییە لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ کرابێت، راستە حکومەت پشتیوانیان لێدەکات، بەڵام ئازادی تەغتیەکردنی هەواڵەکانیان هەیە، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە بی.بی.سی ئینگلیزی بکەین، هەروەها لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا باشترین کاری بەڵگەنامەی لەلایەن دەزگای گشتیەوە، تەلەڤزیۆنێکی گشتیەوە ئەنجامدراون، بۆ نموونە بەرنامەی "فرۆنت لاین" کە تا دوا ڕاددە بەرنامەیەکی سەرکەتووە، بەچەشنێك قووڵترین و تێروتەسەلترین بەرنامە لەسەر ئەو هۆکارانەی ئەمەریکایان پەلکێشی شەڕی عێراق کرد و لەسەر ئەوەی بارودۆخەکە لەعێراقدا چۆن دەگوزەرێت لەلایەن ئەم بەرنامەیەوە ئامادەکرا کە تەلەڤزیۆنێکی گشتییە، نەك تەلەڤزیۆنێکی تایبەتی و بازرگانی. هەروەها رادیۆی گشتیش لەتێکڕای دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن پتر پابەندە بەگواستنەوە و تەغتیەکردنی هەواڵ و کاروبارە گشتیەکان، لەبەرئەوە من نیگەران نیم لەخاوەندارێتی حکومەت بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، چونکە یاساگەلێك هەن ڕێگە لەدەستتێوەردانی حکومەت دەگرن لەوەی هەڵبستێت بەڕاگرتن یان ڕێگەگرتن لەبڵاوکردنەوە و پەخشکردنەوەی هەواڵێکی دیاریکراو، یاخود ئەو دەزگایە ناچاربکات هەواڵێك یان بەرنامەیەکی دیاری کراو پەخش بکات. لەلایەکی دیکەوە ئەو جۆرە ڕۆژنامەنوسییە لەئارادایە کە پەرە بەبیروباوەڕێکی سیاسی دیاریکراو دەدات و پشتگیری لێدەکات، لەڕووی مێژووییەوە ئەمە ڕۆژنامەگەرییەکی باش نیە لەئەمەریکادا و ئەمە زیان بەپیشەکە دەگەیەنێت ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە لەڕۆژنامەنوسان بڕوانرێت کە کار بۆ پارتێکی سیاسی دیاریکراو دەکەن. من باوەڕم بەمە هەیە، من پێموایە ئەمە ڕاست و دروستە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا زۆر باوە، زۆرێك لەڕۆژنامەکان بەو شێوەیە ناسراون کە نوێنەرایەتی بیروباوەڕێکی سیاسی دیاریکراو دەکەن، ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەریە لەسەرەتای دەرکەوتنیدایە لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا، بۆ نموونە کەناڵی "فۆکس نیوز" پتر مەیلی موحافیزکارانە و کۆماریەکانی هەیە. هەروەها کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەری لەئەمەریکادا، ئەوە بەدی دەکەین کە لەسەرەتادا ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەریە لەئارادابووە، بۆ نموونە بنیامین فرانکلین ڕۆژنامەی دەردەکرد، لەهەمان کاتدا کەسێکی شۆرشگێڕ بوو، هەر لەبنەڕەتدا ئامانجی لەدەرکردنی ڕۆژنامە ئەوەبوو بەکاری بهێنێت بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش و دژایەتیکردن و بەرهەڵستیکردنی بەریتانیایەکان، بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ ئەمەریکا، واتە ئەم تێکەڵیە هەبوو لەنێوان ڕۆژنامەگەری لەگەڵ سیاسەت و شۆڕشدا. تەنانەت دوای شۆڕشی ئەمەریکیش زۆربەی ڕۆژنامەکان پشتگیریان لەپارتە سیاسییەکان دەکرد، دواتر وردە وردە ئەو هاوسەنگیە هاتە ئاراوە کە خەڵکی هەواڵێکی لەڕۆژنامەیەکی دیاریکراودا دەخوێندەوە و بەشێکی دیکەی هەواڵەکەی لەڕۆژنامەیەکی دیکەدا دەخوێندەوە کە بەشێوەیەکی جیاواز لایەنەکانی ئەو هەواڵەیان دەخستەڕوو. ئەم ڕەوتە درێژەی کێشا تاوەکو ڕۆژنامە بەتەواوەتی سەربەخۆیی بەدەستهێنا. ئەم حاڵەتە، مەبەستم ڕۆژنامەگەری سەربەخۆیە لەزۆر وڵاتی جیهاندا بەدی ناکرێت و لەوڵاتەکەی ئێمەشدا بۆ چەندین ساڵ بوو لەئارادا نەبوو.

بنیامین فرانکلین ڕۆژنامەی دەردەکرد، لەهەمان کاتدا کەسێکی شۆرشگێڕ بوو، هەر لەبنەڕەتدا ئامانجی لەدەرکردنی ڕۆژنامە ئەوەبوو بەکاری بهێنێت بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش و دژایەتیکردن و بەرهەڵستیکردنی بەریتانیایەکان

دوای شۆڕشی ئەمەریکیش زۆربەی ڕۆژنامەکان پشتگیریان لەپارتە سیاسییەکان دەکرد، دواتر وردە وردە ئەو هاوسەنگیە هاتە ئاراوە کە خەڵکی هەواڵێکی لەڕۆژنامەیەکی دیاریکراودا دەخوێندەوە و بەشێکی دیکەی هەواڵەکەی لەڕۆژنامەیەکی دیکەدا دەخوێندەوە کە بەشێوەیەکی جیاواز لایەنەکانی ئەو هەواڵەیان دەخستەڕوو

*** لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا لەسەرەتای پرۆسەکەدا هاووڵاتیان ناتوانن لەوە دڵنیابن ئایا ئەوەی لەڕاگەیاندن بڵاودەبێتەوە ڕاست و دروستە، یاخود خزمەت بەبەرژەوەندی گشتی دەکات، هۆکاری ئەم بەدگومانیە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بوونی ئەم گومانە بەشتێکی ئیجابی دەزانم، لەبەرئەوەی وەك ڕۆژنامەنووسێك هەمیشە وام لێدەکات بە حەزەر و وریاییەوە هەڵسوکەوت بکەم و پتر ڕەچاوی وردەکاری و ئەمانەت بکەن لەکاتی نووسینەوەی هەواڵەکاندا، ئەمەش دەمکاتە هەواڵنووسێکی باش، بەڵام لەهەمان کاتدا من وەك ڕۆژنامەنووسێك هەستم کردووە ڕێز و ئیعتیبارێکی تایبەتیم هەیە لای خوێنەرانم، ڕەنگە ئەمە

بۆ ڕۆژنامەنوسان وەك تاکەکەس ڕاست بێت، چونکە هەمان تێڕوانین بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەئارادانیە، بۆ نموونە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکاندا ئەو تێڕوانینە دروست بوو کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لایەنگیری بۆ پاڵێوراوەکان دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا بە ڕێز و ئیعجابەوە لەڕۆژنامەنوس دەڕوانن وەك تاکەکەس. من دەمەوێت ئاماژە بەو ڕاستیەش بکەم کە کاتێك ٤٠ ساڵ پێش ئێستا دەستم بەکاری ڕۆژنامەوانی کرد، ئەم پیشەیە پیشەیەکی ڕێز لێگیراو بوو، بەرز دەنرخێنرا، ئەمە لەکاتێکدا لەئێستادا ڕاپرسیەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە میسداقیەتی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لەنزمترین ئاستدایە و متمانەی هاوڵاتیانی ئەمەریکایان لەدەستداوە. ڕەنگە هۆکاری ئەم حاڵەتەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئێمە تەنها لایەنی تەرفیهی ڕاگەیاندن لەبەرچاو دەگرین، هەواڵەکان بەو شێوەیە دادڕێژین و پەخشیان دەکەین کە ئامانج لێی کۆکردنەوەی گەورەترین بینەر، بیسەر و خوێنەر بێت، ڕاکێشانی ڕێکلامە بازرگانیەکان بێت، نەك گواستنەوە و تەغتیەکردنی ئەو بابەت و پرسانە بێت کە پێویستن، ئەمەش کێشە و گرفتێکی جیدیە ڕۆژنامەگەری ئەمەریکی ڕووبەڕووی بۆتەوە. ئەمەش ناچارمان دەکات پتر پابەندبین بەئەخلاقیات و پێوەرەکانی پیشەکەمانەوە. هەروەها دەبێت بەئاشکرا دان بە هەڵە و کەموکورتیەکانی خۆماندا بنێین، ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پرۆژەیەکی بەشەرین و مرۆڤەکان کاری تێدادەکەن، مرۆڤیش هەڵەدەکات و زۆر ئاساییە بەڕای گشتی ڕابگەیەنین کە هەڵەمان کردووە و لەمەودوا هەوڵدەدەین کاری باشتر بکەین، من پێموایە ڕای گشتی گوێمان لێدەگرێت و لێمان تێدەگات. دەبێت ئێمە هەڵبستین بەشیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بەهاکانیان، پیشەکەیان، پایەندبونەکانیان و ئەو خزمەتەی بەکۆمەڵگەی دەگەیەنن. پاڵنەری زۆرێك لەڕۆژنامەنوسەکانی لای ئێمە کۆکردنەوەی داهات و دارایی نەبووە، ئامانجیان ئەوە نەبووە ببنە ئەستێرەیەکی شکۆدار لەکۆمەڵگەدا و ببنە کەسایەتیەکی ناودار، بەڵکو پاڵنەری ئەوان هەستکردنیان بووە بەوەی کۆمەڵگە پێویستی بەکار و پیشەی ئەوانە. زۆرجار ڕۆژنامەنووسان باری دارایی خۆیان و خێزانەکانیان خستۆتە مەترسییەوە، نەك هەر ئەوە بگرە ژیانی خۆشیان خستۆتە مەترسیەوە، من قوتابیم هەبووە لەکاتی گواستنەوەی هەواڵدا کوژراوە، قوتابیم هەبووە زیندانی کراوە، ئەمە لەوڵاتی چین ڕوویدا کاتێك ڕاستی و واقیعی ڕووداوەکانی مەیدانی تیانمینی بڵاودەکردەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەم فیداکاری و قوربانیدانەی ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕای گشتی باس بکەین، ڕەنگە ئەمە یامەتیدەر بێت لەدووباری دروستکردنەوە و بنیاتنانەوەی متمانە لەنێوان ڕۆژنامە و جەماوەردا و ئەو قەناعەتەیان لادروست بکەین کە ئێمە کارێکی باش ئەنجامدەدەین.

*** ئێمە لەسەردەمی جیهانگیری داین، بەچەشنێك دەتوانین لەماوەیەکی کەمدا هەواڵ و زانیاریمان پێبگات، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك تەکنەلۆژیا لەخزمەتی ڕاگەیاندندایە؟**

- تەکنەلۆژیا بەرەوپێشچوونێکی وای هێناوەتە ئاراوە کە زۆرێك لەو کارانەی ئێستا ئێمە ئەنجامیان دەدەین ٤٠ساڵی پێش ئێستا هەر بەبیریشماندا نەدەهاتن، بۆ نموونە توانای گواستنەوەی هەواڵەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە، ئەو گفتوگۆیەی ئێستا ئێمە دەیکەین کە زۆر دوورین لەیەکەوە، بە چەشنێك ئەم بەرەوپێشچوونانە بۆنەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی جیهانی. من پێموایە ڕۆژنامەنوسەکانی ئێستا پتر گۆشەنیگایەکی جیهانیان هەیە و ڕۆژنامەگەری بە شێوەیەك گەشەی کردووە کە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی بکەوێتە پێش ڕەوتی نەتەوەییەوە، مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە مەسەلەکان بەو شێوەیەبێت کە من ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی بم، لەکاتێکدا پێشتر کەسێکی ئەمەریکی بووم و پیشەم ڕۆژنامەنووسی بووە، تەکنەلۆژیای هاوچەرخ وامان لێدەکات بیر لەم بەرەوپێشچوونانە بکەینەوە. بۆ نموونە ئێستا ڕۆژنامەنووسێکی عێراقی دەتوانێت کار بۆ ئاژانسێکی هەواڵی ئەمەریکی یان ئەوروپی بکات، یاخود لەحاڵەتی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوسێکدا لەلایەن حکومەتێکی دیاریکراوەوە مەسەلەکە دەبێتە پرسێکی جیهانی. لەلایەکی دیکەوە من نیگەرانم لەکاری ڕۆژنامەنوسی لەم ڕۆژگارەدا، یەکێك لەمەسەلەکان ئەوەیە، لەبەرئەوەی داواکارییەکی بەردەوام لەڕۆژنامەنوسان دەکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری، ئەوا ڕەنگە ڕۆژنامەنووس هەواڵ و ڕاپۆرتی ناهاوسەنگ بنووسێت، یاخود لەڕاست و دروستی ئەو زانیاریانە نەکۆڵێتەوە کە بەدەستی دەگات و ڕاستەوخۆ بڵاویان بکاتەوە، ئەمەش زیان لەباشی پیشە و کارەکە دەدات. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە ئێستا خەڵکانێکی زیاتر، بەتایبەتی چینی گەنجان ڕوودەکەنە ئینتەرنێت بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکان، ئەمەش کاری کردۆتەوە سەر کەمبوونەوەی ڕێژەی فرۆشتنی ڕۆژنامە چاپکراوەکان، بەو شێوەیە بۆتەهۆی لاوازکردنی بناغەی دارایی ڕۆژنامەکان، بۆ نموونە بەشی گەورەی داهاتی ڕۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" لەفرۆشتنی ڕۆژنامە چاپکراوەکاندایە. من پێموایە ئەم دیاردەیە لەشوێنەکانی دیکەی جیهانیشدا سەرهەڵدەدات. ئەمە تەحەددایەکە و دەبێت ڕووبەڕووی ببینەوە، تەحەددا گەورەکە ئەوەیە ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆئەوەی بناخەی دارایی ڕۆژنامەگەری بەردەوام بێت تاوەکو بتوانێت لەشوێنێکی وەك عێراقدا کاربکات، یاخود هەواڵنێری شارەزا و بەئەزموونی هەبێت. حاڵی حازر پیشەی ڕۆژنامەگەری بەدەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنێت و دەبێت ڕێگایەك بۆ پتەوڕاگرتنی بناغەی دارایی ڕۆژنامەگەری بدۆزینەوە، کە تا ئەم ساتەوەختەش ئەم ڕێگایەمان نەدۆزیوەتەوە.

*** چۆن ڕاگەیاندن دەتوانێت کۆمەڵگە بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکی چالاك؟**

- من پێموایە ڕاگەیاندن بەهۆی زەقکردنەوە و خستنەڕووی کێشە و گرفت و کەموکوڕییەکانەوە دەتوانێت ببێتە هێزی یەکخەری کۆمەڵگە بۆ ئەوەی کار و کۆشش بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە بکرێت، چونکە تائێستاش خەڵکی وەك سەرچاوەی زانیاری لەڕۆژنامەنووسان دەڕوانن کە زانیاری ڕاست و دروست و تێروتەسەلیان لەسەر گیروگرفتەکان پێبدەن، بەو پێیە من لەو باوەڕەدام ڕاگەیاندن توانای جوڵاندنی کۆمەڵگەی هەیە بۆ کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

**لەئێستادا ڕاپرسیەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە میسداقیەتی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لەنزمترین ئاستدایە و متمانەی هاوڵاتیانی ئەمەریکایان لەدەستداوە. ڕەنگە هۆکاری ئەم حاڵەتەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئێمە تەنها لایەنی تەرفیهی ڕاگەیاندن لەبەرچاو دەگرین، هەواڵەکان بەو شێوەیە دادڕێژین و پەخشیان دەکەین کە ئامانج لێی کۆکردنەوەی گەورەترین بینەر، بیسەر و خوێنەر بێت، ڕاکێشانی ڕێکلامە بازرگانیەکان بێت، نەک گواستنەوە و تەغتیەکردنی ئەو بابەت و پرسانە بێت کە پێویستن**

**پاڵنەری زۆرێک لەڕۆژنامەنوسەکانی لای ئێمە کۆکردنەوەی داهات و دارایی نەبووە، ئامانجیان ئەوە نەبووە ببنە ئەستێرەیەکی شکۆدار لەکۆمەڵگەدا و ببنە کەسایەتیەکی ناودار، بەڵکو پاڵنەری ئەوان هەستکردنیان بووە بەوەی کۆمەڵگە پێویستی بەکار و پیشەی ئەوانە**

**ڕۆژنامەگەری بە شێوەیەک گەشەی کردووە کە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی بکەوێتە پێش ڕەوتی نەتەوەییەوە**

# له ١٥مین ساڵ
# دید و بۆچوونی سیاسەت

### نەوزاد هادی- پارێزگاری هەولێر:

## گوڵان هێڵێکی نەتەوەیی هەیە



گۆڤاری گوڵان روخسارێکی گەشی رۆژنامەگەری کوردییە و یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە بەگەلێك تایبەتمەندی رۆشنبیری و مەعریفی دەناسرێتەوە، یەکێك لە گرنگترین خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیشی ئەوەیە کە هەفتانە بە کۆمەڵێك دیدوتێڕوانینی پسپۆڕ و لێکۆڵەر و چاودێرانی سیاسی وڵاتانی رۆژئاوا و جیهانی عەرەبی ئاشنامان دەکات، کە بە بۆچوونی من و ئەو مۆرکەی گوڵان لە کەم بڵاوکراوەی دیکە بەدی دەکرێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوەیە کە هێڵێکی نەتەوەیی هەیە و پتر بە نەهجێکی کوردستانیانە کاردەکات و بەوپەڕی هەستکردن بە گیانی لێپرسینەوە رەچاوی بنەما ئەخلاقییەکانی کاری رۆژنامەوانی دەکات و بەشێوەیەکی زۆر پیشەیی مامەڵە لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکان دەکات.

ساڵرۆژی گۆڤارەکەتان پیرۆز دەکەم و دەستی یەکەیەکەی کارمەندانی دەگوشم بۆ خزمەتی پترو داهێنان و پێشوەچوونی زیدەتر، بەو هیوایەی بزاڤی نووسین و رۆشنبیریمان بەگشتی روخساری پێشکەوتن و شارستانیمان بێت بۆ قۆناخی ئێستامان هەروەکو چۆن خودان رەسەنایەتی و مۆرکی بووێری و زمانحاڵی خەبات و تێکۆشانیشمان بوو.

**گوڵان**
**یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە بەگەلێک تایبەتمەندی رۆشنبیری و مەعریفی دەناسرێتەوە**

---

### عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووك:

## گوڵان خزمەتی زۆری کەرکووکی کردووە



بەبۆنەی پانزەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی گۆڤاری گوڵان پیرۆزبایی و دەستخۆشی لەهەموو کارمەندانی گۆڤارەکە دەکەم بۆ ئەو هەموو کار و چالاکییەی لەو ماوەیەدا ئەنجامیانداوە، بەتایبەتیش بۆ ئەو راپۆرت و بەدواداچوونە سیاسیی و کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەر پارێزگای کەرکووك بڵاویانکردۆتەوە بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانی پارێزگای کەرکووك بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە و زمان. چونکە کەرکووك ئەمڕۆ پێویستی بەهەوڵ و هیممەتی هەموو خەمخۆر و نیشتمانپەروەرێك هەیە، بۆئەوەی بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنین کە کەرکووك شاری برایەتی و خۆشەویستییە. بەتایبەتیش گوڵان لەو ماوەیەدا رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە تەکاندان بە پرۆسەی سیاسی لە کەرکووك و پەرەپێدانی کولتووری دیموکراسی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانی برایانەی نێوان نەتەوەکانی ئەو شارە. هیوادارم گوڵان هەمیشە جەخت لەسەر گەیاندنی پەیامی ڕاستی و شەفافییەت و ڕەخنە بکاتەوە. ئومێد دەکەم بەردەوام بن بۆ خزمەتکردنی کەرکووك و کولتووری دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

**گوڵان**
**لەو ماوەیەدا رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە تەکاندان بە پرۆسەی سیاسی لە کەرکووک و پەرەپێدانی کولتووری دیموکراسی و لێبووردەیی لە نێوان نەتەوەکانی ئەو شارە**

---

### کەریم ئەحمەد، سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی کوردستان:

## گوڵان هاندەری پێکبوونی هێزە نیشتمانییەکانە

بەبۆنەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری گوڵان و تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ بەسەر دەرچوونی، پیرۆزباییەکی گەرمتان ئاراستە دەکەم و هیوادارم بەردەوام بێ لە ڕۆشنکردنەوە هزری لە کوردستان و هاندەرێك بێ بۆ پێکبوونی هێزە نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان لەبەرەیەکی کوردستانی پتەو و لەسەر بناخەی یەك بەرنامەی نیشمانی پێشکەوتوو، هەروەها خزمەتی رەوشی بیرو مێژووی کورد و کوردستان بکات بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلەکەمان لەهەموو بوارێکەوە. ئیتر بۆ پێشەوە لەپێناو کورد و کوردستانەوە.

**هیوادارم گوڵان بەردەوام بێ خزمەتی رەوشی بیرو مێژووی کورد و کوردستان**

# ...یادی گوڵان دا
# ...وان و رۆشنبیرانی کوردستان



**پشتیوان سادق بەرپرسی لقی ٢ی پ. د. ك:**

## گوڵان گوڵە و هەر بە پشکوتوویی دەمێنێتەوە

لەپانزەهەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵاندا پیرۆزبایەکی گەرم ئاراستەی گشت کارمەندان دەکەم. لەڕاستیدا گوڵان گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە بوو لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا و توانی دەنگ و ڕەنگ و خواستەکانی جەماوەری کوردستان لەلاپەڕەکانیدا جێ بکاتەوە. لەماوەی ڕابردوودا لەبوارەکانی سیاسی و ئابووری و کولتووریدا خزمەتێکی باشی کردووە، بەتایبەتیش شرۆڤە سیاسییەکان کە بۆ ئێستا و ئایندەی کوردستان زۆر پێویستن. بەدیدی من هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەك ئەگەر نەتوانێت بە بۆچوونەکانی خۆی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی بکات و لەڕووی ڕواڵەت و ناوەرۆکەوە ئێش و ئازارەکانی خەڵك دەستنیشان بکات ئەوا لەو بڕوایەدانیم متمانە لەنێو خەڵکیدا دروست بکات. بۆیە پێموایە گوڵان تاڕادەیەکی زۆرباش توانیویەتی جێ خۆی لەنێو دڵی خوێنەران بکاتەوە. بەپێی زانیاری من ڕۆژانە خەڵکێکی زۆریش سەردانی ماڵپەڕی گوڵان دەکەن، کە ئەمەش هەنگاوێکی گەورەیە بەو ئاراستەیە. بۆیە لەو یادە شکۆدارەدا دەڵێم گوڵان گوڵە و هەر بە پشکوتوویی دەمێنێتەوە.

**بەپێی زانیاری من ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر سەردانی ماڵپەڕی گوڵان دەکەن**



**هادی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان:**

## گوڵان لەخستنەڕووی بۆچوونەکان هەمەچەشنی تێدایە

گوڵان لەکاتێکی زۆر ناسکدا دەرچوو، کە ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەپەنجەی دەست دەژمێردران. لەبەرئەوە گوڵان هەندێك سیمای تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەبڵاوکراوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە و بۆتە نەریتێك تێیدا. گرنگترین کاری ئەو گۆڤارە ئەوە کە تائێستا بەبەردەوامی دەرچووە و هیچ دابڕانێکی تێدا نەبووە. بەدرێژایی ئەو ماوەیەش توانیویەتی تایبەتمەندی خۆی وەربگرێت. بەتایبەتیش لەم چەند ساڵەی دواییدا جۆرە تایبەتمەندییەکی وەرگرتووە کە لە بڵاوکراوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، بایەخ بەچەند پرسێکی گرنگ دەدات لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و ناوچەکە. تاڕادەیەکی زۆر گوڵان ئەو بۆشاییەی پڕکردۆتەوە کە پتر بایەخ بە دید و ڕوانگەی توێژەر و کەسایەتییە بیانییەکان دەدات و لەدیدی ئەوانەوە پرسە سیاسییەکان شرۆڤە دەکات. هەروەها دۆسێی گرنگیش ئامادە دەکات کە دەکرێ وەکو سەرچاوەیەك سوودی لێوەربگیرێت. گرنگترین شت ئەوەیە کە لەخستنەڕووی بیروبۆچوونەکان هەمەچەشنی تێدایە و گرنگی بە ڕا و دژە بۆچوونی بەرامبەر دراوە. بۆیە من پیرۆزبایی لەستافی ئەو گۆڤارە ئازیزە دەکەم لە ١٥ مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی.

**گوڵان**
**لەم چەند ساڵەی دواییدا جۆرە تایبەتمەندییەکی وەرگرتووە کە لە بڵاوکراوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە**



**ئازاد مەلا فەندی، دادوەر:**

## گوڵان بوێرو ڕچەشکێنە

لەڕاستیدا من لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەوە تائێستا موتابەعەی گۆڤاری گوڵان دەکەم. دەتوانم بڵێم یەکەمین ڕەوتی ڕۆژنامەگەری ئازاد لەکوردستان لە گوڵان دەستی پێکرد. بەشێوەیەك هەمیشە بە ڕۆحێکی ڕەخنەگرانە و بونیادتنەرانە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی خستۆتەڕوو. بۆ بە گۆڤارێکی بوێر و ڕچەشکێن دەناسرێت هیوادارم واقیعی سیاسیی و کۆمەلایەتی و کولتووری لەکوردستان باش هەڵبسەنگێنین. گەرمترین پیرۆزبایشتان لێدەکەم.

**گوڵان**
**هەمیشە بە ڕۆحێکی ڕەخنەگرانە و بونیادتنەرانە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی خستۆتەڕوو**



فەرید ئەسەسەرد:

## گوڵان لەقۆناخی دووەمیدا کراوەتر و بەئەزموونتر بووە

گوڵان دوو قۆناخی بەخۆوە دیوە. قۆناخی شـێوە ڕۆژنامە و قۆناخی شـێوە گۆڤار. بەڵام من قۆناخی شـێوە گۆڤار بە درێژەپێدانی قۆناخی شـێوە ڕۆژنامـە دادەنێم و پێموایە گـوڵان لەقۆناخی دووەمیدا گەشـەکردوتر و کراوەتـر و بەئەزموونتر بووە. پێموایە ئەم گۆڤارە، بەتایبەتی لەسـێ سـاڵی دواییدا، توانیویەتـی ڕێچکەیەکی تەواو جیاواز لەڕۆژنامەگەریـی کوردیدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بەتایبەتی لەم ڕووەوە کە تا ئەندازەیەکی باش توانیویەتی پێوانە پیشـەییەکان بەسەر پێوانەکانی تردا زاڵ بکا. بەفراوان کردنـی پانتایی ئازادیی ڕادەربڕینیش بەکرانەوەیـی زۆرتر بەڕووی ڕەوتە جیاوازەکاندا، وای بۆ دەچم کە گوڵان دەتوانێ کاریگەرییەکی زۆرتر لەسەر ڕای گشتی بەجێ بێڵێ.

**گوڵان**

**توانیویەتی ڕێچکەیەکی تەواو جیاواز لەرۆژنامەگەریی کوردیدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە**



مەسعود عەبدولخالق، خاوەن ئیمتیازی گۆڤار و ڕۆژنامەی ستاندەر:

## گوڵان گۆڕانێکی مەزنی لەکوردستان دروستکرد

پرۆژەی گوڵان گۆڕانێکی مەزنی لەکوردسـتان دروسـتکرد، سەرەتای تەمەنی ڕۆژنامەگەری ئازاد لەکوردسـتان بۆ ئەو پرۆژەیە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئێسـتا ڕاڕەوێکی تری گرتووە و لەچاو شکستی ڕۆژنامە حزبییەکان توانیویەتی ئاقارێکـی ئەکتیف هەڵبژێری و مقەوەماتی مانەوەی بەهێزتر بکات، بەڵام بەگشتی ڕاگەیاندنی کوردی (بەگوڵانیشەوە) بەهۆی پەیڕەوکردنی لیبرالیانەیان هێزی (وشە)یان لاوازکردووە، بەهەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و هەر (١٥)کەناڵە ئاسمانیەکەش بەئەندازەی کەچە ئێزگەیەکی شاخ کاریگەری لەسەر ڕای گشتی کوردی نییە، یەکێ لەهۆیەکانی ئەوەیە: بۆ هەر میللەت و وڵات و کۆمەڵەیەک مادام لەقۆناخی (گواستنەوە) بن یاخود خاوەن قەزیەیەک بن ئەوا بۆ سیستەمی ڕاگەیاندنی لیبرالی ناگونجێ، هەروەک سیسـتەمەکانی ئابووری و سیاسـی و ئیداری و فکریشی بۆ ناگونجێ، بەڵکو پێویسـتی بە پلان و نەخشە و توێژینەوە دەبێت دوور لە عەبەسیەت، چونکە گەردوون و مرۆڤیش عەباسـی نین ئامانجدارن، بۆیە ڕاگەیاندنی ئامانجدار بۆ کوردسـتان پێویستە، لەو نێوە گوڵان خۆی لـە قەرەی ئامانجدار داوە کەمێک بەڵام زۆری ماوە، ڕاگەیاندنـی ئامانجدار تەنیا هەواڵ بڵاوناکاتەوە بێلایەن) بەڵکو مەبەسـتی هەیە لەهەڵبژاردنی ئەو جۆرە هەواڵە تیایدا ڕەچاوی بنیای کۆمەڵایەتی و باری دەروونی تاک و ئاسایشی نەتەوەیی دەکا، بۆیە هەواڵەکەی یان بابەتەکەی هەم زانیاریە، هەم بینایە، هەم پێکانی ئامانجە و هەم ڕابوونی جەماوەریشـە بۆ بەرپرسیاریەتی قەزیەکە (کوردایەتی)، بژارکردنی هـەواڵ و بابـەت مانای قۆرخی ئازادی نییە بەڵکو مانای گرتنەبەری سـتراتیژێکە کە تێیدا ڕەوتی سیستەمەکانی ڕاگەیاندنی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و نیشتمانی لەیەک دەریاچەی کوردایەتی و مرۆڤایەتی دەکاتەوە.. ئەوەش نەهاتۆتەدی دی جارێ بە هیوایین گوڵان ڕێچکەشکێنی بۆ بکات.

**گوڵان**

**توانیویەتی ئاقارێکی ئەکتیف هەڵبژێری و مقەوەماتی مانەوەی بەهێزتر بکات**



د. محەمەد گەزنەیی، مامۆستای زانکۆ:

## گوڵان گۆڤارێکی سەنگینە

سەرەتا پیرۆزبایی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گوڵان لەستافی گۆڤارەکەتان دەکەم. هیوادارم کە تەمەنی گۆڤارەکات هەمیشـە درێژ و پڕ بەخشـیش بێت و گرنگی بە پەیامی ڕاسـتی و شەفافییەت بدەن و زانیاری پێویسـت بـە خوێنەرەکانتان بدەن. من پێموایە گوڵان گۆڤارێکی سـەنگینە لەنێو خوێنەرانی کـورددا، بۆیە زۆر گرنگە ئەو متمانەیەی خۆی نەدۆڕێنێت و هەمیشـە بەدوای ڕووداوە سیاسـییە گەرماوگەرمەکانی کوردستان بکەوێت. من بەش بەحاڵی خۆم هەر چەند جارێک وتوێژم لەگەڵ گوڵان ئەنجامدابێت ئەوا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە. بۆیە هیوام سەرکەوتنتانە.

**گوڵان**

**هەر چەند جارێک وتوێژم لەگەڵ گوڵان ئەنجامدابێت ئەوا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە**

رەفیق سابیر، نووسەر و رۆژنامەنووس:

## گوڵان بەردەوام بە دوای رووداوەکان دەکەوێ



ئاشکرایە گوڵان لەچوارچێوەی سیاسەتی حزبێکدا کاردەکات. لەگەڵ ئەوەی گۆڤارێکی حزبیشە، بەڵام هەوڵدەدات بەردەوام بەدوای رووداوەکان بکەوێت و چاودێری بابەتە سیاسییە گرنگ و هەستیارەکانی رۆژ بکات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان لەبارەوە بکات. رەنگە بەهێزترین لایەنی گۆڤاری گوڵان ئەوە بێت کە دید و بۆچوونی کەسانی پسپۆری کورد و بیانی لەبارەی ئەو مەسەلانەوە دەخاتەروو کە پەیوەندییان بە مەسەلەی کورد و ئەزموونی حوکمڕانی کوردستانەوە هەیە.

**گوڵان هەوڵدەدات چاودێری بابەتە سیاسییە گرنگەکانی رۆژ بکات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان لەبارەوە بکات**

ئاسۆ کەریم بەرپرسی دەزگای توێژینەوەی موکریانی:

## گوڵان، گۆڤارە سیاسییە عەقڵانییەکەیە

گوڵان لە ماوەی ١٥ ساڵی خۆیدا، چەند دەورو قۆناخ، چەند هەڵکشان و داکشانێکی بەخۆوە دیوە. لێ جێگەو رێگەیەکی دیاری بۆ خۆی لەناو میدیای کوردیدا گرتووە خوێنەری خۆی هەیەو حسێبی تایبەتی بۆ دەکرێ.

گرنگترین لایەنی جیاکەرەوەی گوڵان ئەوەیە کە لەگەڵ بیرو هۆشی مرۆڤدا دەدوێ و ئەو دەرفەتەی بۆ دەکاتەوە کە سەبارەت بە پرسە گەرم و چارەنووسسازەکان، ئاشنای راو بۆچوونی جیا-جیای ئەهلی کار، چ خۆمانە چ بیانی بێت، فێرە وتوێژ و بەڵگەهێنانەوە و میتۆدی بیرکردنەوەی زانستانە بێت و لەسەر ئەو جۆرە "موحاکەمات"انە رابێت. هیچ گۆڤارێکی تری کوردی نییە، لەم رووەوە بەقەد گوڵان رای جیاواز، لێ ئاقلانەی خستبێتەروو، راو بۆچوونی بیرمەندو سیاسەتکارو شرۆڤەکاری بیانی بە خوێنەری کورد ناساندبێت، بەبێ ئەوەی هەوڵی دابێت زەینی خوێنەر لەچوارچێوەو قاڵبێکی دیاریکراوی ئایدیۆلۆجی بدات، بەتایبەتی لەم دوو-سێ ساڵەی دواییدا. هەر ئەو رێبازەش وای لێ کردووە بە گۆڤارێکی سیاسیی عەقلانیی بەرپرس بزاندرێ.

ئەگەر گوڵان، ئەو بەشە "سیاسی-فیکرییە"ی خۆی پەرەپێدات و لە بەشە کۆمەڵایەتی و هەمەرەنگەکەی بکاتەوە، پێموایە دەچێتە قۆناخێکی ترەوە. لە هەمانکاتدا، هەقە گوڵان بەلانسێک لەنێوان راو بۆچوونی پسپۆڕ و کارزانی بیانی و خۆمانەدا رابگرێ. هەروا پێویستە ئەو پێشەکییەی بۆ فایلەکان دەنووسرێ پوخت بێت و ستافی گۆڤارەکە زوو بێنە سەر ئەسڵی مەبەست و راوبۆچوونی خۆیان بەکورتی بخەنەروو.

چەند جارێکی تریش گوتومەو لەگەڵ سەرنووسەری گوڵان-یش باسمکردووە، هەقە گوڵان بایەخ بە زمان، رێنووس بدات و رێگەی ئەوە نەدات، هەڵەو پەڵەی تێ بکەوێ. ئەگەر گوڵان ئەوە بکات، سەرکەوتنێکی تریش بۆ خۆی تۆمار دەکات.

لەکۆتاییدا، پیرۆزبایی بۆ برای سەرنووسەرو سەرجەم ستافی گوڵان و بەهیوای سەرکەوتنی زێتر.

**گوڵان لەم دوو-سێ ساڵەی دواییدا. ئەو رێبازە وای لێ کردووە بە گۆڤارێکی سیاسیی عەقلانیی بەرپرس بزاندرێ**

مەهاباد قەرەداخی نووسەر و چالاکڤانی بواری ئافرەتان:

## هەمەڕەنگی گۆڤارەکە کارێکی باشە



بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوونی گۆڤاری گوڵان دەکەم و بە گۆڤارێکی سەرکەوتووی دادەنێم. بەتایبەتی لەکۆکردنەوە و بەدواداچوونی رای پسپۆرانی دەرەوە و بیانی لەسەر پرسە سیاسییەکان، چونکە ورووژاندنی بۆچوون و پێشنیارەکانی شارەزایانی دەرەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە لەگۆڕینی کولتوورمان تاوەکو زیاتر بەرەو پێشەوە برۆین. هەمەڕەنگی گۆڤارەکە کارێکی باشە بەتایبەتی بایەخدان بەئافرەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان رەنگە کەموکوڕی هەبێت و نەتوانرێت بەشێوەیەکی سەرکەوتوو هەموو لایەنەکان بوروژێنێت. بۆیە پێشنیار دەکەم زیاتر گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی بدرێت.

**بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوونی گۆڤاری گوڵان دەکەم و بەگۆڤارێکی سەرکەوتووی دادەنێم**

### ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، نووسەر و ڕۆژنامەنووس:

## گوڵان کار لەسەر کۆمەڵێک بابەتی ناسک دەکات

دیارە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا گۆڤاری گوڵان توانی بەشێوەیەکی پیشەییانەو بەڕەنگ و دەنگێکی جیاواز خۆی نمایش بکات، هەروەها لەڕووی ناوەڕۆکەوە کار لەسەر کۆمەڵێك بابەتی ناسك و هەستیار دەکات و تا ڕادەیەك توانیویەتی ببێتە پردێك بۆ بەیەکگەیاندنی دەنگی بێگانەکان بەناوەوەی کوردستان لەبارەی پرسە تایبەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی نێودەوڵەتی لەو ناوچەیەداو لەڕێگای گوڵانەوە کۆمەڵێك ڕاو بۆچوون و وێناکردنی تازە بەدی دەکەین و دەبینین. هەرچەندە پێویستە لەپاڵ ئەوەشدا گوڵان بایەخ بەو ڕاپۆرت و نووسینانە بدات کە ڕەخنە لەسەرکردەکانی هەرێمی کودرستان دەگرن و پەنجە دەخەنە سەر کوموکوڕییەکانی ئەزموونی حوکمڕانی و ئەو کێشانەی بوونەتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە دەرنەکەوێت کە خۆمان خەونی پێوە دەبینین، پێشموایە بەو هەنگاوە دەتوانێت خزمەتی زیاتر بکات و سەرکردەکانیش لەو مەترسییانە ئاگادار بکاتەوە کە لەداهاتوودا ڕووبەڕووی ئەو هەرێمە دەبنەوە.

**ئەو چەند ساڵەی دواییدا گۆڤاری گوڵان توانی بەشێوەیەکی پیشەییانەو بەڕەنگ و دەنگێکی جیاواز خۆی نمایش بکات**

---

### عەبدولڕەحمان سدیق، بەرپرسی دەزگای پرد بۆ دیالۆگ:

## گوڵان پێش گۆڤار و ڕۆژنامە ئەهلییەکان زۆر شتی تازەی گوت

سەرەتا پیرۆزبایتان لێدەکەم، من بەش بەحاڵی خۆم شاهیدی دەرچوونی یەکەم ژمارەکانی گوڵان بووم، کە دەتوانم بڵێم تازەگەری و بوێری پێوە دیاربوو. ئەو پێشنیارانەی بۆ زیاتر تازەگەری و بوێری هەفتەنامەی گوڵان پێشکەشی بکەم، دەتوانم لەچەند خاڵێکدا کۆی بکەمەوە.

١- گوڵان وەکو هەفتەنامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی گشتی سەردەمێکە پسپۆڕێتی تێیدا هەیە، بۆیە حەز دەکەم سەبکێکی تایبەت بەخۆی هەبێت و هەفتەنامەیەکی سیاسیی تایبەتمەند بێت. بەمانایەکی دیکە هەفتەنامەیەکی سیاسی کوردستانی بێت. ئەوکاتە دەکرێ بەشە کۆمەڵایەتییەکەی و بەشەکانی تری لێ جیا بکرێتەوە.

٢- دەکرێتە بایەخێکی زیاتر بەماڵپەڕەکەی بدرێت و دەوڵەمەندتر بکرێت چونکە زۆر بەشی تێدایە هێشتا پڕ نەکراوەتەوە. لەسایتەکە ئایکۆنێك هەیە بەناوی "دەربارەی گوڵان" بەڵام ئەو ئایکۆنە و زۆربەی ئایکۆنەکانی دیکە بەتاڵن و هیچیان لێ نەنووسراوە، بۆیە پێویستە بەرچاوڕوونی زیاتر بدرێتە خوێنەر.

٣- گوڵان وەکو سەرەتا دیاردەیەکی تازە بوو، پێش گۆڤار و ڕۆژنامە ئەهلییەکان زۆر شتی تازەی گوت، بەڵام ئێستا دەتوانێ لەنێوان دوو زیادەڕەویدا هێڵێکی ناوەند هەڵبژێرێت و، بەتۆزێك کرانەوەی زیاتر دەتوانێ هێڵێکی ناوەڕاست بێت لەنێوان گۆڤارەکانی دیکەدا بۆ دروستکردنی پردێکی پێوەندی لەنێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتدا بۆئەوەی بەشێك لەو بابەتە گەرمە سیاسییە کوردستانییانەی کە لەکوردستان و دەوروبەر و جیهان دەگوزەرێ گوڵان دەستپێشخەر لەگەیاندنیان.

**حەز دەکەم هەفتەنامەیەکی سیاسیی تایبەتمەند بێت هەفتەنامەیەکی سیاسی کوردستانی بێت. ئەوکاتە دەکرێ بەشە کۆمەڵایەتییەکەی و بەشەکانی تری لێ جیا بکرێتەوە**

---

### پرۆفیسۆر عزەددین مستەفا ڕەسوڵ:

## گوڵان پێشتریش و ئێستاش یەکێکە لەگۆڤارە باشەکانی کوردستان



گوڵان پێشتریش و ئێستاش یەکێکە لەگۆڤارە باشەکانی کوردستان. یەکێك لەخاڵە گرنگەکان بۆ هەڵسانگاندنی گۆڤاری گوڵان ئەوەیە، کە تائێستا توانیویەتی بەردەوام بێت چونکە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا کەم ڕۆژنامە و گۆڤار توانیویانە بەردەوام بن. بۆیە ئەمە بە حیکمەتی هەر کەس و لایەنێك بێت، جێی دەستخۆشییە. گەرچی ئێستا ژمارەیەکی زۆر گۆڤاری دیکەش دەردەچن بەڵام من زۆرجار گوتومە ئەو زۆری و بۆرییە زۆر باشترە لە قەدەخەکردن و ڕێگەنەدان. لەبەرئەوە من بە ڕەشبینییەوە سەیری ئەو زۆری و بۆرییە ناکەم بە پێچەوانەوە بە دیاردەیەکی باشی دادەنێم و پێوەی گەشبینم. پیرۆزبایش لەستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ڕەنج و ماندووبوونیان.

**پیرۆزبایش لەستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ڕەنج و ماندووبوونیان**

مەحمود زامدار نووسەر و ڕۆژنامەنووس:

## ورووژاندن لە گوڵانەوە دەستی پێکرد

من ئەو یادە بە هێمایەکی گەورە تێدەگەم لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا چونکە کارێکی زۆر سەختم تێدا کردووە. وەك برادەران دەزانن من یەك لەو ڕۆژنامەنووسانە بووم کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکانی خۆم ڕادەپەڕاند لە دەسپێکی دامەزراندنی گوڵان. لەبەرئەوە گوڵان بۆ من لە تەمەنێکی تایبەتیدا ئەزموونێکی تایبەیت بوو. وروژاندن لە گوڵانەوە دەستی پێکرد. وروژاندن لەبارەی سێکوچکەی دەسەڵات، ئایین و کولتوور. هەروەها وروژاندن لەبارەی گەندەڵی و خراپەکاریی. گوڵان نەك تەنها بۆ من، بەڵکو بۆ دەستەیەك لەو ڕۆژنامە دیارانەی ئەمڕۆش قوتابخانەیەك بوو. بۆیە هەر لەو یادە جوانەدا پیرۆزبایی لە یەکە یەکەی کارمەندانی گوڵان دەکەم. هیوادارم جوانتر و ئاهەنگدارتر بێت. ئەگەرچی گوڵان لەو چەند ساڵەی دوایدا ئاستی باشتریش بووبێت، بەڵام وەکو گوڵانی جاران نەماوە، چونکە لەوانەیە کۆمەڵێك هەبێت موتابەعەی گوڵان بکات. من ژمارەیەکت دەدەمێ بزانە گوڵان چی لێهاتووە، لەخانەقینەوە تا زاخۆ ئێستا ٧٥٦ گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ، کە گوڵان بزر بووە لەناویان. بۆیە ئەو زۆری و بۆرییە زۆر کاریگەری لەسەر گوڵان کردووە چونکە گولان یەکێك لەو گۆڤارە جوانانە بوو کە دەهاتە بازاڕ نەدەما، بەڵام ئێستا لەبنکەکانی دابەشکردن و فرۆشتن دەبینم بە هەفتە دەمێنێتەوە. ئەمەش پەیوەندی بەئاستی گۆڤارەکە نییە، بەڵکو بەو زۆری و بۆرییەوەیە. گوڵان ئەگەر جارێکی دیکەش بێتەوە سەر ڕاستەڕێی خۆی و نەختێ ئیستفزازی بێت و بوروژێنێت ڕەنگە باشتر ببێت، بەڵام ئیستفزازی و وروژاندنێکی جوان و واتادار.

من ئەو یادە بە هێمایەکی گەورە تێدەگەم لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا چونکە کارێکی زۆر سەختم تێدا کردووە

زیرەك کەمال، بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان:

## گوڵان کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی بەتوانای پێگەیاندووە



گوڵان توانیویەتی لەکاروانی پیشەی ڕۆژنامەگەری خۆی ببێتە بەشێك لەمێژووی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری کوردی و کۆمەڵێك داهێنانی نوێی دروستکرد، هەروەها کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی باش و بەتوانای پێگەیاند و خزمەتێکی زۆری ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی کوردی کرد لەهەرێمی کوردستان، بەتایبەتی بەم دواییە توانیی ڕەوتێکی نوێ لەژیانی گۆڤارەکە بهێنێتە ئاراوە، ئەویش بەپەیوەندیکردن بەسیاسەتمەدار و ئابووریناس و بەرپرسە جیاجیاکانی وڵاتانی ئەوروپا و جیهان و گەیاندنی هەڵوێست و بیروباوەڕی ئەوان و تایبەتمەندێتی کوردستان سەبارەت بە پرسە سیاسی و ئابوورییەکانی کوردستان. دەتوانین بڵێین گوڵان گۆڤارێکی سیاسییە کە گرنگی بە وەرگێڕان دەدات لە بواری سیاسەتدا. ئێمە پێشتر وا تێگەیشتبووین کە وەرگێڕان تەنیا لە کایەی ئەدەبیدایە، بەڵام تێبینیم کرد گوڵان بەم دواییە بەرەو ئاقارێکی هەمەڕەنگدا دەڕوات وەك بڵاوکردنەوەی کورتە هەواڵی هونەری و هەواڵی سەرسوڕهێنەر. ئەوەی لەچەند مانگی رابردودا هەستم پێکردبێت ئەم شێوەیە تێیدا بەرچاوە کە ئەمەش لەگەڵ نەهجی گوڵان تێك ناکاتەوە، گوڵان با بەردەوام بێت لەسەر وەرگێڕانی بابەتی سیاسی و نیشاندانی هەڵوێستی سیاسەتمەدارانی دەرەوە سەبارەت بە کوردستان و ببێتە پردێك لەم نێوانەدا، بەهەرحاڵ پیرۆزبایی لە گۆڤاری گوڵان و سەرنووسەر و ستافەکەی دەکەم. هیوادارم بتوانێت تەکانێکی زیاتر بەکارەکانی خۆی بدات و گۆڤارەکە زیاتر بەرەو پێش ببات.

گوڵان

بەم دواییە توانیی ڕەوتێکی نوێ لەژیانی گۆڤارەکە بهێنێتە ئاراوە

د. محەمەد سەلمان بەرواری

سەرۆکی بەشی ئابووری لەکۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەددین:

## شیکردنەوەی بابەتە ئابوورییەکان کارێکی گرنگە



پیرۆزبایی لەدەستەی نووسەرانی گۆڤاری گوڵان دەکەم، کە پانزەهەمین ساڵە دەردەچێت. لەسێ ساڵی ڕابردوودا لەدوولایەن بەرەوپێشەوە چووە، بەتایبەتی وروژاندنی بواری ئابووری و شیکارکردن و پشت بەستن بەزانستی ئابووری نەك تەنیا بەهەواڵ. بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە زیاتر گرنگی بەو بابەتە ئابوورییانە بدرێت کە پێوەندی بەژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە لەبوارەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری.

گوڵان

لەدوولایەن بەرەوپێشەوە چووە، بەتایبەتی وروژاندنی بواری ئابووری و شیکارکردن و پشت بەستن بەزانستی ئابووری



پەخشان زەنگەنە، پەرلەمانتار:

## گوڵان گۆڤارێکی سەرکەوتووە

پێشەکی بەبۆنەی پازدەهەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤارەکەتان بەگەرمی پیرۆزبایی لەستافی گوڵان دەکەم. گوڵان یەکێکە لەو گۆڤارە گرنگانەی کە لەکوردستان رۆڵی خۆی دەگێڕێ لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان، بەتایبەتیش مەسەلە سیاسی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکان. ئەوەی بە لای منەوە گرنگە، لەگۆڤاری گوڵان ڕاوبۆچوونی دەرەوەی خۆمان واتە دەرەوەی کوردستان دەگەیەنێتە خەڵکی کوردستان لەرێگای پەیوەندیکردن بەکەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکان. ئەمەش خاڵێکی گرنگە، دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەم، هەر سەرکەوتوو بێت گوڵان بۆ خزمەتی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی.

**گوڵان**
**رۆڵی خۆی دەگێڕێ لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە رووداو و گۆڕانکارییەکان**

---



د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوێس، پەرلەمانتار:

## گوڵان توانیویەتی ببێتە بەهەفتەنامەیەکی ڕەخنەگرانە

گوڵان بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ڕابردوو توانیویەتی کارێکی گەورە بکات و سەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت. خۆشبەختانە تائێستا بەردەوامە. یەکێکە لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا توانیویەتی درێژە بەمانەوەی خۆی بدات و بەردەوام بێت. لەرۆژنامەیەکەوە توانیویەتی خۆی بکات بەهەفتەنامەیەکی ڕەخنەگرانە و ڕەنگین چ لە فۆرم و چ لەناوەرۆکدا. یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی کە جێی بایەخە. توانیویەتی ببێتە پردێك لەنێوان دید و بۆچوونی ڕۆشنبیرانی بیانی و ڕۆشنبیرانی کوردستان. جگە لەوەش لەهەموو بوارەکانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی.

**یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە جێی بایەخە. توانیویەتی ببێتە پردێک لەنێوان دید و بۆچوونی ڕۆشنبیرانی بیانی و ڕۆشنبیرانی کوردستان**

---

سۆزان خاڵە شەهاب، پەرلەمانتار:

## خوێنەرێکی بەردەوامی گوڵانم

بەبۆنەی پانزەهەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان جوانترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەم، هیوادارم هەر بەردەوام بن لەکاروانی ڕۆژنامەوانیتان و زۆر بەجیددی و بەچاوێکی واقیعینانە و بەئەرکێکی پرۆفیشنالانە سەیری کێشەکانی کوردستان بکەن. چونکە ئێوە گۆڤارێکن لەلایەن حزبێکەوە پاڵپشتی دەکرێن، بۆیە دەبێ زیاتر شەفاف و واقیعبینانە و ڕەخنەگرانە سەیری هەموو کێشە و کایەکانی کۆمەڵگای کوردستان بکەن. من بۆ خۆم خوێنەرێکی بەردەوامی گۆڤاری گوڵان-م، هیوادارم ئەو ئاستەی هەیەتی تەکانێکی دیکەی پێ بدرێت بەئاراستەی داهێنانی تازە و سەردەمیانە.

**هیوادارم بەردەوام بن لەکاروانی ڕۆژنامەوانیتان بەچاوێکی واقیعینانە سەیری کێشەکانی کوردستان بکەن**

---



د. کوردستان موکریانی، سکرتێری (ی. ئا. ك):

## گوڵان کەمتەرخەم نەبووە بایەخ پرسی ئافرەت بدات

گۆڤارێکی پشوو درێژ و پڕ لەئەزموونە. گرنگترین خاڵی بەهێزی گوڵان ئەوەیە، کە زۆر بایەخ بە دید و گۆشەنیگای کوردناس و توێژەرە بیانییەکان دەدات و باری سەرنجی ئەو بیانیانە لەبارەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگوازێتەوە. هەروەك گوڵان لەوەش کەمتەرخەم نەبووە کە بایەخ پرسی ئافرەت لەکۆمەڵگای کوردستان بدات و ئێش و ئازارەکانی ئافرەتی کورد زەق بکاتەوە، بەشێوەیەك ڕای گشتی لەسەر بڕیاری سیاسی کارا بکات بۆئەوەی ئافرەتانیش بەشداربن لەپرۆسەی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

**گرنگترین خاڵی بەهێزی گوڵان ئەوەیە، کە زۆر بایەخ بە دید و گۆشەنیگای کوردناس و توێژەرە بیانییەکان دەدات**

## ڕۆژنامەنووس میچل ستیڤن بۆ گوڵان:

# جۆرج واشنتۆن کەسێکی بوێر و ئارامگر بوو، لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە ئازادی ڕۆژنامەگەری زۆر لەوە گەورەترە بکرێتە قوربانی هێرش و ڕەخنەی ناڕەوا

**ڕۆژنامەنووس میچیل ستیڤن خاوەنی یەکێك لەو ١٠٠ کارە ڕۆژنامەنووسییە کە لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك باشترین ١٠٠ کاری ڕۆژنامەوانی لە سەدەی بیستەمدا ئەنجامدراون، پرۆفیسۆرە لە بواری ڕۆژنامەگەری و ماس کۆمنیوکەیشن لە زانکۆی نیۆرك، یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی لە نیۆرك تایمز و CNN،NPR کاریکردووە و خاوەنی چەندین کتێبی ڕۆژنامەوانییە کەلەسەر ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جێگەی بایەخ بووە، سەبارەت بە کاریگەری میدیایی ئازاد و تێڕوانینی حکومەت بۆ میدیای ئازاد پەیوەندیمان بە ڕۆژنامەنووس میچێل کرد بەرێزی بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەروو:**



**دەبێت بەرپرسیارێتی بۆ ڕای گشتی بەجێبهێڵرێت، نەک حکومەت بڕیاری ئەوەبدات چی ڕاست و چی هەڵەیە. ئەگەر ڕۆژنامەیەک، یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن هەواڵێک یان زانیارییەکی بێ بنەمای بڵاوکردەوە ئەوا میسداقیەتیان لای خوێنەر، یان گوێگر نامێنێت و نابنە جێی متمانەی هاوڵاتییان**

*** چۆن ڕۆژنامەگەری ئازاد دەبێتە پردی بە یەکگەیشتنی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتییان؟**

- دیموکراسی پشت بە سەروەری خەڵك و بەشداری هاوڵاتییان دەبەستێت لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیاردا، بۆ ئەم بەشداربوونەش هاوڵاتییان پێویستیان بە زانیاری و تێگەیشتن هەیە لە پرۆسەی بڕیارسازییەکە، کە لێرەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان بە ئەرك و کاری خۆیان هەڵدەستن و یارمەتی هاوڵاتییان دەدەن لە تێگەیشتن لەو پرۆسانە و بەدەستهێنانی زانیاری پێویست.

*** ئەوەی بەرێزت ئاماژەت پێکرد، پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت، ئەویش ئەوەیە چۆن ڕۆژنامەنووس ئەو متمانەیە لە نێوان میدیای ئازاد وهاوڵاتییاندا دروستدەکات؟**

- ئەو کاتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی بنیاتنەر و بەرهەمداری خۆیان دەبینن کە هاوڵاتییان ڕازی نەبن بە سنووردارکردن و بەرتەسکردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی گوزارشتکردن لە بیروباوەڕەکانیان، هەروەها حکومەت و بەرپرسانیش هێز و حیکمەتی قبوڵکردنی ڕەخنەیان هەبێت و ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت کە هەرچەندە حکومڕانییەتەکە باشیش بکەن ئەوا دووچاری ڕەخنەگرتن دەبنەوە و دەبێت دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم واقیعەدا نەرم بکەن.

*** کاتێك باس لە ڕاگەیاندنی ئازاد دەکرێت، ڕاستەوخۆ باس لەوەدەکرێت کە ئازادبوونی سەرچاوەی زانیاری خاڵی سەرەکییە لە کاری ڕۆژنامەوانیدا، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەنووسان**




**سەرچاوەی زانیارییەکانیان بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکارنەهێنا، چۆن دەکرێت ڕوبەڕووی بەپرسیارێتی بکرێنەوە؟**

- من پێم وایە دەبێت بەرپرسیارێتی بۆ ڕای گشتی بەجێبهێڵرێت، نەك حکومەت بڕیاری ئەوەبدات چی ڕاست و چی هەڵەیە. ئەگەر ڕۆژنامەیەك، یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن هەواڵێك یان زانیارییەکی بێ بنەمای بڵاوکردەوە ئەوا میسداقیەتیان لای خوێنەر، یان گوێگر نامێنێت و نابنە جێی متمانەی هاوڵاتییان، من باسی ناوڕاندن و تەشهیر ناکەم، ئەمانە مەسەلەیەکن بەرپرسیارێتی یاساییان لێدەکەوێتەوە، بەڵام من باسی ئەوە دەکەم ئەگەر بە ناڕەوا هێرشکرایە سەر حکومەت لە ڕۆژنامەیەکدا ئەوا پێویستە وەڵامدانەوەکە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەڵگەی پێویست بێت و ئەوکاتە ئەو ڕۆژنامەیە میسداقیەتی لای خەڵك نامێنێت، نەك بە بەرتەسکردنەوەی ئازادی ڕەخنەگرتن.

*** میدیاش، وەك هەر دامەزراوەیەکی دیموکراتی لە دەسپێکدا لە قۆناخی بونیاندایە، پرسیار ئەوەیە تا دامەزراوەی میدیا کامڵ دەبێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە دەکرێت؟**

- ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ڕاستە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا ڕاگەیاندن بە قۆناغێکی پڕ لە پشێویدا تێدەپەڕێت، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا لە دەیەی یەکەمی ڕاگەیاندنی ئازاددا ئەو پشێوییە لە ئارادابوو، بە چەشنێك یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج واشنتۆن ڕووبەڕووی ڕەخنە و هێرشی توند دەبووەوە، بەڵام تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەش پێویستی بە هێز و ئارامگرتنی سەرکردەکان هەیە، بۆ نموونە جۆرج واشنتۆن کەسێکی بوێر و ئارامگر بوو، لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە ئازادی ڕۆژنامەگەری زۆر لەوە گەورەترە بکرێتە قوربانی هێرش و ڕەخنەی ناڕەوا.

*** بە تیڕوانینی تۆ چۆن دەکرێت ڕاگەیاندن بگۆڕدرێت بۆ پرۆژەیەکی بازرگانی لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا؟**

- من پێم وایە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکانیشدا دەکرێت ڕاگەیاندن ببێتە پرۆژەیەك و بتوانرێت قازانجی لێبکرێت، لەبەر ئەوەی پەرۆشیەکی زۆر هەیە بۆ فێربوون و بەدەستهێنانی زانیاری، بۆ نموونە لە عێراقدا کە ئەوەندەی من ئاگاداربم ئاستێکی بەرزی خوێندن و پەروەردەیان هەیە، لەگەڵ هەڵکشانی ڕەوتی گەشەکردندا خواست و پەرۆشی خەڵکیش بۆ زانیاری و فێربوون بەرزدەبێتەوە.

*** لە پیشەی ڕۆژنامەگەریدا کار بە میساقی شەرەف دەکرێت، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێدا کار ڕۆژنامەگەری لە چوارچێوەی یاساکاندا ڕێکدەخرێت، جیاوازی نێوان ئەم دوو حاڵەتە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، لە زۆر وڵاتدا، بۆ نموونە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەندێ یاسا هەن لە دژی هێرشکردنی شەخسین بۆ سەر هاوڵاتیانی ئاسایی، نەك بەرپرسانی حکومی و ڕەنگە لە دەرئەنجامدا دادگاییکردنی لێبکەوێتەوە، مەبەستم ئەو هێرشانەیە کە تەشهیر و ناوزڕاندنی لێدەکەوێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە هەندێ وڵاتی دیکەدا یاساکانی بۆ پاراستنی بەرپرسەکان بەکاردەهێنرێت. هەرچۆنێك بێت، پێم وایە لەگەڵ ڕەوتی گەشەکردن و بەرەوپێشچووندا ئەخلاقیاتی پیشەکەش بەرەوپێش دەچێت.

*** چ کاتێك ڕاگەیاندن دەبێتەدەسەڵاتی چوارەم و چاودێری دەسەڵاتەکانی دیکە (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری) دەکات؟**

- دەبێت هەمیشە ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە دەبێت خەڵکی چاودێری حکومەت بکەن و تەنها ئەرکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەوەیە زانیاریی پێویستیان بۆ بەدەستبهێنن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش هەندێ جار ئەم کارە بە باشی و هەندێ جار بە خراپی ئەم کارە دەکەن، لە هەندێ کاتدا بە شێوەیەکی ڕەوا و لە هەندێ کاتی دیکەدا بە شێوەیەکی ناڕەوا ئەم ئەرکەیان ئەدا ئەکەن، واتە ئەمە سیستمێکی بێ کەم و کوڕی نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە یاساگەلێکی ڕوون هەبێت لە بواری ئازادی زانیارید.

*** ڕات چییە لەسەر ڕەوشی ڕاگەیاندن لە عێراقدا؟**

من لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی کارکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن نیم لە عێراقدا، بەڵام تەنها ئەوەندە دەڵێم ئێمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیوای ئەوە دەخوازین کە لە عێراقدا ڕاگەیاندنی ئازاد و کراوە بێتەئاراوە و ڕاگەیاندنیش لەو وڵاتەدا شان بە شانی بوارەکانی دیکە گەشەبکات. من ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، ئێوە بە هەل و مەرجێکی زۆر دژواردا تێدەپەڕن و ئەو کارەی ئێوە دەیکەن تا دوا ڕادە گرنگە.

●●●

**لە زۆر وڵاتدا، بۆ نموونە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەندێ یاسا هەن لە دژی هێرشکردنی شەخسین بۆ سەر هاوڵاتیانی ئاسایی، نەک بەرپرسانی حکومی و ڕەنگە لە دەرئەنجامدا دادگاییکردنی لێبکەوێتەوە، مەبەستم ئەو هێرشانەیە کە تەشهیر و ناوزڕاندنی لێدەکەوێتەوە**

●●●

## ڕۆژنامەنووس جۆزێف چامپ بۆ گوڵان:

# ئەگەر ڕۆژنامەگەری ئازاد بۆ مەرامی سیاسیی گەندەڵی بەکاربهێنرێت لە میساقی شەرەفی ڕۆژنامەوانی لایداوە



**ڕۆژنامەنووس جۆزێف چامپ ئوستادی دیراساتی ڕۆژنامەوانی و ماس کۆمینیوکەیشنە لە زانکۆی کۆلۆرادۆ، یەکێکە لەو ئەکادیمیانەی بەردەوام نووسینی لە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا بڵاودەبێتەوە، سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا لە بنبر کردنی گەندەڵی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی میدیا لەمبوارەدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا چییە؟**

لە ڕاستیدا ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەوەیە ببنە چاوی چاودێر بەسەر حکومەتەوە، واتە ببنە هۆکار و دەسەڵاتێکی دیکە بۆ ئەوەی حکومەت ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییەکانی خۆی بکرێتەوە.

*** هەلومەرجانە چین کە دەبێت دابین بکرێن بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن بە ئازادی کاری تێدابکات؟**

- دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەی کۆبوونەوەکان بن و مافی پرسیارکردنیان هەبێت، هەروەها دەبێت مافی ئەوەیان هەبێت پێداچونەوە بە تۆمارە حکومییەکاندا بکەن بۆ ئاشکراکردنی هەر حاڵەتێکی کەڵك وەرگرتنی خراپ لە ماڵ و دارایی حکومەت و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی تایبەت، بە هەمان شێوە دەبێت چاودێری ئەوەبکەن ئایا بەرپرسان پەیڕەوی یاسا و ڕێساکان دەکەن و پێیانەوە پابەند دەبن، یاخود لە کاتی مۆرکردنی گرێبەستەکاندا بەرپرسەکان لە کاری نایاسایی و بەرتیل وەرگرتنەوە تێوەگلاون یان نا، ئایا مەحسوبیەت و مەنسوبیەت ڕەچاوکراوە و کارەکان دراون بە خزم و کەسوکاری بەرپرسەکە.

*** ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەنووسان ئەو زانیارییانەیان بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکارنەهێنا، چۆن دەکرێت ڕوبەڕووی بەپرسیارێتی بکرێنەوە؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ڕۆژنامەنوسان لە ڕێی گەڕانەوە بۆ تۆمارە حکومییەکان و تۆماری دادگاکان و ئامادەبوون لە کۆبونەوەکاندا زانیاری بەدەست دەهێنن، ئێمە لە میساقی شەرەفی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنوسی خۆماندا باس لەوە دەکەین کە نەك تەنها دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێت چاودێری حکومەت بکەن، بەڵکو دەبێت چاودێری یەکتریش بکەن، من باوەڕم بەوە هەیە دەبێت ڕۆژنامەکانیش چاودێری یەکتر بکەن و ڕەخنەگربن لە یەکتر.

*** لەگەڵ بڵاوبوونەوەی حاڵەتی فەزیحەیەکدا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕای گشتی لێ ئاگاداردەکەنەوە و داوایان لێدەکەن لە گەندەڵی دووربکەونەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن هاوڵاتییان و ڕای گشتی دەتوانن پشتگیری لە حوکمدان بەسەر ئەم حاڵەتەدا بکەن؟**

- زۆرجار دەزگاکانی ڕاگەیاندن تا ڕاددەیەکی دیاری کراو ڕۆڵێکی سنوردار دەبینن، بەڵام لە حاڵەتێکی وەك ئەوەی حاکمی ویلایەتی ئیلینۆیدا بەدیمان کرد، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی زۆریان لەو حاڵەتەدا کرد، لە هەمان کاتدا دادگاکانیش لێکۆڵینەوەیەکی زۆریان کرد، ڕۆژنامەنوسان ناتوانن ئەو خەڵکانە بخەنە زیندانەوە، یاخود حوکمیان بەسەردا بدەن، ئەوە کاری دادگاکانە بەڵام دەتوانن یارمەتیدەر بن لە ئاشکراکردنی گەندەڵییەکاندا.

*** بەڵام زۆرجار کە باس لە گەندەڵی دەکرێت وەڵامەکە ئەوەیە ئەم ڕەخنانە مەرامی سیاسیان لە پشتە، ئایا لەم حاڵەتەدا تا چەند دەزگاکانی ڕاگەیاندن مافی هاوڵاتییان پێشێل دەکەن؟**

- ئێمە لە میساقی شەرەفی خۆماندا باسمان لە خۆلادان لە ناکۆکبوونی بەرژەوەندیەکان کردووە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ڕۆژنامەنوس سەربەخۆ بێت، بەرپرسیاریانە ڕەفتار بکات و کار و ئەرکەکانی بێلایەنانە ئەنجام بدات.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش لە قۆناغی تازەگەشەکردندان، دەبێت هەلو مەرجەکە بە چ شێوەیەك بێت بۆ ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ببنە دەزگاگەلێکی کارا و سەربەخۆ؟**

- ڕەنگە بە دروستکردنی کەشی ململانێ بتوانین ئەم ئامانجە بەدەستبهێنین، واتە چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنمان هەبێت و ململانێ بکەن لە سەر بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان. من دووپاتی دەکەمەوە دەبێت ڕۆژنامەنووسان بە سەربەخۆی و بێلایەنییەوە کاربکەن.

*** پێداویستییەکانی دروستبوونی دەزگای ڕاگەیاندنی ئازاد چین؟ ئایا هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەبێتە دەزگاکەیەکی سەربەخۆ؟**

- من پێم وایە لە سەردەم و ڕۆژگاری ئەنتەرنێتدا تەنانەت هاوڵاتیانیش دەرفەتی ئەوەیان بۆ دروست بووە ببنە ڕۆژنامەنووس. من لەو باوەڕەدام ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕاستگۆیانەتر کاربکات ئەگەر ژمارەیەکی زیاتر بەشدارییان کرد و ڕۆڵی چاودێریان بینی بەسەر خودی دەزگاکانی ڕاگەیاندن خۆیانەوە.

*** لە حاڵەتی نەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاددا، ئایندەی دیموکراسی و سیستمی دادوەری چی دەبن؟**

- من هیوادارم دەسەڵاتداران لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت کە ڕەخساندنی ئازادی بۆ ڕاگەیاندن زەمینە بۆ ئازادییەکانی دیکەش سازدەکات و ئومێدەوارم بتوانین قەناعەت بە دەسەڵاتداران بکەین بۆ ئەوەی بەمشێوەیە کاربکەن. من پێم وایە ڕۆژنامەنووسان کارێکی بوێرانە دەکەن لە کارکردنیان بۆ فراوانکردنی مەودای ئازادی لە تێکڕای بوارەکاندا.

*** دوا وتەت چییە؟**

من تەمەننای ئەوە دەکەم ڕاگەیاندن لە عێراقدا ئازاد بێت و ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بتوانێت ڕۆڵی چاودێر ببینێت بەسەر گەندەڵییەکانی حکومەتەوە و دیموکراسی لەو وڵاتەدا گەشەبکات.